# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٣٨)- (١١)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٤

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

**هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا**

## چارەسەری پرسی کورد لە باکوور بە ناو پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیادا تێدەپەڕێت، بۆیە پێویستە کورد و تورک بە یەك ئیرادە هەوڵ بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بدەن



**کێشەی کورد لە باکوور بە خەباتی چەکداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازی چارەسەر ناکرێت، بۆیە لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانە دەکەن**

**چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە هەیە و لە چەکدانانی پەکەکە گەورەترە و هەرێمی کوردستانیش چەقی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەیە**

**لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، یەکەمجارە گوێبیستی ئەوە دەبین پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەت بێت لە "یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە، یەك ئاڵا"وە بۆ دداننان بە بوونی نەتەوەکانی دیکەدا**




# سەردانی ئەردۆگان بۆ هەولێر
# لە ڕۆژی ٢٩ ئازاری ٢٠١١

١٣٦

بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی فڕۆکەخانەی هەولێر کە لەلایەن کۆمپانیایەکی تورکییەوە دروست کرابوو، ڕۆژی ٢٩ی ئازاری ٢٠١١ ئەردۆگان سەردانی هەولێری کرد و پێکەوە بەشداریمان لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کرد.
دواتر ئەردۆگان دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی: (زۆر خۆشحاڵم بە سەردانەکە، لە ماوەیەکی کەمدا ڕێگەیەکی دوورودرێژمان لە پەیوەندییەکانماندا بڕی. هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ و گەورە و سەرەکی دەبینێت و پردێکە بۆ تورکیا. هەروەها تورکیا پردێکە بۆ هەرێمی کوردستان. ئێمە گەیشتووینەتە ئاست و قۆناغێک کە پڕۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ بکرێن و لە بەرژەوەندیی هەردوو نەتەوەدایە. خۆشحاڵین دەبینین کە لە بواری ئابووری و بازرگانیدا دەرفەتێکی باش و گونجاو هەیە لە پێناو هاوکاریی نێوان هەردوولادا و فڕۆکەخانەی هەولێر جێی شانازیمانە. لە ڕۆژی ٣١ی ئازارەوە هەموو ڕێگری و مەرجەکانی سەر جووڵەی بازرگانی لا دەدرێن و لە ڕووی نەوت و غازەوە هاوکارییەکی تەواو دەکەین. هیواداریین پەرلەمانی بەغدا بە زووترین کات یاسای نەوت و غاز پەسەند بکات و هەموو جۆرە هاوکارییەک دەکەین لەم بارەیەوە. ئێمە ئامادەین لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکەین و زۆر نیگەرانین بۆ بارودۆخی جیهانی ئیسلامی و ئەو ڕووداوانەی لەم کاتەدا ڕوو دەدەن و پێویستە بابەتەکان چارەسەر بکرێن).
ئەردۆگان لە درێژەی قسەکانیدا باسی پەکەکە و هەدەپەی کرد و گوتی: (بەر لە دوو ساڵ ئەحمەد تورک و سەڵاحەددین دەمیرتاش سەردانیان کردم و منیش وەک دەستپێشخەرییەک ڕاوێژکاری میتم ناردە دورگەی ئیمراڵی، بەڵام بەداخەوە هەدەپە لە جیاتی ئەوەی هاوکاریی ئێمە بکەن، هاوکاریی (مەهەپە) و (جەهەپە)یان کرد. ئەگەر پەکەکە دەست بە هێرش و چالاکییەکانی بکاتەوە، ناتوانم ڕێگە لە سوپا بگرم و هیوادارم ئامۆژگارییان بکەن، بۆ ئەوەی ناچار نەکرێین لەڕووی سەربازییەوە وەڵامی توند بدەینەوە. خۆشحاڵم کە نزیکبوونەوەیەکی باش هەیە لە نێوان ئێوە و تورکمانەکان، زۆرم پێ خۆشە کە دەڵێیت پێویستە کەرکووک ببێتە شاری نموونەی پێکەوەژیان.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار رەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا

# چارەسەری پرسی کورد لە باکوور بە ناو پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیادا تێدەپەڕێت، بۆیە پێویستە کورد و تورک بە یەک ئیرادە هەوڵ بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بدەن

کێشەی کورد لە باکوور بە خەباتی چەکداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازی چارەسەر ناکرێت، بۆیە لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانە دەکەن

لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، یەکەمجارە گوێبیستی ئەوە دەبین پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەت بێت لە "یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک ئاڵا"وە بۆ دداننان بە بوونی نەتەوەکانی دیکەدا

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە هەیە و لە چەکدانانی پەکەکە گەورەترە و هەرێمی کوردستانیش چەقی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەیە



### دەست پێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا

# چارەسەرکردنی کێشەیەکی دێرین بە میکانیزمی ئاشتییانە و بیرکردنەوەی سەردەمیانە

لە کۆبوونەوەی ئامادەکاریی بۆ گفتوگۆی ئەمجارە بڕیارماندا «هەمواركردنەوەی دەستوور و دەست پێ کردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، تایتڵی بیست و دووەمی گفتوگۆی بازنەی گفتوگۆ بێت، لەبەر ئەوەی لەناو ئەم تایتڵەدا ئەو وەرچەرخانە گەورەیە دەخوێنینەوە کە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەژادپەرستی تورکیا و هەروەها پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمرالییەوە خۆیان حەشارداوە و، ئەگەر زۆر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر نەکرێت و، هێمنانە بەناو قووڵایی و پاشخانی مێژووی ئەو کێشە دێرینە چارەسەرنەکراوە شۆڕنەبینەوە، لەوانەیە قەوارەی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیە وەك خۆی نەبینین، هەر بۆیە من نایەمە ناو وردەکاری پرۆسەکە و ئەو خاڵانە ئاماژە پێ دەکەم کە وێنە گەورەکەی ئەم وەرچەرخانە پیشانی دەدەن:

- لەماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوو و، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە، ئەوە یەکەمجارە گوێبیستی ئەوە دەبین لەناو ئەم دەوڵەتە پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستوور بۆ گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەتێك بێت لە «یەك دەوڵەت، یەك نەتەوە، یەك ئاڵا» بۆ دداننان بەبوونی نەتەوەکانی دیکەدا کە یەکێکیان نەتەوەی کوردە.
- بۆ یەکەمین جارە لەماوەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا، گوێبیستی ئەوە دەبین سەرکردەی پارتێکی نەژادپەرستی تورك لە میدیاکانەوە بڵێت «ئەوەی نکۆڵی لەبوونی کورد بکات تورك نییە و ئەوەی نکۆڵی لە بوونی تورك بکات کورد نییە».
- ماوەی ٤٠ ساڵ زیاترە هەر لەدەستپێکی خەباتی چەکداری لە تورکیا یەکەمجارە بەو ڕاشکاوییە گوێمان لە پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەبێت کە دەڵێت «ئەگەر دەرفەت هەبێت کۆتایی بەشەڕ دەهێنین و دەست بە پرۆسەی ئاشتی دەکەین بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور».

لەم ڕاپۆرتەی ئەمجارەدا کە پوختەی ڕاپۆرتی مەیدانی و گفتوگۆکانی بازنەی گفتۆگۆیە و، نزیکەی ٢٠ بیروبۆچوونی جیاوازی لەخۆی گرتووە و ئێستا لەسەر لاپەرەکانی گۆڤاری گوڵان لەبەردەستدایە و، زۆر جەخت لەسەر وردەکارییەکانی ئەم پرۆسەیە و ڕەهەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کراوەتەوە کە بوونە هۆکار بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە دەست پێ بکاتەوە، ئەوەیان بەجێدەهێڵم بۆ هەڵسەنگاندنی تایبەتی خوێنەرانی ڕاپۆرتەکە، بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەو پەیامانەی وێنە گەورەکەی مێژووی دامەزراندنی کۆماری تورکیا پێمان دەڵێن:

- کۆماری تورکیا وەك میراتگری دەوڵەتی عوسمانی کە لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورك ستراتیژیەتەکەی بۆ داڕێژراوە ئەوەیە کە «ئاشتی و سەقامگیری ناو تورکیا» لە ئاشتی و سەقامگیری جیهان گرنگترە، ئەوجا ئاشتی و سەقامگیری تورکیا پێویستی بەوەیە تورکیا «یەك دەوڵەت، یەك میللەت، یەك ئاڵا» بێت، ئەوا دەبێت لە پێناوی پاراستنی تورکیا هەر کارێك بکرێت و شەرعیە و نابێت سڵی لێ بکرێتەوە، دەست پێ کردنەوەی پرۆسەی ئاشتی ئەمجارە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، پێمان دەڵێت «تورکیا بیەوێت یان نەیەوێت ئەو ستراتیژییەتە بۆ پاراستنی دەوڵەت کۆتایی هات و دەبێت بیر لە ستراتیژییەتێکی



د.سالار عوسمان
بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و
راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

دیکە بکرێتەوە»، کە ئەویش گۆڕینی ناسنامەی دەوڵەتی تورکیا لە دەوڵەتێکی تاك نەتەوەوە بۆ دەوڵەتێکی فرەنەتەوە.

● لە مێژووی پڕۆسەی سیاسیی کۆماری تورکیادا هەر لە دروستبوونییەوە هەتا ئێستا، قەدەغە بووە کە پارتێکی سیاسیی بەناوی پارتی کوردی یان کوردستانی لەناو تورکیا بوونی هەبێت و بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەتی بدرێت و کار و چالاکی سیاسیی خۆی ئەنجامبدات، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو و لەبەردەم ئەندامانی پارتەکەی خۆیدا، دەوڵەت باخچەلی جارێکی دیکە پەیامی بۆ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ناردەوە و داوای لێ کرد با بێتە ناو پەرلەمانی تورکیا و خواستەکانی بخاتە بەردەمی «دەم پارتی»، ئەمەش وەك ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ ددانپێدانان بەوەی «دەم پارتی» نوێنەرایەتی کوردی باکوور لەناو پەرلەمانی تورکیا دەکات.

● بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی کۆماری تورکیادا، دەسەڵاتدارانی تورك گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی گێڕانەوەی «ئاشتی و سەقامگیری» بۆ ناوخۆی تورکیا پێویستی بە بەشداری ڕاستەقینەی کوردە و لە ئاکامی هەمواركردنەوەی دەستووری تورکیا دێتە دی و ئەردۆگان مەبەستێتی بە دەنگی دوو لەسەر سێ پەرلەمانتاران کە دەکاتە« ٤٠٠ پەرلەمانتار» دەستورەکە لەناو پەرلەمان هەموار بکرێتەوە کە ئەمەش بەبێ دەنگی ٥٧ پەرلەمانتارەکەی «دەم پارتی» دروست نابێت.

هاتنە ئارای ئەم وەرچەرخانانە گرنگن، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە کوردی باکوور چۆن وەبەرهێنانی تێدا دەکەن بۆ بەرەو پێشەوەبردن و سەرخستنی پڕۆسەی ئاشتی کە سەرۆك بارزانی هەر لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وە لەگەڵ حکوومەتەکانی تورگوت ئۆزال و دوای ئەویش لەگەڵ حکوومەتەکانی تانسو چیللەر و مەسعود یەڵماز تا دەگاتە حکوومەتەکەی ئاکپارتی لە ٢٠٠٢ وە، تائێستا لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە قەناعەتێك لەلای دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیا دروست بکات بەبێ چارەسەری ئاشتییانە کێشەی کورد بە باکوور چارەسەر نابێت.

لە ساڵی ٢٠١٢ کە بۆ یەکەمینجار پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا دەستی پێ کرد، ڕۆڵی کاریگەری سەرۆك بارزانیمان لە بەرەو پێشبردنی پڕۆسەکە بینیمان لە ئامەد چۆن پێشوازیی لێ کرا، ئەو پڕۆسەیە هەنگاوی دیکەش دەچووە پێشەوە ئەگەر بەدەستی دەرەکی پەکەکە شەڕی دەست پێ نەکردایەوە.

خاڵی گەشبین لە دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کوردی باکوور لەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە سەڵاحەدین دەمیرتاش وەك هاوسەرۆکی «دەم پارتی» لە زیندانەوە پێشوازی لە پڕۆسەی ئاشتی دەکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە ڕای گشتی کوردی باکوور لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەیە و ئەگەر لەبەرانبەردا حکوومەتی تورکیا کە لە هاوپەیمانی « ئاك پارتی و مەهەپە« بۆ ململانێ لەگەڵ جەهەپە دەستبەرداری هەندێك لەو سیاسەتە دژانەیان بن کە ئێستا پیادەی دەکەن و بەبیانووی جیاواز سەرۆك شارەوانییە کوردەکان لادەبەن و « قەیوم» لە جێگەیان دادەنێن، ئەوا ئومێد هەیە پڕۆسەی ئاشتی ئەمجارە لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە کاتێکی زۆریش بخایەنێت، بەڵام بەرهەمێکی ئەرێنی لێ بکەوێتەوە.

بیست و دووەمین بازنەی گفتوگۆ

# هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا



ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و تایبەت بە مژارە گەرمەکانی ڕۆژ، بازنەی گفتوگۆ بیست و دووەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ «شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد» ئامادە بوون، چەندین پرسی گرینگ تایبەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمان و ئومێدی خەڵك لەسەر پێکهێنانی کابینەی دەیەم و، گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەنگۆی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا بە وردی تاوتوێ کران، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئەو پرسانەی گفتوگۆیان لەسەر کرا، هەموویان جێگەی بایەخی کۆبوونەوەکە بوون، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیار درا بیست و دووەمین بازنەی گفتوگۆ تایبەت بکرێت بە «هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیادا سەرۆکی پارتێکی نەژادپەرستی وەك مەهەپە بە ئاشکرا بڵێت: «ئەگەر کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر نەکرێت، ئایندەی تورکیا دەکەوێتە مەترسییەوە»، لەمەش زیاتر بڵێت: «هەر تورکێك نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، تورك نییە» و ئەم پەیامەش لە ناو ڕای گشتیی تورك و ڕای گشتیی نەژادپەرستەکانی تورکدا لە ناو تورکیا پەسەند بکرێت.
- بۆ یەکەمین جارە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا سەرۆکی پەکەکە بە ئاشکرا بڵێت: «ئەگەر دەرفەت هەبێت لە ماوەی تەنیا دوو هەفتەدا شەڕ کۆتایی دێت و دەست بە پرۆسەی ئاشتییانەی چارەسەری کێشەی کورد دەکەین»، ئەم پەیامەش نەك هەر لەسەر ئاستی ڕای گشتیی کوردی باکوور و حزب و ڕێکخراو و سەندیکا کوردییەکانی باکوور پێشوازیی لێ دەکرێت، بەڵکو لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستان پێشوازیی لێ دەکرێت و وەك دەرفەتێکی زێڕین لە قەڵەم دەدرێت.
- بۆ یەکەمین جارە حکومەتێك لە تورکیادا بوێریی ئەوەی هەبێت، بە ئاشکرا داوای هەموارکردنەوەی دەستوورەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا بکات و، هەوڵ بدات ناسنامەی تورکیا لە «یەك دەوڵەت، یەك میللەت، یەك زمان، یەك ئاڵا» بگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و دیموکراتی.

بۆ ئامادەکاری بۆ گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە، کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە بکرێت، کە تیایدا جیا لە وەرگرتنی بیروبۆچوونی دەستەبژێری تەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ڕاوبۆچوونی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش وەربگرێت.

بۆ بەشداربوونیش لە گفتوگۆکەدا، بڕیار درا، ئەو دەستەبژێرە سیاسی و ئەکادیمییانە بانگهێشت بکرێن کە خاوەنی ئەزموونی پراکتیکن لە پرۆسەی ئاشتی لە باکوور و، هەروەها ئەو ئەو دەستەبژێرە ئەکادیمییەی کە تایبەتمەند و پسپۆڕن لە پرسی سیاسەتی تورکیا و کێشەی کورد لە باکووری کوردستان، کە ئەم بەڕێزانە بوون:

| | |
|---|---|
| ١. ڕۆژهات ئامەدی | سیاسەتمەدار و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان –باکوور. |
| ٢. د.حەسەن ئەحمەد | چاودێری سیاسی و پسپۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا. |
| ٣. نیزامەدین تاش | سیاسەتمەداری باکووری کوردستان. |
| ٤. خەلیل ئاتاچ | سیاسەتمەداری باکووری کوردستان. |
| ٥. مستەفا شەفیق | چاودێری سیاسی و شارەزا لە کاروباری تورکیا. |
| ٦. مەزڵووم سەیدا موسلیم | سیاسەتمەداری باکووری کوردستان. |
| ٧. مەحموود ڕەش | سیاسەتمەداری باکووری کوردستان. |

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

«شڤان حەمدی، پ.د.نەزاکەت حوسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».

ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا



«بازنەی گفتوگۆ» پێش ئەنجامدانی هەر ئەڵقەیەکی گفتوگۆ، ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە دەکات و تیایدا ڕاوبۆچوونی ژمارەیەك دەستەبژیری ئەکادیمی و سیاسی و پسپۆڕ لەسەر ئەو پرسە وەردەگرێت، کە دواتر بە ڕاشکاوانە و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك دەستەبژێری تایبەتمەند گفتوگۆی لەسەر دەکەن، بۆ گفتوگۆی ئەمجارەش « هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لەسەر گرنگی ئەم مژارە ئەنجامدراوە کە تیایدا جیا لەوەرگرتنی ڕابۆچوونی دەستەبژێر و ئەکادیمیست و چاودێرانی سیاسیی لە تەواوی پارێزگاکانی کوردستان، ڕاوبۆچوونی ژمارەیەك چاودێر و سیاسەتمەداری باکووری کوردستانیش وەرگیراوە.

ڕاپۆرتەکە پێش ئەنجامدانی گفتوگۆکە لەسەر سکرین بۆ ئامادەبووانی گفتوگۆکە نمایش کرا، بۆ ئەوەی وەك ڕایەڵەیەك ڕاوبۆچوونی هاووڵاتیانی کوردستان بە ژینگەی گفتوگۆکە گرێ بدەینەوە، لەم ڕاپۆرتەشدا بەمجۆرە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر گرینگیی «پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا» بۆ هەموو کوردستان دەربڕی.



سلێمان محەمەد کەلەش چاودێری سیاسی لە باکووری کوردستان:

# دەبێت دەم پارتی وەک نوێنەری کورد لە باکوور ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی ئاشتیدا بگێڕێت و بەرەو پێشەوەی ببات

○○○



کێشەی کورد لە باکوور دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کۆماری تورکیا لە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بە درێژایی ئەم ١٠٠ ساڵەش هەوڵ دراوە نکۆڵی لە ناسنامەی کوردبوونی هاووڵاتیانی باکووری کوردستان بکرێت، لە بەرانبەردا کوردانی باکوور کاردانەوەیان هەبووە و دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کردووە و، وەك دەبینین ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە نێوان کورد و سوپای تورکیا شەڕی سەربازی هەیە.

لە ناو ئەم کێشەدا، دوو ئاستەنگی سەرەکی هەن، کە ڕێگرن لە چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە. یەکەمیان دەوڵەتی تورکیا ستراتیژیەتێکی هەڵەی بەرانبەر چارەسەری کێشەی کورد گرتووەتەبەر و نەیویستووە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت. ڕێگری دووەمیان ئەوەیە «پەکەکە» ستراتیژیەتێکی هەڵە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پیادە دەکات و دەرفەت نادات، ئەم کێشەیە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. هەر بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٢ دەرفەتێك هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی بە ڕێگە چارەی ئاشتییانە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، بەڵام پەکەکە ئاگربەستی شکاند و شەڕ دەستی پێکردەوە و پرۆسەی ئاشتی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

دەستپێکردنەوەی ئەمجارەی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، جیا لە فاکتەری ناوخۆیی کە پێویستی بە دەستپێکردنەوەی ئەو پرۆسەیە هەیە، لە هەمان کاتدا فاکتەری دەرەکیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی گەورەی هەیە. وەك دەبینین ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕێکی کراوەی گەورە هەیە و شەڕەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبێت و، نازانرێت بە چ ئاکامێك کۆتایی دێت و چ گۆڕانکارییەکی گەورە بە دوای خۆیدا دەهێنێت. بۆیە لەناو ئەم هاوکێشەیەدا تورکیا هەست بە مەترسی دەکات و، بۆ ئەوەی ئەو مەترسییە جڵەوگیر بکات، تورکیا دەیەوێت عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە بێتە ناو پەرلەمانی تورکیا و لەوێ گوتارێك بدات، بۆ کۆتاییهاتنی شەڕ و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، بەڵام هەتا ئێستا ئەمە ڕووی نەداوە و نازانرێت پەیامەکەی ئۆجەلان چی تێدا دەبێت.

لایەنێکی دیکە کە وێنە گەورەکەی ئەو مەترسییە دەردەخات کە تورکیا لێی دەترسێت، ئاخاوتنەکانی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەژادپەرستی تورکیایە، کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی دەوڵەتی تورکیا ئامادەیە نکۆڵی لە بوونی کورد لە تورکیا نەکات و خۆی داوا لە ئۆجەلان دەکات

بێتە پەرلەمانی تورکیا و لەوێ ئاگربەست ڕابگەیەنێت، ئەمەش بۆیە دەکەن، بۆ ئەوەی هەر گۆڕانکارییەك لە ناوچەکەد بێتە ئاراوە، تورکیا وەك دەوڵەت خۆی وا پیشان بدات کە کێشەی کوردی بە هاوکاریی کورد و ئۆجەلان چارەسەر کردووە و دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییانە لە خۆی دوور بخاتەوە.

تورکیا وەك دەوڵەت میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە و ئەزموونێکی گەورەی لە دەوڵەتداری و ئاکامی شەڕە جیهانییەکان هەیە، بۆیە زۆر باش دەزانێت لە ئاکامی هەموو شەڕێکی گەورە سنوورە کۆنەکان وەك خۆیان نامێننەوە و سنووری تازە دەکێشرێنەوە، باشترین نموونەش لە ماوی ڕابردوو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە قسەکانیدا بە ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە کرد، لە نەخشەی تازەی دوای ئەم شەڕە نەخشەی جیۆپۆلیتیکیی تازە لە دایك دەبێت. هەروەها ئەو شەڕەی ئێستا «ڕووسیا و ئۆکرانیا» کە لەسەر خاکی ئەورووپا بەڕێوە دەچێت، لەوێش گۆڕانکاری لە نەخشە کۆنەکە دروست دەبێت و نەخشەی تازە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەم شەڕە بەرفراوانەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەلی کوردیش وەك کاراکتەرێك کە خاوەنی دۆزێکی چارەسەرنەکراوە، بوونی هەیە و خاوەنی ئیرادە و هێزی خۆیەتی، بۆیە ئەگەر ئەم شەڕە گۆڕانکاریی گەورە بەدوای خۆیدا بێنێت، ئەوا کوردیش مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە دەکات و هەوڵ دەدات بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوودی لێوەربگرێت.

لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بووە و تورکیا وەك دەوڵەتێکی گەورە و بەهێز لێی دەترسێت و دەیەوێت بەرنامە و پلانی بۆ دابنێت و مەترسییەکان لەخۆی دوور بخاتەوە، بەڵام وەك دەبینین «پەکەکە» هیچ بەرنامە و پلانێکی دیار نییە، ئەسڵەن نازانێت چی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت. هەوڵی نەداوە بەرنامەیەکی هەبێت بۆ ئەوەی تێبگات دەوڵەتی تورکیا چی دەوێت. بۆیە لە ئێستادا تورکیا داوای لە ئۆجەلان کردووە، بێتە پەرلەمان و لەوێ پەیامی خۆی بۆ کۆتاییهاتنی شەڕ و پرۆسەی ئاشتی ڕابگەیەنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئەم پەیامە ڕانەگەیەنراوە، نازانین پەکەکەش چۆن مامەڵە لەگەڵ پەیامەکەی ئۆجەلان دەکات، ئایا پێوەی پابەند دەبێت و بەبێ هیچ مەرجێك چەك دادەنێت؟ یان وەك جارانی پێشوو درێژە بە شەڕ دەدات و پرۆسەی ئاشتییەکە لەبار دەبات؟

لە بەرانبەردا ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین تورکیا وەك دەوڵەت بە چەندین میکانیزم دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە بکات، لەبەر ئەوەی باش دەزانێت کە پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی تورکیا نەخۆشە و دەیەوێت دەرمانێك بۆ ئەو نەخۆشییە پەیدا بکات. هەر بۆ نموونە ڕێگەی داوە سەردانی زیندانی ئیمراڵی بکرێت بۆ ئەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەیامی خۆی ڕابگەیەنێت. باخچەلی سەردانی فراکسیۆنی دەم پارتی لەناو پەرلەمانی تورکیا کردووە، هەروەها هەوڵ دەدەن جەهەپەش لەم پرۆسەیە ڕۆڵێکی هەبێت، لەبەر ئەوەی دەم پارتی هاوپەیمانی جەهەپەیە، بەڵام ئێمە وەك کورد لەم پرۆسەیە چۆن مامەڵەمان کردووە؟ بێگومان نەمانتوانیوە وەك پێویست خۆمان بۆ ئەم پرۆسە گرنگە یەك بخەین، ئەمە لە کاتیکدا کارتی دەستی ئێمە وەك کورد لە باکوور کارتێکی بەهێزە، بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی ڕابردووی شارەوانییەکانی تورکیا دەنگەکانی ئاك پارتی چەند کەمی کرد، هۆکاری سەرەکیی کەمکردنی دەنگەکانی ئاك پارتی ئەوە بوو کە کورد دەنگی بە ئاك پارتی نەدا، ئەم کارتەی دەستی کورد چارەنووسی ئەردۆغانی خستووەتە دووڕێیانێکەوە، ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکات، ئەوا جارێکی دیکە ناتوانێت ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار و حوکمڕانیی تورکیا لەدەست دەدات. بۆیە ئێمەی کورد دەبێت بزانێن ئەو دەرفەتەی ئێستا لە تورکیا هاتووەتە پێشەوە، هەرگیز کورد کارتی بەهێزی وەك ئەمجارە بە دەستەوە نەبووە، بۆیە دەبێت ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین.

ئەو ژینگە سیاسییەی ئێستا لە تورکیا هاتووەتە ئاراوە، چارەنووسی ئازادبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و مانەوەی ڕەجەب ئەردۆغانی لەسەر کۆماری تورکیا پێکەوە گرێ داوەتەوە، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك عەبدوڵڵا ئۆجەلان دێتە

پەرلەمان پەیامی خۆی دەدات، دەم پارتی پشتگیری بکات و بڵێت: «پەیامەکەی ئۆجەلان پەیامی هەموو کوردە» و ئێمە پشتگیری لەو پەیامەی ئۆجەلان و پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکەین، کە ئاك پارتی پێی هەستاوە، بەمەش دەنگی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئاك پارتی، ئۆجەلان ئازاد دەکرێت و ئەردۆغانیش مانەوەی خۆی وەك سەرۆك کۆمار مسۆگەر دەکات.

«دەم پارتی» کە جێگرەوەی «هەدەپە»یە و تەنیا پارتە کە لە پەرلەمانی تورکیا نوێنەرایەتیی کورد دەکات، لە سیاسەتی پەکەکە زۆر دوور کەوتووەتەوە، ئەمە وای کردووە ڕای گشتی لەناو کوردی تورکیا لە پەکەکە زیاتر دوور بکەوێتەوە و پشتگیری لە سیاسەتی دەم پارتی بکەن. هەر بۆیە کاتێك دەم پارتی پشتگیریی پەیامەکەی ئۆجەلان دەکات، ئەوا پەکەکە لەناو ڕای گشتیی کوردی تورکیادا پێگەیەکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە دەرەفەتێك کە بە بێ بوونی پەکەکە، دەم پارتی وەك نوێنەری کورد لە باکوور ڕۆڵی خۆی لە پرۆسەی ئاشتییەکەدا بگێڕێت و بەرەو پێشەوەی ببات.

لەناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا، چارەنووسی پەکەکە بە کوێ دەگات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەوجۆرەیە، دوای ئەوەی عومەر ئۆجەلان سەردانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لە ئیمرالی کرد و پاشان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا پەیامەکەی ئۆجەلانی ڕاگەیاند، لەگەڵ سەرکردایەتیی قەندیل قسەی کردووە، هەر بۆیە ئەگەر پەکەکە (سەرکردایەتیی قەندیل) دژی پەیامەکەی ئۆجەلان هەڵوێست وەربگرێت، هیچ چارەنووسێکی نابێت، لەبەر ئەوەی پێگەی جەماوەری لە باکوور کۆتایی دێت، پەیەدە لە ڕۆژئاوا دەیەوێت و مەبەستێتی سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت، بۆیە پشتگیری پەیامەکەی ئۆجەلان دەکات.

پرۆسەی ڕاستەقینە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور دەرفەتێکی گەورەیە و دەبێت کورد سوودی لێ وەربگرێت و ئاکامی هەموو گۆڕانکارییەکانیش بەندە بە ئاکامی ئەو شەڕە گەورەیەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچێت.



د.سەلام عەبدولکەریم
مامۆستای زانکۆ لە سلێمانی:

# هاوپەیمانیی حوکمڕان «ئاک پارتی و مەهەپە» لەگەڵ سەرۆکی هەر دوو پارتەکە هاودەنگ و کۆکن لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد

دوای ئەوەی عومەر ئۆجەلان لە پرێس کۆنفراسێکی رۆژنامەوانیدا پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی لە زیندانی ئیمرالییەوە بۆ ئاشتی راگەیاند، دەم پارتی بە گەرمی پێشوازییان لەو پەیامە کرد، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەم پارتیش وەك ئۆجەلان بۆچوونیان بەوجۆرەیە کە کێشەی کورد لە باکوور تەنیا لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی و گفتوگۆ و دانوستاندنی ئاشتییانە و لەبەر رۆشنایی چارەسەری یاسایی و دەستووری ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، لەمەش زیاتر سەلاحەدین دەمیرتاش کە ئەویش هاوسەرۆکی دەم پارتییە و ئێستا لە زینداندایە و هەروەها سەرکردایەتیی خوارەوەی دەم پارتی پێشوازییەکی گەرمیان لە پەیامەکەی ئۆجەلان کردووە و پشتگیریی خۆیان بۆ دەربڕیوە.

جیاوازیی «دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کوردی باکوور» لەگەڵ جاری پێشوو ئەوەیە، لە ساڵی ٢٠١٢ تەنیا رەجەب تەیب ئەردۆغان و ئاك پارتی بڕوایان بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا هەبوو، بەڵام ئەمجارە واتە «٢٠٢٤» هاوپەیمانیی حوکمڕان کە پێکدێت لە هەردوو پارتی «ئاك پارتی و مەهەپە» لەگەڵ سەرۆکی هەر دوو پارتەکە (رەجەب تەیب ئەردۆغان و دەوڵەت باخچەلی) هاودەنگ و کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێوستە کێشەی کورد لە تورکیا بە رێگەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، ئەمەش وەك وەرچەرخانێکی گەورە لە پرۆسەی ئاشتیی ئەمجارەدا خۆی بەرجەستە کردووە.

ئامانجی حکومەتی تورکیا، یان بە شێوەیەکی دیکە هاوپەیمانیی حوکمڕان «ئاك پارتی و مەهەپە»، ئەوەیە کە دەستووری تورکیا بە جۆرێك هەموار بکەنەوە کە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بۆ ئاك پارتی و ئەردۆغان مسۆگەر بکاتەوە، ئەم مسۆگەربوونەش تەنیا بەوە دەبێت، کە کارێك بکەن بۆ ئەوەی ببنە هاوپەیمانی دەم پارتی و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا جارێکی دیکە کوردی باکوور دەنگ بە ئاك پارتی بداتەوە، لەلایەکی دیکە هەموارکردنەوەی دەستوور بەو شێوەیە هاوپەیمانیی حوکمڕانیی تورکیا مەبەستێتی بە پشتگیریی کورد «دەم پارتی»، ئەمەش کارتێکی بەهێزە بۆ ئەوەی پرۆسەکە بچێتە پێشەوە و داوا بکرێت مافی کورد لەو هەموارکردنەوەیەدا لە دەستوورەکە دابنرێت.

خاڵێکی دیکە کە جێگەی ئاماژەپێدانە، ئەوەیە لەسەر پەیامەکەی ئۆجەلان، قسە لەگەڵ سەرکردایەتیی پەکەکە لە قەندیل کراوە، ئەوانیش بە شێوەیەکی گشتی پشتگیریی پەیامەکەی ئۆجەلانیان کردووە، بەڵام کۆمەڵێك سەرنجیشیان هەبووە، پێیان وایە تەنیا پەیامێکی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمرالییەوە، نابێتە بنەمایەکی دروست بۆ پرۆسەی ئاشتی، پێش هەموو شت پێویستە ئۆجەلان ئازاد بکرێت، پێش ئەوەی لەگەڵ هاوپەیمانیی حوکمڕانی «ئاك پارتی و مەهەپە» گفتوگۆ بکات، پێویستە لەگەڵ «دەم پارتی و پەکەکە»ش گفتوگۆ بکات، لەگەڵ تێکڕای ئەو لایەنانە کە پەیوەندیدارن بەم پرۆسەیە گفتوگۆ بکات، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتییەکە بتوانێت بگاتە ئاکامێك کە هەردوولا پێی رازی بن.

لەم چوارچێوەیەدا، سەرکردایەتیی پەکەکەش لە قەندیل ئەم پرۆسەی ئاشتییە بە دەرفەتێکی گرنگ دەزانن، بەڵام هەر لایەك تێڕوانین و مەرجی تایبەتیی خۆی هەیە لەسەر پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتی.

ئەوجا ئەگەر بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی تورکیا هۆکارێك بێت بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، لە هەمان کاتدا ئەو بارودۆخەی ئێستا ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەراستی پێدا تێدەپەڕێت و شەڕی ئیسرائیل و حەماس فراوان بووە و لوبنان و سووریا و تەواوی ناوچەکەی گرتووەتەوە، ئەمەش وای کردووە، هاوپەیمانیی حوکمڕان لە تورکیا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لەناو ئەم بارودۆخەدا تورکیا بە قۆناغێکی زۆر هەستیار و مەترسیدار تێدەپەڕێت و، ئەوەیان لەبەر چاوە ئەگەر ئەم شەڕە لە کۆنترۆڵ دەربچێت، هیچ دوور نییە ئێران و تورکیاش بگرێتەوە، یان لانیکەم تورکیاش پریشکی ئەم شەڕەی بەر بکەوێت.



**خەلیل محەمەد چالاک و چاودێری سیاسی لە باکووری کوردستان:**

# ئەگەر سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی گەورەی لە پرۆسەی ئاشتی لە باکوور نەگێڕێت، ئەوا هیچ ئاکامێکی نابێت و شکست دەهێنێت

○○○

پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ کوردی باکوور، پەیامێکی گرنگە، بەڵام نییەتی باش بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە لەلایەن دەوڵەت و حکومەتی تورکیاوە هەتا ئێستا دیار نییە؟ حکومەتی تورکیا ئەگەر بە ڕاستی مەبەستێتی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە سەرکەوتوو بێت، دەبوو یەکەمین جار عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندان ئازاد بکات، پاشان عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەگەڵ میللەتی خۆی قسە بکات و جۆرێك لە هاودەنگی و یەکڕیزی دروست بکات، بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت، بەڵام ئەمەمان لە حکومەتی تورکیا هەتا ئێستا نەبینیوە.

لایەنێکی دیکە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، گرێ دراوەتەوە بە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەژادپەرست، باخچەلی بە ڕاددەیەك نەژادپەرستە پێش ئەوەی نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، نکۆڵی لە بوونی خۆی کردووە، لەبەر ئەوەی باخچەلی خۆی کوردە و خەڵکی «ئورفا»یە. باخچەلی لەو کاتەوەی بە زمانی کوردی لەسەر پاسپۆرتی عێراقی دەنووسرێت، سەردانی عێراقی نەکردووە، بۆیە هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم، کەسێکی وەك باخچەلی ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ سەرخستنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بگێڕێت.

لەم پرۆسەی ئاشتیانەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور، پەکەکە هیچ ڕۆڵێکی نابێت، لەبەر ئەوەی جەماوەری پەکەکە لەناو کوردانی باکوور بەرادەیەك دابەزیوە کە دەتوانین بڵێین هەر نەماوە.

خاڵی سەرەکی و گەشبین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور ڕۆڵی سەرۆك بارزانییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سەرۆك بارزانی پێشتر بۆ هێنانە ئارای چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور، ڕۆڵی زۆر گەورەی بینیوە و هەوڵەکانی بەڕێزیان وای کرد، کە جاری یەکەمیش پرۆسەی ئاشتی دەستی پێکرد، بۆ ئەمجارەش ئەگەر سەرۆك بارزانی ڕۆڵێکی گەورە لەم پرۆسەیەدا نەگێڕێت، ئەوا هیچ ئاکامێکی نابێت و شکست دەهێنێت.




کاردۆ کەریم مامۆستای زانکۆ لە سلێمانی:

# تورکیا لەوە تێگەیشتووە بە بێ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد ناتوانێت دەستوورەکە بە دڵی خۆی هەموار بکاتەوە، بۆیە دەبێت کوردیش سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت

○○○

پشتگیریی ڕاستەوخۆی «دەم پارتی» لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ «کۆتاییهێنان بە شەڕ و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کوردی باکوور»، جێگەی گەشبینییە و ئەم پشتگیرییە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە لێکتێگەیشتنێکی پێشوەختە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و سەرکردایەتیی دەم پارتی دروست بووبێت، بەتایبەتیش کە عومەر ئۆجەلان جیا لەوەی خزمی ئۆجەلانە لە هەمان کاتدا پەرلەمانتاری دەم پارتییشە، سەردانی کردووە و هەر ئەویش پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕاگەیاندووە، ئەمەش ئاماژەیەکە پێشتریش لێکتێگەیشتن لە نێوان دەم پارتی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەبووە، ئەوجا چ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ بووبێت، وەك ئەوەی عومەر ئۆجەلان، یان گۆڕینەوەی نامە و مەسج بووبێت لەگەڵ یەکتری.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە سەرکردایەتیی دەم پارتی بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بە شێوازێکی زۆر دیپلۆماتییانە و ژیرانە لەناو ئەو هاوکێشە ئاڵۆزەی دەوڵەتی تورکیا کە بە دەوڵەتی قووڵ ناسراوە، هەنگاو هەڵبگرێت، لەلایەك هاوسەنگیی هێزی ڕاگرتووە لەگەڵ هاوپەیمانیی حوکمڕان «ئاك پارتی و مەهەپە» لەلایەکی دیکەوە زەمینەی ئەوەی خۆش کردووە کە بە ڕێگەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کورد لە تورکیا دەست پێبکاتەوە.

چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی گشتی، پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمەش بەو مانایەی لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هەر شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی سیاسیی بوونی هەبووە، بەڵام دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و پێڕەوانەبوونی لەوەی کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکە ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، جارێکی دیکە لەناو ئەو واقیعەدا بزووتنەوەی ڕزگایخوازی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دووبارە دروست بوونەوە، کە لە سەرەتادا بە شێوازی سیاسی داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد کراوە و کاتێك حکومەتە داگیرکارەکان

ئەم مافەی کوردیان ڕەت کردووەتەوە، گەلی کورد بە ناچاری پەنای بردووەتە بەر خەباتی چەکداری و لە قۆناغی چەکداریشدا هەردوولا زیانی زۆریان بەرکەوتووە، بۆ نموونە ئەگەر باسی کوردستانی باکوور بکەین، لەو کاتەوە کە خەباتی چەکداری لەو پارچەیە دەستی پێکردووە لە هەر دوو نەتەوەی «کورد و تورك» بە دەیان هەزار کەس بوون بە قوربانی و کێشەکەش بە چارەسەرنەکراوی مایەوە هەتا ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان.

لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت کۆمەڵێك گۆڕانکاری تەواوی جیهانی گرتەوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەتایبەتی کە لە باشوور وەك ئاماژە لە پەیامەکان دەیخوێنینەوە و زۆریش گرینگە، ئەوەیە کە تورك وەك گەلی تورك لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ئەو گۆڕانکارییانەشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەن تێگەیشتووە، ئەو شەڕە گەورانەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا هەڵگیرساون، ئەگەر بە ڕاستەوخۆی ناوی لێ نەنرابێت «شەڕی سێهەمی جیهانی» ئەوا بە واقیع شەڕی سێیەمی جیهانی دەستی پێکردووە، ئەوەتا ئیسرائیل لە چەندین بەرەی جیاوازەوە لە شەڕدایە، سەرەتا شەڕەکە بەس لەگەڵ حەماس بوو، ئێستا لوبنان و سووریا و ئێران و یەمەن و هەندێك جار عێراقیشی گرتووەتەوە.

لە ناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، پرۆسەی



قەوارەیەك بۆ کورد دروست بوو، بۆیە لەو کاتەوە باسکردنی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگە ئاشتییانە بووە پەیامێك کە بێجگە لە چارەسەری ئاشتییانە ڕێگەی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بوونی نییە، ئەم چارەسەر ئاشتییانەیەش پێویستی بەوە هەیە، کێشەی کورد وەك کێشەی گەورەی نەتەوەیەك کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشانی کێشەی فەلەستینە، پێویستی بەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەوڵەکان یەك بخرێن، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، ئەوەی دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانە دەرەفەتە بۆ هەردوولا (دەوڵەتی تورکیا و کورد) و تورکیا ناچارە بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور گفتوگۆ لەگەڵ کورد بکات. ئەم پێداویستییە وای کردووە، تورکیا لەوە تێگەیشتووە کە بە بێ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد، ناتوانێت دەستوورەکە بە دڵی خۆی هەموار بکاتەوە، بۆیە ئەمە دەبێتە هۆکاری نواندنی نەرمییەك لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە، لەوانەیە لەم قۆناغەدا تورکیا نەیەوێت لە دەستوورەکە مافی کورد دیاری بکات، بەڵام ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانرێت ئەو هەنگاوە هەڵبگرێت و مافەکانی کورد لە دەستووری تورکیادا بچەسپێنرێت.

### د.فایەق گوڵپی سیاسەتمەدار لە سلێمانی:

# قسەکانی هەریەک لە «ئەردۆغان، باخچەلی، ئۆجەلان» هەموویان باس لە فرەپێکهاتەیی تورکیا دەکەن، بەڵام ئەم فرەییە دەبێت شێوازێکی دەستووری و یاسایی وەربگرێت

○○○

دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور، لەلایەن هەر کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەوە پێشوازی لێدەکرێت و هەموو لەگەڵ ئەوەین کە کێشەی کوردی باکوور بە شێوازی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت.

ئەوەی کە لە هەموان زیاتر خۆشحاڵە بەم پرۆسەیە و پشتگیری لێدەکات «دەم پارتی»یە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەم پارتی حزبێکی مەدەنیی کوردییە و نوێنەری لەناو پەرلەمانی تورکیا هەیە، نزیکە لە بۆچوونەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش، دەتوانم بڵێم: ئەو حزب و سەندیکا و ڕێکخراوە کوردییانەی لە باکووری کوردستان دروست بوون، زۆربەیان عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە مەرجەعی خۆیان دەزانن، پەیامەکەی هەر چۆنێك بێت، ئەوان پەسەندی دەکەن، پێشتریش هەر کاتێك باس لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور کرابێت، ئەو حزب و سەندیکا و ڕێکخراوە کوردییانەی باکوور پشتگیرییان لە پرۆسەکە کردووە.

ئەو پارتە سیاسییەی ئێستا پێی دەگوترێت «دەم پارتی»، پارتێکی کوردییە، بەڵام بارودۆخی سیاسیی تورکیا ڕێگە نادات پارتێك بە ناوی کوردستان، یان کورد دابمەزرێت، لەمەش زیاتر حکومەتی تورکیا زۆر جار بیانووی سیاسی بە حزبە کوردییەکان دەگرێت و بە ڕێگەی دادگا هەڵیاندەوەشێنێتەوە، بۆیە پێش «دەم پارتی»یش حزبی دیکەی کوردی هەبوون، ئەوانیش بە هاوشێوەی «دەم پارتی» پشتگیرییان لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور کردووە. ئەمجارەش وەك بینیمان بە شێوەیەکی فەرمی لە بەردەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەم پێشوازی و پشتگیری لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان کرد، هەروەها پشتگیرییان لە لێدوانی بەرپرسە تورکەکان «باخچەلی و ئەردۆغان»یش کرد، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە «دەم پارتی» پێشوازی و پشتیوانی لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کوردی باکوور دەکات، کە لە ماوەی یەك دوو هەفتەی ڕابردووەوە باسی دەکرێت و چاوەڕێ دەکرێت دەستی پێبکرێت، بۆیە خوازیارین ئەمجارە بگەنە ڕێککەوتن و ڕێککەوتنەکەش جێبەجێ بکرێت.



خەباتی چەکداریی کورد لە باکوور، ئێستا ٤٦ ساڵی تێپەڕاندووە، لەم ماوەیەدا بە هەموو شێوەیەك لەسەر ئاستی «سەربازی، ئابووری، هزری، دیپلۆماتی و...هتد»، دژایەتیی بزووتنەوەی کورد کراوە، ناوبەناو بەرپرسانی تورك باسیان لە چارەسەری ئاشتییانە کردووە، هەر لە سەردەمی تورکوت ئۆزال و مەسعود یەلماز و بوڵند ئەجەوید، ئاماژەیان بە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە کردووە، هەتا گەیشتووەتە سەردەمی ئەردۆغان، لەسەردەمی ئاك پارتی و ئەردۆغان خۆیشی ئاگادار بووە چەند جارێك لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بە نهێنی گفتوگۆ و دانوستاندن لە نێوان «ئاك پارتی وەك پارتی فەرمانڕەوای تورکیا» و نوێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەنجام دراوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

هۆكاری سەرەكی بۆ ئەوەی كورد و حكومەتی توركیا نەگەنە ڕێككەوتن، هێزە نەژادپەرستەكانی تورك بوون لە توركیا «مەهەپە»، ئەو مەهەپەی كە دەوڵەت باخچەلی سەرۆكایەتی دەكات، كە ئێستا دید و تێڕوانینەكانی بەرانبەر بە بوون و مافەكانی كورد لە توركیا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، وەك گوێبیست بووین، هەندێك لێدوانی داوە و داوا دەكات «كێشەی كورد بە ڕێگە ئاشتییانە چارەسەر بكرێت، پەكەكە وەك هێزێكی چەكدار دەبێت كۆتایی بێت، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمانی توركیا قسە بكات و كۆتایی بە شەڕ بهێنێت و دەست بە چارەسەری ئاشتییانە بكرێت»، لەمەش زیاتر لە یادكردنەوەی ڕۆشنبیرێكی تورك باخچەلی هەندێك قسەی دیكەشی كردبوو وەك «ئەوەی تورك بێت و كوردی خۆش نەوێت، تورك نییە، ئەوەی كورد بێت و توركی خۆش نەوێت، كورد نییە»، ئەم قسەیە هی ئەو ڕۆشنبیرە توركە بوو، بەڵام كاتێك باخچەلی لەو بۆنەیەدا دووپاتی دەكاتەوە، مانای ئەوەیە ئەویش ئەو قسانە تەبەنی دەكاتەوە.

كێشەی گەورەی دەوڵەتی توركیا دەستوورەكەیەتی، دەستووری توركیا لەسەر بنەمای «یەك نەتەوە، یەك دەوڵەت، یەك ئاڵا، یەك زمان» نووسراوەتەوە، بەڵام واقیعی توركیا شتێكی دیكە و دەوڵەتێكی فرەنەتەوەیە نەك هاموجینی یەك نەتەوە، لە توركیا بێجگە لە تورك چەندین نەتەوەی دیكە هەن وەك «كورد، چەركەس، ئەرمەن، عەرەب»، لەمەش زیاتر ئایین و مەزهەبی جیاواز تێدایە و بە ئیسلامی سوننە و شیعەشەوە.

دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی كۆماری توركیا، توركیا هەوڵی دا، لاسایی دەوڵەتێكی ئەوروپی بكاتەوە كە ئەویش فەرەنسا بوو. فەرەنسا سەركەوتوو بوو لەوەی هەموو دانیشتووانی دەوڵەتەكەی بكاتە فەرەنسی، بەڵام توركیا لەم پرۆسە سەركەوتوو نەبوو و نەیتوانی هەموو دانیشتووانی توركیا بكات بە تورك، یەكێك لەو فاكتەرانەی ڕێگر بوو كە توركیا هەمووی نەبێت بە تورك، كورد بوو، كە ئەو كات بە كوردیان دەگوت «توركی چیا». ئەمە وای كرد، لە دوای دامەزراندنەوەی توركیا، لە باكووری كوردستان چەندین جار شۆڕش و ڕاپەڕین لە دژی دەوڵەتی توركیا ئەنجام دراوە، بەڵام شۆڕشەكان زۆریان نەخایاندووە لە ماوەی ساڵێك یان كەمتر لە ساڵێك دیانمركاندوونەتەوە. بەڵام ئەمجارەیان ئەوا زیاتر لە ٤٠ ساڵی خایاندووە و هەتا ئێستاش داوای ئەوە دەكرێت «توركیا دەوڵەتێكی فرەنەتەوەیە، دەبێت سیستمی ئەم دەوڵەتە دیموكراتی بێت».

ئەوەی وا دەكات بە گەشبینییەوە سەیری پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد لە باكوور بكەین، ئەوەیە كە قسەكانی هەریەك لە «ئەردۆغان، باخچەلی، ئۆجەلان» هەموویان باس لە فرەپێكهاتەیی توركیا دەكەن، بەڵام ئەم فرەییە دەبێت شێوازێكی دەستووری و یاسایی وەربگرێت، چۆن ئەم شێوازە دەستووری و یاسایە وەردەگرێت؟ ئەوا دەبێت لە پرۆسەی هەمواركردنەوەی ئەمجارەی دەستووری توركیا ئەو بڕگەیە لاببرێت كە دەڵێت توركیا «یەك نەتەوە، یەك زمان، یەك ئاڵا»ی هەیە و دەبێت ئەمە هەموار بكرێتەوە، یان بڵێن «توركیای دیموكراتی» یان شتێكی دیكە كە پێشنیاری بۆ دەكەن. هەر بۆ نموونە لەم ڕۆژانە گفتوگۆیەك لەسەر دەستووری سووریا كرا، ئێستا دەستوورێك هەیە و دەڵێت «كۆماری عەرەبی سووریا»، لەسەر ئەمە گفتوگۆیەك لەنێوان حكومەتی سووریا و لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن هەیە بۆ هەمواركردنەوەی دەستوورەكە و دەیانەوێت چەمكی – كۆماری عەرەبی سووریا- بگۆڕن بۆ ئەوەی تەنیا «كۆماری سووریا» بێت، كە ئەمە كرا، ئەو كات كورد و عەرەب و تورك دەبنە هاووڵاتی و دەتوانن لە دەوڵەتی سووریا بژین.

هەر بۆیە ئەگەر لە پرۆسەی هەمواركردنەوەی دەستووری توركیاشدا كورد بەشداری لە دووبارە داڕشتنەوە و هەمواری دەستوورەكە بكات و ئەو بڕگەیە هەموار بكرێتەوە كە دەڵێت توركیا «یەك نەتەوە، یەك زمان، یەك ئاڵا»ی هەبێت و بیگۆڕێت بۆ شێوازێك كە لەگەڵ سرووشتی فرەپێكهاتەیی توركیا بگونجێت، هەروەها لە پرۆسەی دەنگدانیش بۆ پەسەندكردنی هەمواركردنەوەكە بەشدار بێت، ئەوا گۆڕانكارییەكان بۆ بەرژەوەندیی مافەكانی كورد لە باكوور باش دەبن، هەروەها بە قازانجی كوردی پارچەكانی دیكەش تەواو دەبێت.

### د.کامەران وەیسی مامۆستای زانکۆ لە زاخۆ:

# وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی نەژادپەرستەکان لە تورکیا دروست بووە و دەرفەتێکیش بۆ سەرکردایەتیی دەم پارتی دێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەی بە شێوازی ئاشتییانە و داکۆکی لە مافەکانی کوردی باکوور بکات

○○○

ئەو گفتوگۆیەی ئێستا کە لە دوای لێدوانەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە سەبارەت بە دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کورد لە باکوور دەکرێن، ئامانج لێی ئەوەیە شەڕ کۆتایی بێت و دەست بکرێت بە چارەسەری ئاشتییانەی سیاسی، جێگەی خۆشحاڵیشە کە دەم پارتی بە گەرمی پێشوازی لێکردووە. هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی تورکیا بە ڕاستی بێتە پێشەوە و هەنگاوی جددی بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە هەڵبگرێت، ئەوا بە ڕاستی دەکرێت وەك دەرفەتێکی زێڕین بۆ کورد لە قەڵەم بدرێت و زۆر گرینگە کە پەرلەمانتارەکانی دەم پارتییش پێشوازی لەم پرۆسەیە بکەن و پشتیوانی لێ بکەن.

ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو ئەوەی سەلماند کە کێشەی کورد لە باکوور بە خەباتی چەکداری چارەسەر ناکرێت. لەو ماوە دوور و درێژەدا پەکەکە درێژەی بە شەڕ دا، بەڵام هەتا ئێستاش کێشەکە چارەسەر نەکراوە و هەر لە جێگەی خۆیەتی و هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. هەر بۆیە ئەم پەیامەی کە ئۆجەلان وەك سەرۆکی پەکەکە لە زیندانی ئیمڕاڵییەوە ناردوویەتی و داوای کۆتاییهاتنی شەڕ و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی دەکات، دەرفەتێکی زێڕین بۆ سەرکردایەتیی پەکەکە دێنێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بە شەڕ بهێنن، هەروەها دەرفەتێك بۆ سەرکردایەتیی دەم پارتی دێنێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بە شێوازی ئاشتییانە و لەناو پەرلەمانی تورکیا داکۆکی لە مافەکانی کوردی باکوور بکات.

پەیڤەکانی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەژادپەرست، ئەویش ئاماژەیە بۆ وەرچەرخانێکی دیکە لە بیرکردنەوەی نەژادپەرستەکان و ئەم پارتە «مەهەپە» بە درێژایی تەمەنی خۆی نکۆڵی لە بوون و مافەکانی کورد لە تورکیا کردووە، لە ئێستاشدا باخچەلی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت «چارەسەرنەکردنی کێشەی کورد مەترسییە لەسەر پاشەڕۆژی تورکیا و دەبێت تورکیا ڕێگەیەك بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بدۆزێتەوە»، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە گۆڕانکاریی تەواو لە پڕۆگرام و ئایدیۆلۆژیەتی مەهەپە دروست بووە و، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت گۆڕانکاری لە دیدوبۆچوونی پێشووی خۆیان بکەن و ئاراستەی گەیشتن بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بگرنە بەر.

ئێستا کە هەردوو پارتی هاوپەیمانیی حوکمڕانی «ئاك پارتی و مەهەپە» هەمووارکردنەوەی دەستووری تورکیا بە تەنیا ڕێگە دەزانن بۆ ئەوەی ئایندەی حوکمڕانیی خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەوا ئەمە دەرفەتێك دەخاتە بەردەم پەرلەمانتارانی «دەم پارتی» کە هەوڵەکانی خۆیان بدەن، بۆ ئەوەی پرسی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لەناو دەستووردا جێگەی بۆ بکەنەوە، ئەگەر بە شێوەیەك لە شێوەکان مافەکانی کورد لە دەستووری تورکیا بچەسپێنرێت، ئەوا دەکرێت باکووری کوردستان بە شێوەی لامەرکەزی ئەوجا «ئۆتۆنۆمی بێت یان فیدراڵی» کاروبارەکانی خۆی ڕێك بخاتەوە و بەڕێوەیان بەرێت.



### زاگرۆس بەرواری چاودێری سیاسی لە دهۆک:

# پرۆسەی ئاشتی بە سێ قۆناغی (ڕاگرتنی شەڕ، چەسپاندنی مافی کورد لە دەستوور و ئازادکردنی ئۆجەلان) بەرەوپێشوەچوون بەخۆیەوە دەبینێت

○○○



بە درێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، تەواوی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ نکۆڵیکردن لە بوون و مافی کورد، پەنایان بۆ هێزی سەربازی بردووە و هێرشیان کردووەتە سەر کوردستان و گوند و شارەکانیان کاوڵ کردووین، بەڵام لەناو ئەم ڕەوشە ناتەندروستەشدا، ئەگەر دەرفەتێك بۆ ئاشتی هاتبێتە پێشەوە، کورد پێشوازی لێ کردووە و ڕەتی نەکردووەتەوە.

ماوەی یەك دوو مانگە لەناو میدیاکانی تورکیا، باس لە پرسی ئاشتی و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکرێت، بەڵام لە یەك دوو هەفتەی ڕابردوو دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپە، کە پارتێکی نەژادپەرستی تورکە و بەردەوام نکۆڵی لە بوون و مافی کورد لە تورکیا کردووە، بە ئاشکرا و بێ ترس سەردانی فراکسیۆنی دەم پارتی» کە پارتێکی کوردییە، لەناو پەرلەمانی تورکیا دەکات و پێیان دەڵێت «من پێشنیار دەکەم، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە بێتە ئێرە «ناو پەرلەمانی تورکیا» و پەیامێك ڕابگەیەنێت و بڵێت «ئەوە تەڤگەری چەکداریمان هەڵوەشاندەوە، لەجێی ئەو ئێمە ئاشتی لە نێوان کورد و تورك دەست پێدەکەین».

دەم پارتی پێشوازی لەم پەیامەی باخچەلی کرد و بایەخی زۆری پێ دا، لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەمجار بوو سەرۆکی مەهەپە ئاخاوتنێك بدات کە بکەوێتە چوارچێوەی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور، هەر لە دوای ئەویش وتەبێژی حکومەتی تورکیا هەروەها ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا و ئاك پارتی بە هەمان ئاراستە قسەیان کرد و گەلی کورد لە باکوور پێشوازی لەو پەیامانە کرد. هەروەها سەڵاحەدین دیمیرتاش کە هاوسەرۆکی دەم پارتییە، لە زیندانەوە ڕایگەیاند «ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت، منیش دەبمە هاوکارێك بۆ سەرخستنی پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد و هەوڵ دەدەم توانای کەسایەتییە ئاشتیخوازەکانی کورد و تورك بێنمە ناو پرۆسەکە، ئێمە نایەڵین جارێکی دیکە خوێن بڕژێت، ئەمە بۆ هەموو کورد باشە بە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستانەوە، لەمەش زیاتر لەسەر ئاستی ڕۆژئاواش مەزڵووم عەبدی سەرۆکی پەیەدە ڕایگەیاندووە، هەر دەفەتێك بێتە پێشەوە بۆ ئاشتی ئێمە هەنگاوی جددی بۆ هەڵدەگرین».

سەردانی عومەر ئۆجەلان کەسی نزیکی ئۆجەلان و پەرلەمانتاری دەم پارتی بۆ ئیمراڵی و کۆبوونەوەی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ڕاگەیاندنی پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە ئاشکرا لە میدیاکانەوە کە دەڵێت



«ئەگەر دەرفەت بێتە پێشەوە، لەماوەی تەنیا دوو هەفتەدا کۆتایی بە شەڕ دەهێنم و لە جێی ئەو چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کوردی باکوور جێبەجێ دەکەم»، ئەمە بە وەرچەرخانێکی مەزن دێتە هەژماردن.

لەسەر پارتەکانی ئۆپۆزسیۆنی تورك، پارتی گەلی کۆماری تورکیا «جەهەپە» لەسەر زاری سەرۆکی پارتەکەیانەوە «ئۆزگۆر ئۆزەل» ڕایدەگەیەنێت «ئێمە گرنگی بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەدەین. وڵاتی ئێمە پێویستی بە پرۆسەی ئاشتییە»، ئەمەش مانای ئەوەیە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا لەگەڵ ئاراستەی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن لەناو تورکیا یەك دەگرێتەوە.

لەناو ئەم هاوکێشەیەدا، بە تێڕوانینی من هەڵوێستی پەکەکە بە دوو بەرەدا دابەش دەبێت، لەناو سەرکردایەتیی پەکەکە ئەوەیان بە خۆیان دەڵێن میانڕەو «بەرەی کۆتر» پابەند دەبن بە پەیامەکەی ئۆجەلان وەك سەرۆکی پەکەکە، بەڵام ئەوانەی ڕادیکاڵن و پێیان دەگوترێت «بەرەی هەڵۆکان» ئەوان بەو جۆرە پێشوازی لێ ناکەن و مەرج بۆ پرۆسەکە دادەنێن.

خاڵی گرنگ لەم پرۆسەیەدا «هەمووارکردنەوەی دەستووری تورکیا»، لەبەر ئەوەی لە ماددەکانی «٤، ٤٢، ٦١، ٦٢»ی دەستووری تورکیادا، کورد و زمانی غەیرە تورك قەدەغە دەکات، لە بەرانبەردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تورکیا « یەك دەوڵەت، یەك میللەت، یەك زمان، یەك ئاڵا» بێت. بۆیە ئەگەر نییەتی ڕاست بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور هەبێت و ئەو ماددانەی ئاماژەم پێکردن بە دروستی هەموار بکرێنەوە، ئەوا پرۆسەی ئاشتی بە سێ قۆناغ بەرەوپێشوەچوونی زۆر گەورە بە خۆیەوە دەبینێت بەمجۆرە:

١. شەڕ ڕابگیرێت.

٢. مافی کورد لە پرۆسەی هەموارکردنەوەدا. لە دەستووری تورکیا بچەسپێنرێت.

٣. عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئازاد بکرێت.



**ڕۆژهات ئامەدی**

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان:

# سەرۆک بارزانی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی بە دەرفەت دەزانی بۆ ئەوەی لەژێر گوشاری ئەو گۆڕانکارییانە پرۆسەی ئاشتی سەربکەوێت

**ڕۆژهات ئامەدی یەکێکە لە چالاکان و سیاسەتمەدارە دیارەکانی باکووری کوردستان و پێشتر ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی باکوور بووە، ئێستاش هەر یەکێکە لە ئەندامانی ئەو پارتە و، هەموو هەوڵە سیاسییەکانیشی بەو ئاراستەیە خەباتی بۆ دەکات، کە کێشەی کورد لە باکووری کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت و دەستووری تورکیا بە شێوەیەك هەموار بکرێتەوە، کە مافەکانی گەلی کوردی لە باکوور تێدا بچەسپێنرێت. لە گفتوگۆی ئەم جارەی «بازنەی گفتوگۆ»دا (هەمواركردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، زۆر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر باکگراوەندی هەوڵەکانی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور کرد و بەمجۆرە بیروبۆچوون و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خۆی خستەڕوو.**

لە دەستپێکدا سوپاسی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە لەسەر ئەم مژارە گرینگە «چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، ئەم گفتوگۆ ڕاشکاوانەیەی ڕێك خستووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر جددی قسە لەسەر ئەم پرسە گەرمە بکەین.

بە تێڕوانینیی من بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا، بێگومان بێجگە لە پەنابردن بۆ چارەسەری ئاشتییانە ڕێگەیەکی دیکە نییە. زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەك ئاشکرا کردووە، کە کێشەی کورد بە خەباتی چەکداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیا چارەسەر ناکرێت، هەر بۆیە هەرکاتێك دەرفەتی ئەوە هاتبێتە پێشەوە کە پرۆسەی ئاشتی دەست پێ بکاتەوە، پێشوازیمان لێ کردووە.

ماوەی چەند ڕۆژێکە، بەتایبەتی دوای پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە ئیمراڵییەوە بە عومەر ئۆجەلان ڕەوانەی کردبوو و تیایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە دەتوانێت «لە ماوەیەکی کورتدا

شەڕ کۆتایی پێبهێنێت و چارەسەری ئاشتییانە دەستەبەر بکات»، هەروەها دوای سەردانی دەوڵەت باخچەلی بۆ لای دەم پارتی، بە گەرمی باس لە دووبارە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا دەستی پێکردووەتەوە، بەڵام ئێستا ئێمە لەم هۆڵە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە دەکەین، لە هەمان کاتدا حکومەتی تورکیا دەستی کردووە بە لادانی کۆمەڵێك سەرۆك شارەوانیی هەڵبژێردراو لە شارەکانی باکوور و لە جێگەی ئەوان «قەیوم»ی داناوە، بە ڕاستی چاوەڕێ نەدەکرا لەم کاتەدا کە باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکرێت، حکومەتی تورکیا ئەم بڕیارە لە دژی سەرۆك شارەوانییەکانی شارەکانی باکوور بدات، بەتایبەتیش لابردنی ئەحمەد تورك وەك سەرۆك شارەوانی و دانانی قەیوم لە جێگەی ئەو. بە ڕاستی ئەمە پرسێکە تێگەیشتنی زۆر ئەستەمە، ئەمە لەبەر ئەوەیە هەموو لایەك دەزانێت کە ئەحمەد تورك، سیاسەتمەدارێکی دیاری کوردی باکوورە و هەموو کات پشتگیری لە چارەسەری ئاشتییانەی کورد لە تورکیا کردووە و هاوکاریی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی تورکیای کردووە، بۆ ئەوەی لەو ڕاستییە تێبگەن کە بێجگە لە چارەسەری ئاشتبیانە بۆ کێشەی کورد هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە نییە، بۆیە کاتێك ئەمڕۆ دێن بە بیانووی ئەوەی ئەحمەد تورك لەسەر قسەیەك دەیانەوێت دادگایی بکەن و لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی دووری دەخەنەوە، ئەمە ئاستەنگ و بێ متمانەیی بۆ هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئاشتییانە دروست دەکات و ناوەڕۆکی پرۆسەکە بەتاڵ دەکاتەوە.

هەر بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، من پێش ١٠ ڕۆژ وتارێکم نووسی، تیایدا ڕاشکاوانە جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە لەم بارودۆخە سیاسییەی ئێستای تورکیادا، لەو باوەڕەدا نیم پرۆسەیەکی ئاشتیی ڕاستەقینە دەست پێبکاتەوە، لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا ئەو ڕاستییە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا بوو، کە هیچ پرۆسەیەکی ئاشتییانەی ڕاستەقینە بوونی نییە و تەنیا قسەیە، یان هەوڵێکە بۆ ئەوەی تورکیا لەو بارودۆخە سەختەی تێی کەوتووە، دەروازەیەك بدۆزێتەوە و خۆی ڕزگار بکات.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور کە بە حیساب باس لەوە دەکرێت، دووبارە دەستپێبکاتەوە، بێگومان هەموو لایەك باش دەزانێت، ئامانجی کورد لە باکوور ئەوەیە کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، شەڕ کۆتایی بێت و سەقامگیری بۆ وڵات بگەڕێتەوە. لەسەر ئەم پرسە، گەلی کوردی باکوور بڕیاری خۆی دا کە تەنیا ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد ڕێگەی ئاشتییانەیە و ئەمەش بۆچوونی تەواوی گەلی کوردە لە باکوور بەوانەشی کە ڕادیکاڵین و خەباتی چەکدارییان هەڵبژاردووە، لەسەر ئاستی کۆی پارچەکانی کوردستانیش پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکەن و بە گەرمی پێشوازی لێدەکەن.

بەڕێزان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوو کێشەی سەرەکی هەن، یەکەمیان کێشەی گەلی فەلەستینە، دووەمیشیان کێشەی کوردە. سەبارەت بە کێشەی یەکەمیان کە کێشەی گەلی فەلەستینە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینیشەوە، بەڵام سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، جیا لەوەی دەسەڵاتدارانی هەر چوار دەوڵەتی «تورکیا، عێراق، ئێران، سووریا» ئامادەباشیان نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی ئاشتییانە، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، خەمساردی و پشتگوێخستن بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر بەراوردی داواکارییەکانی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بکەین، لەگەڵ داواکارییەکانی گەلی فەلەستین، دەبینین داواکاریی کورد بریتییە لە «پێکەوەژیانی برایانە لە چوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتی و لیبراڵیدا،» لە بەرانبەردا داواکاری گەلی فەلەستین شتێکی دیکەیە.

بەداخەوە لەناو ژینگەی سیاسیی حکومەتی تورکیادا ئامادەباشیی ڕاستەقینە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بوونی نییە و، ئەمە دووەمین جارە و لە ماوەی نزیکەی ١٢ ساڵدا دوو جار چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بووەتە ڕۆژەڤ، بەڵام هەردوو جارەکە لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی

**زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کردووە، کە کێشەی کورد بە خەباتی چەکداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیا چارەسەر ناکرێت**

**چاوەڕێ نەدەکرا لەم کاتەدا کە باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکرێت، حکومەتی تورکیا ئەم بڕیارە لە دژی سەرۆک شارەوانییەکانی شارەکانی باکوور بدات، بەتایبەتیش لابردنی ئەحمەد تورک وەک سەرۆک شارەوانی و دانانی قەیوم لە جێگەی ئەو**

**لەسەر ئاستی کۆی پارچەکانی کوردستانیش پێشوازی لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکەن و بە گەرمی پێشوازی لێدەکەن**

**لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، خەمساردی و پشتگوێخستن بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە**

**لەناو ژینگەی سیاسیی حکومەتی تورکیادا ئامادەباشیی ڕاستەقینە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بوونی نییە**

**ئێران وەک دەوڵەت مەبەستی بوو بە هەموو شێوەیەک پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور پەک بخات**

**لەژێر گوشاری سوپای پاسداران، پەکەکە ئاگربەستی کۆتایی پێهێنا و شەڕی دەست پێکردەوە**

ناوچەی ڕۆژهەڵات و ترسی تورکیا لەو گۆڕانکارییە کە تورکیاش بگرێتەوە، باسی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردی هێناوەتە پێشەوە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم:

• جاری یەکەم لە ساڵی ٢٠١١ – ٢٠١٢، ئامادەباشی پیشان درا بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور، تورکیا لەبەر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکارییانە دەستی پێکرد کە ڕاپەڕینەکانی دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا «تونس، لیبیا، میسر» دەستی پێکرد و پاشان یەمەن و سووریاشی گرتەوە و ناویان لێ نا «بەهاری عەرەبی»، هەر بۆیە حکومەتی تورکیا ترسی ئەوەی هەبوو کە ئەم خۆپیشاندانانە تورکیاش بگرێتەوە بەتایبەتی «باکووری کوردستان»، بۆیە پەنای بۆ پرۆسەی ئاشتی برد، بۆ ئەمەش لەو کاتەدا لەگەڵ سەرۆکی پەکەکە (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) تورکیا دەستی بە گفتوگۆ کرد، لە باشووری کوردستانیش جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هاوکارییەکی گەورەی کرد و هەرچی لەدەستی هات کردی بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، تەنانەت گەلێك لە سەرکردەکانی پەکەکە لە قەندیل دەهاتنە هەولێر و پاشان جەنابی سەرۆك بارزانی سەردانی تورکیای دەکرد. سەرۆك بارزانی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی بە دەرفەت دەزانی بۆ ئەوەی لەژێر گوشاری ئەو گۆڕانکارییانە پرۆسەی ئاشتی سەربکەوێت، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا هەوڵی دیکەی دەرەکیش هەبوو کە ڕێگر بوون لەوەی پرۆسەی ئاشتییەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی بێت، بەتایبەتی دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێی تورکیا.

لەسەر ئەم پرسە هەستیار و ئاڵۆزە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە جەخت لەسەر چەند فاکتێکی تاڵ بکەینەوە. لەو کاتەی کە پرۆسەی ئاشتی ئومێدی ئەوەی لێدەکرا بەرەو سەرکەوتن بچێت، لە تورکیا دەستەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتیی ئۆرهان میر ئۆغلۆ سەرۆکی «ئاك پارتی» هاتنە ئێرە و ترسیان لە شکستی پرۆسەی ئاشتییەکە هەبوو، من ڕاشکاوانە پێم گوتن: زۆر گرنگە ئەو پرۆسەی ئاشتییەی دەستی پێکردووە، بە سەرکەوتوویی کۆتایی بێت، بەڵام هەندێك فاکتەری ناوچەیی هەن ئەو پرۆسەیە تێك دەدەن و ناهێڵن سەر بکەوێت. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئۆرهان میر ئۆغلۆ پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەگەر پرۆسەیەك بە بڕیاری ڕەجەب تەیب ئەرۆدغان دەستی پێکردبێت، هیچ هۆکارێك ناتوانێت ڕێگری لێبکات، بەڵام وەك سەرەنجام بینیمان ئەو فاکتەرانە پرۆسەکەیان پەك خست کە لێرەدا بە یەك دوو خاڵ ئاماژە بەو فاکتەرانە دەکەم:

١- ئێران وەك دەوڵەت مەبەستی بوو بە هەموو شێوەیەك پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور پەك بخات، ڕۆژانە سەرکردەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ سەرکردایەتیی قەندیل کۆ دەبوونەوە و پێیان ڕادەگەیاندن کە هەرگیز نابێت پەکەکە شەڕ لە دژی تورکیا ڕابگرێت، بۆیە لەژێر گوشاری سوپای پاسداران، پەکەکە ئاگربەستی کۆتایی پێهێنا و شەڕی دەست پێکردەوە.

٢- لە ماوەی ساڵێکدا «٢٠١٣-٢٠١٤» ژمارەیەکی زۆری چەك و تەقەمەنی کە پەکەکە لە مێژووی خۆیدا ئەو قەبارەیەی نەبینیبوو لە دەوربەری سلێمانی و ئێرانەوە برانە تورکیا و ئامادەکاریی بۆ شەڕێکی گەورە لەناو تورکیا بە تەواوەتی پلانی بۆ داڕێژرا، ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠١٥ شەڕی «خەندەق» لە شارەکانی تورکیا دەستی پێکرد و بە کورت و کرمانجی کۆتایی بە تەواوی پرۆسە ئاشتییەکەی باکوور هێنا.

لە بەرانبەر ئەم گۆڕانکارییە ترسناکەی هاتە ئاراوە، ڕەجەب تەیب ئەرۆدغان کە وەك سەرۆك کۆمار خاوەنی بڕیاری یەکلاکەرەوە و هێزێکی گەورەی لەبەر دەست بوو، دەیتوانی لە بەرانبەر ئەو هەوڵە نەرێنییانە هەندێك هەنگاو هەڵبگرێت و بارودۆخەکە ڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەویش نەیکرد.

• قۆناغی دووەم کە دوای نزیکەی ١٠-١٢ ساڵ دەستی پێکردووەتەوە و ئێستا لەساڵی ٢٠٢٤ باسی لێوە دەکرێت، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەر کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەم:

١- دەوڵەتی تورکیا لە دوای شکستی پرۆسەی ئاشتی لە قۆناغی یەکەم، لە ماوەی ١٠-١٢ ساڵی ڕابردوو هەموو هێزی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی کۆتایی بەم کێشەیە بێنێت، بەڵام سەرەنجام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کێشەی کورد لە باکوور بە ئۆپەراسیۆنی

سەربازی چارەسەر نابێت، لەمەش زیاتر ئێستا دیپلۆماتیەتی تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ و ئەمریکا، ڕووبەڕووی ئیحراجییەکی گەورە بووەتەوە و لە هەموو دیدارەکانی تورکیا داوای لێ دەکرێت کە چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە.

لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو، دوای ئەوەی ئەرۆدغان بووە هاوپەیمانی دەوڵەت باخچەلی، ئەم هاوپەیمانییە بووە هۆکاری ئەوەی تێڕوانینی حکومەتی تورکیا سەبارەت بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی نەرێنی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆیە هیچ ئاماژەیەك نەبوو کە جارێکی دیکە حکومەتی تورکیا باس لە پرۆسەی ئاشتی بکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گوشار لە تورکیا دەکرا، کە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور دەست پێبکاتەوە، بەڵام هاوپەیمانیی ئاك پارتی لەگەڵ پارتی مەهەپەی نەژادپەرست ڕێگر بوو لەوەی بیر لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بکرێتەوە.

**٢-** بەڵام چۆن لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبی تورکیای ترساند، بۆ ئەوەی بیر لە چارەسەری ئاشتییانە بکاتەوە، لە ساڵی **٢٠٢٤**یش دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر شەڕی ئیسرائیل و حەماس و، پاشانیش شەڕەکە زۆر فراوان بوو، کە لوبنان، سووریا، یەمەن و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیلیشی گرتەوە، ئەمە وای کرد، ببێتە شەڕێکی فراوانی هەمەلایەنە لە نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتی ئێران و پاشکۆکانی وەك حزبوڵای لوبنانی، میلیشیاکانی سەر بەئێران لە سووریا، حەشدی شەعبی لە عێراق و حوسییەکانی یەمەن» کە دروستبوونی هەڕەشە و شەڕ لەگەڵ ئەم پاشکۆیانە، ئێران بە هەڕەشە و مەترسیی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خۆی لە قەڵەمیان دەدات، وەك واقیعی شەڕەکەش سەلماندوویەتی ئێستا ئەو پاشکۆیانە لە بەردەم هەڕەشەی ڕاستەقینەدان، بەتایبەتی «حەماس و حزبوڵڵا»، لەمەش خراپتر پێش نزیکەی دوو هەفتە، هێزەکانی ڕووسیا لە چەند خاڵی هاوسنووری سووریا لەگەڵ ئیسرائیل کشانەوە، ئێستا ئەو خاڵانە سوپای ئیسرائیل پڕی کردوونەتەوە، حاڵی حازر سوپا و دەبابەی ئیسرائیل لەناو سووریادان و ئۆپەراسیۆن دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی ئیسرائیل چۆن دەیەوێت گۆڕانکاری لەناو لوبناندا بکات، بە هەمان شێوە هەوڵەکانی بەو ئاراستەیەن هەمان سیناریۆ لە سووریا دووبارە بکاتەوە.

**پێش نزیکەی دوو هەفتە، هێزەکانی ڕووسیا لە چەند خاڵی هاوسنووری سووریا لەگەڵ ئیسرائیل کشانەوە، ئێستا ئەو خاڵانە سوپای ئیسرائیل پڕی کردوونەتەوە**

ئەم پێشهاتانە ئەوەمان پێ دەڵێت، گۆڕانکاریی گەورە بەسەر نەخشەی سووریا دێت و سووریا وەك سووریای جاران نامێنێتەوە، ترسی تورکیا لەم گۆڕانکارییانەی ناو سووریا ئەوەیە هێزەکانی سەر بە ئێران و حزبوڵڵا لە سووریا نەمێنن و لەوێ بۆشاییەك دروست بێت و کوردی ڕۆژئاوا سوودی لێ وەربگرن، یان ئەگەر شەڕەکە لە کۆنترۆڵ دەرچوو و ئێران و ئیسرائیل کەوتنە ناو شەڕێکی ڕاستەوخۆی کراوە، ئەوا ئەمەش حەتمەن گۆڕانکاریی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت و تورکیا دەترسێت کورد سوودی لێ وەربگرێت.

**گۆڕانکاریی گەورە بەسەر نەخشەی سووریا دێت و سووریا وەک سووریای جاران نامێنێتەوە**

بۆ ئەوەی تورکیا ڕێگری لەم گۆڕانکارییانە بکات و ناوخۆی تورکیا نەگرێتەوە، هەنگاوی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی تازەی چارەسەری ئاشتییانەی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور دەست پێبکاتەوە، بەڵام لەم پرۆسەیەدا بەدگومانییەك لە نییەتی تورکیا بۆ پرۆسەیەکی ئاشتیی ڕاستەقینە دەخوێندرێتەوە، ئەویش ئەوەیە بە تەنیا لایەنی گفتوگۆکاری لە «عەبدوڵڵا ئۆجەلان»دا چڕ کردووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کەسایەتی و سیاسەتمەداری کوردی وەك سەلاحەدین دەمرتاش لە تورکیا هەیە و سەرۆکی حزبێکە و نوێنەری لە پەرلەمانی تورکیا هەیە، بۆچی حکومەتی تورکیا ئەویش ناکاتە بەشێك لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی ئاشتی؟

**کەسایەتی و سیاسەتمەداری کوردی وەک سەلاحەدین دەمرتاش لە تورکیا هەیە و سەرۆکی حزبێکە و نوێنەری لە پەرلەمانی تورکیا هەیە، بۆچی حکومەتی تورکیا ئەویش ناکاتە بەشێک لە گفتوگۆ و دانوستاندنەکانی ئاشتی؟**

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، ئەگەر حکومەتی تورکیا ئامانجیەتی هەنگاو بۆ پرۆسەیەکی ئاشتیی ڕاستەقینە هەڵبگرێت، گرینگە پێش هەموو شتێك دەستوورەکەی بە جۆرێك هەموار بکاتەوە کە مافی کورد لەناو ئەو دەستوورە دیاری بکات، بەم هەنگاوە ئەگەر هەموو کێشەی کورد لە باکوور چارەسەر نەبن، بەڵام لانی کەم زیاتر لە ٥٠٪ی کۆی کێشەی کورد لە باکوور چارەسەر دەبێت.



**د.حەسەن ئەحمەد مستەفا**

چاودێری سیاسیی و شارەزا لە کاروباری تورکیا:

# چارەسەری پرسی کورد بەناو ڕۆحی دەستووردا تێدەپەڕێت، بۆیە پێویستە کورد و تورک پێکەوە هەوڵی گۆڕینی دەستوور بدەن

د.حەسەن ئەحمەد مستەفا، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە کاروباری تورکیا تێزی دکتۆراکەی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە و یەکێکە لەو توێژەر و شرۆڤەکارانەی کە بەردەوام لەسەر سیاسەتی تورکیا و پرسی کورد بەگشتی و کوردانی باکوور بەتایبەتی قسەی جددی و ڕاشکاوانەی خۆی هەیە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی «بازنەی گفتوگۆ»دا (هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا) زۆر بە چڕی قسەی لەسەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا و هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا کرد و بەمجۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:

ئامادەبووانی بەڕێز سڵاو و سوپاس بۆ ئەم زەمینە نایابەی خولّقاندووتانە. دەرفەتم بدەن من زیاتر سەبارەت بە دەستووری تورکیا و ڕۆڵی لە شێوەپێدانی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە تورکیا قسەبکەم.

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی چارەسەری پرسی کورد، پرۆسەی ئاشتی و بێدەنگکردنی چەك، یان هەر ناوێکی لیٚ دەنرێت، ڕۆڵی دەستووری تورکیا گرینگە. دەمەوێت باس لە هەندێك بواری گرینگ بکەم کە چوارچێوەی ئێستای نەك هەر ئازادی و دیموکراسی سنووردار دەکات، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر ددانپێدانان و مافەکانی هاووڵاتیانی کورد لە تورکیا هەیە، ئەمەش پرسێکی گرینگە بۆ دەستەبەرکردنی تورکیایەکی گشتگیرتر، کە هەموو هاووڵاتیان هەست بکەن لە تورکیا پلە یەکن، لانی کەم بەپێی یاسا ماف و ددانپێدانانێکیان هەبێت و ئاستی جیاوازییەکان دابەزێنرێن.

دەستووری تورکیا هەر دەستوورە سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٢ـە کە چەندین جار هەندێك بڕگەی هەموار کراونەتەوە، هەموارکردنەوەکەش ڕەگ و ڕیشەی لەو بنەمایانەدا بووە کە شوناس و یەکگرتوویی تورکیا لە پێشینەی کارەکانیان دادەنێت، مەبەستم لە بنەماکان ئەو ستراکچەرەیە کە ماددەی یەك تا چواری دەستوورەکە دروستی دەکات.

دەستوورەکە چەقبەستووییەکی دروست کردووە کە بە درێژایی ساڵان، بووەتە هۆی دروستبوونی گرژییەکی قووڵ لە نێوان سیٚ هیزە سەرەکییەکەی تورکیا کە کورد و ئیسلامی و عەلمانییەکانن، بەتایبەتی سەبارەت بە ماف و ناسنامەی کورد دەستوورەکە زۆر وشك و پڕ لە کێشەیە. بڕگە سەرەکییەکان، بەتایبەتی ماددەکانی یەکەم تا چوارەم، بە شێوەیەکی کاریگەر کورد پەراوێز دەخەن وحیساب بۆ هەمەجۆریی نەتەوەیی و کەلتووری میللەتان ناکەن. سەرەڕای ئەوەش، هەندێك ماددەی دیکە بەربەست لەبەردەم دیموکراسیکردن و گشتگیریی سیاسیدا دروست دەکەن.

بەڕێزان، با بە کورتی ئاماژە بە چەند ماددەیەکی گرینگ بکەم و دوایی شرۆڤەی خۆم لەسەر پرسەکە دەکەم.

ماددەکانی یەکەم تا ماددەی چوارەمی دەستووری تورکیا پێکهاتەیەکی نەگۆڕی ناسنامە و حوکمڕانیی یاسایی نەژادی پێکدەهێنن. ئەم ماددانە مەرجی ئەوەیان داناوە کە تورکیا دەوڵەتێکی یەکگرتوو و عەلمانی و دابەشنەکراوە و لەسەر بنەماکانی "ناسیونالیزمی تورك" دامەزراوە. لە کاتێکدا ئەم پرەنسیپانە بە مەبەستی پاراستنی یەکگرتوویی دەوڵەتە، چوارچێوەیەکیش دروست دەکەن، کە شوناسە نەتەوەییە غەیرە تورکەکان دەسڕێتەوە، دیارترینیان کورد و شوناسەکەیەتی کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن.

ماددەی یەکەم، باس لە فۆرمی دەوڵەت دەکات کە کۆمارێکە، لە ماددەی دووەمدا تورکیا بە (دەوڵەتێکی دیموکراسی و عەلمانی و کۆمەڵایەتی کە یاسا تێدا سەروەرە) پێناسە دەکات. لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر بنەماکانی ئەتاتورك بۆ ناسیۆنالیزم دەکاتەوە. دیموکراسی وەك لێرەدا لە ماددەی دوودا پێناسە کراوە، بە تەواوی دەربڕینی شوناسە کەلتوورییەکان جگە لە شوناسی (تورك) قەدەغە دەکات.

جەختکردنەوەی دەوڵەت لەسەر عەلمانیەت و ناسیۆنالیزم، کوردی پەراوێز خستووە، کە ناسنامەی نەتەوەیی و پراکتیزەکردنی کەلتوورە جیاوازەکانیان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك تەحەددایەك بۆ یەکسانی دەوڵەت سەیر دەکرێن. عەلمانیەت لەم کۆنتێکستەدا بە چەشنێکە وەك کراسێك بە باڵای ناسیۆنالیزمی تورکیا بڕاوە.

لە ماددەی سێی دەستووری تورکیادا هاتووە، کە دەوڵەتی تورك خاکەکەی و نەتەوەکەی دابەش ناکرێت و (زمانی تورکی) زمانی فەرمییە. لە کاتێکدا لەوانەیە یەکپارچەیی خاك پرسێکی گونجاو بێت و پەسند بکرێت، بەڵام سەپاندنی یەك زمان، شکست دەهێنێت لە ددانانان بە واقیعی فرەنەتەوە و فرەکەلتووری لە تورکیا بەتایبەت لە شارە کوردییەکاندا. ئەم بەرتەسککردنەوەی زمانە بووەتە هۆی دروستبوونی بەربەست لە توانای کورد بۆ وەرگرتنی خوێندن و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە زمانی کوردی و چالاکییە کەلتوورییەکان و تەنانەت جووڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە تورکیای سنووردار کردووە.

**دەستووری تورکیا هەر دەستووره سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٢ـە کە چەندین جار هەندێک بڕگەی هەموار کراونەتەوە، هەموارکردنەوەکەش ڕەگ و ڕیشەی لەو بنەمایانەدا بووە کە شوناس و یەکگرتوویی تورکیا لە پێشینەی کارەکانیان دادەنێت**

**ماددەکانی یەکەم تا ماددەی چوارەمی دەستووری تورکیا پێکهاتەیەکی نەگۆڕی ناسنامە و حوکمڕانیی یاسایی نەژادی پێکدەهێنن**

**ماددەی ٦٨ی دەستووری تورکیا داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکات، پابەند بن بە پرەنسیپەکانی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا و لە مێژووی تورکیادا پارتە کوردییەکان بەم ماددەیە قەدەغە کراون، ئەوە جگە لە یاساکان کە زۆر توندن**

ماددەی چوارەمی دەستووری تورکیا قوفڵێك لە ماددەکانی یەك تا سێی دەستوورەکە دەدات، لە ماددەی چواردا هاتووە، ماددەکانی یەك تا سێ و بڕگەکانیان هەموار ناکرێن و پێشنیاری هەموارکردنیشیان ناکرێت.

ئەمانە بابەتێکن سەبارەت بە کورد کە مایەی بوون و نەبوونن، هەوڵەکانیش بۆ چارەسەرکردنی داواکارییەکانی کورد لە چوارچێوەی دەستووری ئێستادا کە هەر ئەو دەستوورەیە، لە دوای کودەتای دوازدەی ئەیلوولی ١٩٨٢ نووسراوەتەوە و دەستوورێکی سەربازییە. بێ گۆڕینی دەستوورەکە، باسکردن لە چارەسەری ئاشتی زۆر مایەی ئومێدی گەورە نییە.

بەڕێزان، تەماشا بکەن، سەرکردەکانی تورك لە ناو گرووپی پارتەکانیان لە پەرلەمانی تورکیا باسی ئاشتی دەکەن، ئەگەر ئەمە شەکری ئاشتی بێ، ئەمڕۆ بەیانی کە (چواری نۆڤەمبەری ٢٠٢٤)ـە، قامچی دەستوورمان بینی، هەر ئەمڕۆ بە گوێرەی ماددەی ١٢٧ و یاسای ٥٣٩٣ سێ سەرۆك شارەوانی کورد لادران و وەزارەتی ناوخۆ خەڵکێکی دیکەی لە جێگە داناون.

هەرچەندە باسی ئاشتی بکرێت، باشە، زۆریش لە شەڕ باشترە، بەڵام بە تەواوی جێگە ناگرێت، چونکە بە گوێرەی دەستوورەکە هەر ددانپێدانانێك بە ناسنامەی کورد وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر یەکگرتوویی دەوڵەتی تاکە نەتەوە و یەکپارچەیی خاکی تورك سەیر دەکرێت.

لە دەرەوەی ماددەی ١ تا ٤، بڕگە دەستوورییەکانی دیکەش ڕێگرن لە ئازادییە دیموکراسییەکان و بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەرییان لەسەر هاووڵاتیانی کورد و گەلانی دیکە هەیە. ئەو ماددانەی کە ئازادیی ڕادەربڕین و گردبوونەوە سنووردار دەکەن، لە مێژە مایەی نیگەرانی بوون، چ لە ناوخۆی تورکیا و چ لە نێو چاودێرانی نێودەوڵەتیدا، لە نێویاندا یەکێتیی ئەورووپا.

بۆ نموونە ماددەی ٦٨ی دەستووری تورکیا داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکات، پابەند بن بە پرەنسیپەکانی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی تورکیا و لە مێژووی تورکیادا پارتە کوردییەکان بەم ماددەیە قەدەغە کراون، ئەوە جگە لە یاساکان کە زۆر توندن.

ماددەی ٢٦ی دەستوور ڕێگەی داوە هەموو قسەیەك هەڵسەنگێندرێت، ئەگەر زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت، ئیجرائات دەکرێت، بۆیەش لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان تا لێدوانەکان مایەی سەرنجن و زۆربەی سیاسەتمەداران بەم ماددەیە دەگیرهێنراون.

ماددەی ٢٤ی دەستووری تورکیا، دیقەتی لەسەر کاری ئیسلامییەکان چڕ کردووەتەوە و هێزی بە یاسای پارتە سیاسییەکان دابوو، تورکیا لە ساڵانی هەشتا و نەوەتەکانی سەدەی پێشوو بکاتە گۆڕستانی پارتە ئیسلامییەکان، ڕاستە ئێستا دۆخەکە جیاوازە و هێزی سەربازی دەسەڵاتی جووڵاندنی دادگاکانی نییە، بەڵام ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە ڕۆحی ئەم ماددەیە بگۆڕن.

ماددەی ١٧٤بوونی کەڵچەری ئایینی لە جلوبەرگەوە تا سرووتەکان لە شوێنی گشتی قەدەغە دەکات. ڕاستە ئێستا وەك پێشوو نییە، بەڵام ماددەکە وەك خۆی ماوەتەوە. ئەمەی کە کورد و خەڵکێکی دیکە لێی ناڕازین، ئەوەیە کە دەستوور ڕێگە بە سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین دەدات، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە بە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی، یان یەکگرتوویی دەوڵەت دادەنرێت. ئەوە جگە لە ماددەی ٢٦ کە سنووردارکردنی بەرچاوی ئازادی تێدایە و بە پرسی ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوەست کراوە.

ماددەی ٢٧ بە هەمان شێوە سنووردارکردنی فراوانی تێدایە کە ڕێگە بە دەسەڵاتداران دەدات، کۆبوونەوەکان سنووردار بکەن، ئەگەر وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر نەزمی گشتی، یان ئاسایشی نیشتمانی ببینرێن. لە پراکتیکدا ئەم ماددانە کاری زۆری لە کورد کردووە، کە زۆر جار کۆبوونەوەی زۆر ئاسایی و بێوەی بە پاساوی ئەوەی کە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی نەتەوەیی دروست دەکەن، قەدەغە دەکرێن. یەکێتیی ئەورووپا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چەندین جار داوایان لە تورکیا کردووە، ماددەی ٢٧ هەموار بکاتەوە، تا خۆی لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێنێت.

**ئەمەی کە کورد و خەڵکێکی دیکە لێی ناڕازین، ئەوەیە کە دەستوور ڕێگە بە سنووردارکردنی ئازادیی ڕادەربڕین دەدات، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە بە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی، یان یەکگرتوویی دەوڵەت دادەنرێت**

**لە ماددەی ٤٢دا کە هەماهەنگە لەگەڵ ماددەی سێی دەستووردا، تەنیا ڕێگە بە زمانی تورکی دەدات لە دامەزراوە پەروەردەییەکان بخوێندرێت، ئەمەش مافی زمان بۆ کورد سنووردار دەکات**

**زۆر ئەستەمە تۆ کورد بیت، بەڵام بە گوێرەی ماددەی ٦٦ هەموو هاووڵاتییەکی تورکیا بە «تورک» پێناسە دەکرێت، ئەگەر پڕۆژەیەک هەبێت بۆ ئاشتی، دەبێت لە پرسی پێناسەوە دەست پێ بکات، واتە لە گۆڕینی ماددەی ٦٦ ـەوە دەست پێ بکات**

لە ماددەی ٤٢دا کە هەماهەنگە لەگەڵ ماددەی سێی دەستووردا، تەنیا ڕێگە بە زمانی تورکی دەدات لە دامەزراوە پەروەردەییەکان بخوێندرێت، ئەمەش مافی زمان بۆ کورد سنووردار دەکات. هەرچەندە ئێستا لە سایەی چاکسازی و گۆڕانکارییەکاندا دۆخەکە هەندێك جیاوازە و بەم دواییە ڕێگەیان بە پۆلەکانی زمانی کوردی داوە، وەك هەڵبژاردەیەك و بە سنوورداری بە کوردی بخوێنن، بەڵام ئەمە لە گۆڕانی دەستوور و جێکردنەوەی لە سیاسەتی پەروەردەیی دەوڵەت بەهرەمەند نییە.

بەڕێزان، گۆڕین، یان ڕیفۆرمی دەستوورەکە تەنیا خواستی کورد نییە، بەڵکو خواست و گرفتی ئیسلامییەکانیشە، تەماشا بکەن، ماددەی ٢٤ گەرەنتی ئازادی و ئایین و ویژدان دەکات، بەڵام ئیستغلالکردنی ئایین بۆ بەرژەوەندیی سیاسی، یان کەسی قەدەغە دەکات. ماددەی ٢٤ پەروەردەی ئایینی قەدەغە دەکات، مەگەر لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا ڕێك بخرێت، بۆ ئەم مەبەستە ماددەی ١٣٦ ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری ئایینی بە دەوڵەت دەسپێرێت، لەژێر ڕۆشنایی ئەم دوو ماددەیە دەکرێت، بە دەیان شێوە لێپێچینەوە بکرێت.

لە ماددەی ٤٢شدا هاتووە کە پەروەردە دەبێت لەگەڵ بنەما عەلمانییەکان بگونجێت و تەنیا زمانی تورکی دەتوانرێت وەك زمانی فێرکردن لە قوتابخانە حکومییەکان بەکار بهێنرێت.

**● هەموار، یان گۆڕینی دەستوور**

ئەمە چەند نموونەیەك بوون لە ١٧٧ماددەکەی دەستووری تورکیای دراوسێمان، کە سێ بۆچوون لەسەر ئەم دەستوورە هەن. بۆچوونێك لەناویاندا، سەرۆك کۆمار ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و نوخبەیەکی گرینگی تورکیان کە پێیان وایە دەستووری ساڵی ١٩٨٢ کە دوای کودەتایەکی سەربازی هاتە ئاراوە، ڕەنگدانەوەی ڕۆحێکی دژە دیموکراسی و پاوانخوازانەیە و پێویستە بگۆڕدرێت، سەرنجی ئەو لەسەر دروستکردنی دەستوورێکی «مەدەنی، گشتگیر»ـە کە باشتر لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکاندا هاوتەریب بێت و شوێنەواری کاریگەری سەربازی نەهێڵێت، لانی کەم ئەمە بانگەشەکەیەتی.

ڕاکەی دیکە پێی وایە زەحمەتە لەسەر ئەم پرسە لایەنەکانی کورد، تورکی عەلمانی وتورکی ئیسلامی بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە پێویستە پێناسەکان بگۆڕدرێن، وەك پێناسەی عەلمانییەت وپرسی پەروەردە و ئەمانە.

ڕایەکی دیگە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە یاساکان بگۆڕن، چونکە گۆڕین، یان هەمواری دەستوورەکە کۆدەنگی لەسەر نییە، بەتایبەتی کە CHP بەرگەی وەرینی میراتی کەمالیزم



ناگرێت، میراتێك كە لە ماددەكانی ١-٤دا گرنتی كراوە.

هەندێك بە گومانەوە لە هەوڵەكان دەڕوانن و پێیان وایە ماددەی ١٠١ی دەستووری توركیا پەیوەندییەكی زۆری بە مشتومڕەكانی ئەم دواییەی دەستوورییەوە هەیە. ئەم ماددەیە بەتایبەتی دوای ڕیفراندۆمی دەستووری ساڵی ٢٠١٧ بوو كە توركیا لە سیستەمی حوكمڕانیی پەرلەمانییەوە بۆ سیستەمی حوكمڕانیی سەرۆكایەتی گواسترایەوە.

**توركیا هاتووەتە ئەو قەناعەتەی بەم كێشە قووڵە كۆمەڵایەتی و مێژووییەوە، كە كێشەی كوردە، ناتوانێت بە ئاسانی لەم بوومەلەرزە سیاسییانە دەرچێت كە لە ناوچەكە ڕوو دەدات**

ئەو ماددەیە لە سەرەتادا ڕێگەی بە سەرۆك داوە تەنیا دوو خول سەرۆك بێت، قاوقیژێكی گەورەی لەسەرە، كە ئایا سەرۆك ئەردۆغان دەتوانێت بە شێوەیەكی یاسایی سێ بارە خۆی كاندید بكاتەوە؟

سیستمی سەرۆكایەتی كە لە هەموارەكانی ساڵی ٢٠١٧ هاتە ئاراوە، سەرۆكی كردە سەرۆكی دەسەڵاتی جێبەجێكردن، بەمەش ڕۆڵی سەرۆك وەزیرانی نەهێشت. ئەم گۆڕانكارییە دەسەڵاتی زیاتری لە سەرۆكایەتیی كۆماردا چڕ كردەوە و نیگەرانییەكانی سەبارەت بە هاوسەنگیی دەسەڵاتەكان دروست كرد. پارتەكانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەت (جەهەپە) و (دەم پارتی) ڕەخنە لە سیستەمی سەرۆكایەتی دەگرن و بە زیاد لە پێویست بە ناوەندگەرای دەزانن. ئەوان بانگەشە بۆ گەڕانەوە بۆ سیستەمی پەرلەمانی دەكەن و دەڵێن مۆدێلی سەرۆكایەتی بەپێی ماددەی ١٠١ دژی دیموكراسییە.

**لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا دیتمان ڕۆڵی دەنگدەرانی كورد لە دیمەنی سیاسیی توركیادا بە شێوەیەكی بەرچاو گەشەی كردووە**

سەرۆك ئەردۆغان و لایەنگرانی، ماددەی ١٠١ بۆ دەستەبەركردنی كۆنترۆڵی سیاسی لە داهاتوودا زۆر بە گرینگی دەبینن، چونكە كاریگەری لەسەر توانای دووبارە كاندیدكردنەوەی ئەردۆغان بۆ پۆستەكەی دەبێت. تەماشا بكەن، ئەم مشتومڕە هیچ پەیوەندی بە كوردەوە نییە، تەنانەت پێناسەكردنەوەی عەلمانییەت و ئازادیی ئایینیش پەیوەندی بە كوردەوە نییە.

**دیمەنی سیاسیی توركیا تادێت بە هۆی پرسی كوردەوە، چ لە ناوخۆ و چ لە سیاسەتی دەرەوەیدا تووشی ئالنگاریی گەورە دەبێتەوە.**

ئەمە پرسی كەرامەتە، زۆر ئەستەمە تۆ كورد بیت، بەڵام بە گوێرەی ماددەی ٦٦ هەموو هاووڵاتییەكی توركیا بە «تورك» پێناسە دەكرێت، ئەگەر پرۆژەیەك هەبێت بۆ ئاشتی، دەبێت لە پرسی پێناسەوە دەست پێ بكات، واتە لە گۆڕینی ماددەی ٦٦ ـەوە دەست پێ بكات.

كاتێك دەوڵەت باخچەلی سەرەتاكانی كردەوە، مایەی سەرنجە، چونكە ئەو نوێنەرایەتیی دەوڵەتی قووڵ دەكات، بۆیە بمانەوێت، یان نا، توركیا هاتووەتە ئەو قەناعەتەی بەم كێشە قووڵە كۆمەڵایەتی و مێژووییەوە، كە كێشەی كوردە، ناتوانێت بە ئاسانی لەم بوومەلەرزە سیاسییانە دەرچێت كە لە ناوچەكە ڕوو دەدات.

هاوكات ستراتیژیی ناوچەیی توركیا بەتایبەت لە سووریا كاریگەری لەسەر هەڵوێستی ناوخۆی توركیا هەیە، سەبارەت بە پرسی كورد. توركیا خواستەكانی كورد بۆ بوونی بە پێكهاتەیەكی سیاسی لە سووریادا كە ئەگەری هەیە لەلایەن ئەمریكا و ئیسرائیلەوە پشتیوانی بكرێت (لانیكەم توركیا وای دەبینێت)، وەك هەڕەشەیەكی ئەمنی دەزانێت.

دوایی دێمەوە سەر فاكتەری دەرەكی، با هەندێك باس لە ڕۆڵی فاكتەری ناوخۆش بكەین، كە لەوانەیە ڕۆڵی لە پاڵنانی تورك هەبێت بە ئاراستەی باسكردنی برایەتیی كورد و تورك.

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكاندا دیتمان ڕۆڵی دەنگدەرانی كورد لە دیمەنی سیاسیی توركیادا بە شێوەیەكی بەرچاو گەشەی كردووە، بەتایبەتی سەبارەت بە سەركەوتنی هەڵبژاردنی كاندیدەكانی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكان. لە شارە گەورەكان بۆ نموونە ئیستانبووڵ ڕۆڵی دەنگدەرانی كورد لە دەستەبەركردنی سەركەوتن بۆ كاندیدی جەهەپە گرینگ بوو. دەنگدەری كورد ئەو كاریگەرییەیان پیشان دا، كە لە وەرچەرخانی دەرئەنجامەكانی هەڵبژاردندا هەیانە. ئەم ڕەوتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر سەرۆك ئەردۆغان و هاوپەیمانەكەی، دەوڵەت باخچەلی، سەرۆكی مەهەپە، بەردەوام بن لە دووركەوتنەوە لە نیگەرانییەكانی كورد، ڕەنگە ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببنەوە بۆ دەستەبەركردنی زۆرینە لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی پەرلەمانی، یان سەرۆكایەتیدا.

با بێمەوە سەر نیگەرانییە ئەمنییەكان و سیاسەتی دەرەوەی توركیا بەتایبەتی سەبارەت بە سووریا، ئەگەری بە ئامانجگرتنی سووریا لە لایەن ئیسرائیلەوە دووڕیانێكی ستراتیژی بۆ ئەردۆغان و باخچەلی دروست دەكات. دەیانەوێت



لە هەر ئەگەرێکدا بەرپەرچی خواستەکانی کورد لە ناوچەکەدا بدەنەوە، بێ ئەوەی گرژییەکان لە ناوخۆدا توندتر بکەنەوە.

دوای دەوڵەت باخچەلی، سەرۆک کۆمار ئەردۆغانیش بانگەوازی ئاشتی کرد، چەندین جار جەختی لەسەر تەوەری برایەتی و یەکڕیزی کردەوە، بەڵام زۆرێك لە کوردەکان بە گومانەوە تەماشای دۆخەکە دەکەن و وەك ئاماژەیەکی ڕیتۆریکی دەیبینن، نەك هەوڵی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد. پڕۆسەی ئاشتی کە لە ساڵی ٢٠١٥ داڕووخا، بێمتمانەیی بەردەوامی بەجێهێشت و زۆرێك لە کورد بانگەوازەکانی ئەم دواییە بۆ یەکگرتوویی بە پاڵنەرێکی سیاسی دەزانن، نەك هەوڵێکی دڵسۆزانە بۆ چارەسەرکردنی کێشە لەمێژینەکان.

پێدەچێت بۆ بەدەستهێنانی متمانەی کورد، ئەردۆغان و باخچەلی پێویستیان بە چاکسازیی مانادار هەبێت، کە باس لە مافە کەلتوورییەکان و حوکمڕانیی ناوخۆیی و یەکسانیی ئابووری بکات.

پێویستە کورد و تورك پێکەوە هەوڵی گۆڕینی دەستوور بدەن. ئەگەر لە پێشدا لەبەر CHP سڵیان لە پڕۆسەکە دەکردەوە، ئێستا CHP خۆی بە ئامادە دەزانێت، MHP خۆی پێشەنگایەتی کردووە، AKPیش هاوپەیمانی MHPـەیە کە پێشنیارەکەی کردووە، سوپا دەستوەردان ناکات. ئیستخبارات لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندایە، کەواتە پێویستە سڵ نەکەنەوە و لە دەستوورەوە دەست پێ بکەن.

دەمەوێت سەرنجەکەم ئاوا کۆبکەمەوە، دیمەنی سیاسیی تورکیا تادێت بە هۆی پرسی کوردەوە، چ لە ناوخۆ و چ لە سیاسەتی دەرەوەیدا تووشی ئالنگاریی گەورە دەبێتەوە. بۆ پاراستنی توانای هەڵبژاردن، هاوپەیمانی ئاکەپە-مەهەپە دەبێت هاوسەنگییەکی ووردبینانە دامەزرێنێتەوە، بەڵام پێدەچێت چارەسەرکردنی پرسی کورد پێویستی بە چاکسازییەکی بنەڕەتی هەبێت، تورکیش دەبێت لەوەی ئێستا هەیە پتر ئامادە بێت، چونکە ڕەنگە چیتر تەنیا قسەکردن بەس نەبێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتیی درێژخایەن.

چارەسەری پرسی کورد بەناو ڕۆحی دەستووردا تێدەپەڕێت.



خەلیل ئاتاچ

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان:

# لە دەستپێکەوە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بیرۆکەی سەرۆک بارزانی بووە، بۆیە زۆر گرینگە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کاریگەری لەم پرۆسەیەدا هەبێت

خەلیل ئاتاچ سیاسەتمەداری باکووری کوردستانە و ساڵانێکی دوور و درێژە بە پراکتیکی خەبات بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور دەکات و، لەم پێناوەدا ساڵانێك خەباتی چەکداری کردووە، دواتر گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەر کێشەی کورد لە باکوور ڕێگەچارەی ئاشتییانەیە و ئەگەر دەرفەتێك بێتە پێشەوە، گرینگە هەوڵ بدرێت بە هاوکاری لەگەڵ هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان سوودی لێوەربگرێت و ئاشتییەکی ڕاستەقینە لە باکوور بەرقەرار بکات. لەگفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.

دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە ئەم گفتوگۆیەی لەسەر مژاری «دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا» ڕێك خستووە، بەڵام من دەڵێم: ئەو پرۆسەی ئاشتییەی باسی لێوە دەکەین، «پرۆسەیەکی ئاشتیی بێ ناونیشانە». دەپرسم: بۆچی لەم کاتەدا تەنیا بە ئاخاوتنێکی دەوڵەت باخچەلی کە گوتی «با عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێتە ناو پەرلەمان و پەیامی نەمانی شەڕ و ئاشتی ڕابگەیەنێت»، ئەم پرۆسەیە دەستی پێکرد؟ بۆچی پێشتر دەوڵەتی تورکیا دەستی بە پرۆسەی ئاشتی نەکرد؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێم: هۆکاری ڕاستەقینە بۆ هاتنە ئارای باسکردنی «دەستپێکردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور» بە چەند خاڵی سەرەکییەوە گرێ دەدەمەوە کە بریتین لە:

١- شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس کە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شەڕەکە فراوانتر بووە، کە ئێستا بووەتە شەڕی نێوان «ئیسرائیل و لوبنان، ئیسرائیل و سووریا، ئیسرائیل و ئێران، ئیسرائیل و تەواوی ئەو گرووپە چەکدارانەی عێراق کە سەر بە ئێران ناسراون». لەناو ئەم شەڕە کراوە و فراوانەدا، تورکیا لەناو گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەست بە مەترسییەکی گەورە لەسەر خۆی دەکات، بۆیە دەیەوێت پلان و بەرنامەیەك دابنێت.

٢- هەتا ئێستا دیار نییە ئەم شەڕە بەرفراوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکردووە، کەی و چۆن تەواو دەبێت. نازانرێت دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە چ جۆرە گۆڕانکارییەك لە جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات. لەناو ئەم واقیعە تازەیە کە مەزندە دەکرێت ئەم شەڕە لە ناوچەکە بەدوای خۆیدا بیهێنێت، کێشەی نەتەوەیەك کە ئەویش کێشەی کوردە و ماوەی ١٠٠ ساڵە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە و لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییە ئەم کێشەیە دێتەوە بەر باس و ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت، بۆیە تورکیا لەو پێشهاتە چاوەڕوانکراوەش ترسی گەورەی هەیە.

٣- ئابووریی تورکیا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، بەردەوامیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیشی لەسەر پەکەکە و ڕۆژئاوا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر برست لە ئابوورییەکەی دەبڕێت، بۆیە تورکیا پێویستی بەوەیە بە دوای دەروازەیەك بگەڕێت کە ئابووریی وڵاتەکەی پێ ببووژێنێتەوە.

٤- لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەك پێشان بەهێز نییە، ئاکامی دەنگدان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی تورك و کورد بێ هیوای کردووە، ئەمەش بە مەترسییەکی ڕاستەقینە لەسەر ئایندەی خۆی حیساب دەکات و دەیەوێت بەهەر ڕێگەیەك بێت، ئەو مەترسییە بڕەوێنێتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە دەگەینە ئەو قەناعەتەی، ئەمەی پێی دەگوترێت «پرۆسەی ئاشتی»، نە پڕۆژەی دەوڵەت باخچەلی، نە پڕۆژەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان نییە، بەڵکو پڕۆژەی دەوڵەتی تورکیایە کە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی بەو دەوڵەتە قووڵەی ئەردۆگان و باخچەلی بەڕێوەی دەبەن، دەرقەتی ئەو گۆڕانکارییانە نایەن کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەیە و مەزندەی ئەوە دەکرێت گۆڕانکاریی زۆر زیاتریش بە دوای خۆیدا بهێنێت. بەڵام پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە، کاتێك دەوڵەتی تورکیا بۆ دوورخستنەوەی ئەم مەترسییانە دەست بۆ کورد درێژ دەکەن، ئایا ئەوەی ئێستا دەیڵێن دواتر جێبەجێی دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: بەداخەوە بە درێژایی مێژوو سایکۆلۆژیەتی تورك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد نەك تەنیا ئەردۆغان و باخچەلی، بەوجۆرە بووە دەستێکیان درێژ دەکەن بۆ ئەوەی کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بەڵام بە دەستەکەی تریان دارێکیان پێیە لە پشتی کوردی دەدەن».

ئەمەی ئێستا لە سیاسەتی تورکیا دەیبینم، «سیاسەتی دووفاقی»یە، لەلایەك باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکرێت، لە لایەکی دیکە سەرۆك شارەوانییە کوردەکان لا دەبەن و قەیوم لە جێگەکانیان دادەنێن.

ئەم سیاسەتە دووفاقییەی تورکیا و دەوڵەتانی دیکەی وەك «ئێران، عێراق، سووریا» لەگەڵ کورد مامەڵەی پێدەکەن، بووەتە هۆکاری ئەوەی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان

**ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک پێشان بەهێز نییە، ئاکامی دەنگدان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی تورک و کورد بێ هیوای کردووە**

**بە درێژایی مێژوو سایکۆلۆژیەتی تورک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کورد نەک تەنیا ئەردۆغان و باخچەلی، بەوجۆرە بووە دەستێکیان درێژ دەکەن بۆ ئەوەی کورد بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بەڵام بە دەستەکەی تریان دارێکیان پێیە لە پشتی کوردی دەدەن**

**ئەمەی ئێستا لە سیاسەتی تورکیا دەیبینم، «سیاسەتی دووفاقی»یە، لەلایەک باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکرێت، لە لایەکی دیکە سەرۆک شارەوانییە کوردەکان لا دەبەن و قەیوم لە جێگەکانیان دادەنێن**

بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، تەنانەت لە باشووری کوردستانیش کە ئێستا هەرێمێك هەیە بە ناوی «هەرێمی کوردستان»، لەم هەرێمەش هەتا ئێستا کێشەکان بە تەواوەتی چارەسەر نەکراون و هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان جیا لەوەی کۆمەڵێك کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەیە، لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی دیکەی دەوربەریشی کێشەی بۆ دروست دەکەن و نایەوێت ئەم هەرێمە هەبێت.

لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین، ئێستا لە ناوەندەکانی میدیایی و سیاسیی تورکیادا، گفتوگۆیەکی گەرم و توند لەسەر پرسی پرۆسەی ئاشتی دەکرێت کە دابەشبوون بە سەر دوو بەرەدا، بەشێکیان جەخت لەسەر قسەکانی دەوڵەت باخچەلی دەکەنەوە کە دەڵێت: «با ئۆجەلان بێتە پەرلەمانی تورکیا و کۆتایی شەڕ و چەکداماڵینی پەکەکە ڕابگەیەنێت»، بەشێکی دیکە جەخت لەسەر قسەکانی ئۆجەلان دەکەنەوە کە دەڵێت: «با بناغەیەك بۆ پرۆسەیەکی سیاسی دابڕێژین بۆ دەستپێکردن بە پرۆسەی ئاشتی، ئەو کات پرسی چەکداریی پەکەکە چارەسەر دەکەین». لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا خاڵی هاوبەش نییە، لەبەر ئەوەی باخچەلی چەکداماڵینی پەکەکەی کردووەتە مەرجی پێشوەختە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیا ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی ئاشتی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە بۆ داماڵینی پەکەکە لە چەك.

با گریمانەی ئەوە بکەین پەکەکە بڵێت «ئیرادەی ئێمە لای عەبدوڵڵا ئۆجەلانە لە ئیمراڵی» و ئۆجەلانیش هاتە ناو پەرلەمانی تورکیا و داوای کرد، پەکەکە چەك دابنێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تورکیا چۆن مامەڵە لەگەڵ گەریلاکانی پەکەکە دەکات؟ ئایا بگەڕێنەوە تورکیا دادگایی ناکرێن و هەر یەکەیان بە ٣٠-٤٠ ساڵ زیندانی ناکرێن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پەیوەستن بەوەی ئایا ئیرادەی ئۆجەلان دەتوانێت کێشەی کورد لە باکوور چارەسەر بکات؟ ئەگەر نەتوانێت چارەسەری بکات، ئایا پەکەکە پابەند دەبێت و چەك دادەنێت؟ هەموو ئەم پرسیارانە بێ وەڵامن، هەتا ئۆجەلان پەیامەکەی خۆی لە پەرلەمانی تورکیا دەدات، ئەو کات بزانین چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە.



پرسێکی دیکەی گرینگ کە گرێدراوی پرۆسەی ئاشتیی تورکیایە، مەسەلەی پرسی ڕۆژئاوایە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە گریمان پەکەکە لەسەر پەیامەکەی ئۆجەلان شەڕی ڕاگرت و چەکی دانا، ئایا تورکیا چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان دەکات؟ ئەگەر تورکیا بەو جۆرە سەیری ڕۆژئاوا بکات کە پەیەدە بەشێکە لە پەکەکە و دەبێت ئەوانیش چەك دابنێن، ئەوا تورکیاش هێزێکی زیاتر لە پەیەدەی لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، باشە لەوێ چۆن ئەو پرسە چارەسەر دەکرێت؟

گریمان هێزەکانی پەیەدە لەگەڵ هێزەکانی «سووریای دیموکراتی» هاوپەیمانییەك دروست بکەن و دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی سووریا بکەن. ئایا تورکیا کە ئێستا داوا دەکات هەژموونی سەربازی بەسەر ڕۆژئاوادا هەبێت، ئەوکات چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژئاوا دەکات؟

هەموو ئەم پرسیارانە گرێ کوێرەی ناو ئەو پرۆسە ئاشتییەن کە ئێمە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بۆیە ئەگەر تورکیا لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە ئاڵۆزە نەکات، لەوانەیە گۆڕانکارییەکان ئاکامی خراپتر بۆ تورکیا بەدوای خۆیاندا بهێنێت. هەر بۆ نموونە ئێستا ئیسرائیل لەناو خاکی لوبنانە و دەیەوێت حزبوڵڵا چەك دابنێت و حاکمییەتێك لە لوبنان دابمەزرێت، کە ئاسایشی ئیسرائیل بپارێزێت، بەرنامەی ئیسرائیل بۆ سووریاش بە هەمان شێوە و خراپتریشە، لەبەر ئەوەی هاتنە ناوەی ئیسرائیل بۆ ناو سووریا وەك ئەوەی لە لوبنان کردی، ئەگەری بەهێز ئەوەیە جوگرافیای ئێستای سووریا وەك خۆی نەمێنێتەوە و سووریا دابەش بێت بۆ چەند پارچەیەك، ڕاشکاوانەتر ببێتە سێ دەوڵەت بۆ «کورد، عەرەبی سوننە، عەرەبی عەلەوی»، ئەمە بێجگە لەوەی مەترسیی گەورە ئەوەیە شەڕەکە بگاتە ئەوەی بە تەواوەتی لە دەست دەربچێت و بگاتە شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیل، ئەوا ئەگەر ئەم شەڕە ڕووبدات، گۆڕانکارییەکان دەگاتە ئەوەی بڵێین: سنوورە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەردا دێت و سنووری تازە دێتە ئاراوە.

وێڕای ئاڵۆزیی هاوکێشەکان و گۆڕانکارییەکانی ئێستای شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو گۆڕانکارییانەشی کە مەزندە دەکرێت، ئەم شەڕە بەدوای خۆیدا بیانهێنێت، بەڵام ئەگەر تورکیا و لایەنی کوردی مامەڵە لەگەڵ ئەم دەرفەتە بکەن کە بۆ پرۆسەی ئاشتی هاتووەتە ئاراوە، دەکرێت پرۆسەکە ببرێتە پێشەوە کە بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەم:

- ئەم پرۆسەی ئاشتییەی کە باس دەکرێت لە تورکیا دەست پێدەکاتەوە، هەردوولایەنی کورد و دەوڵەتی تورکیا دەیانەوێت پرۆسەیەك بێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بۆیە ئێمە وەك کورد دەبێت بەوجۆرە سەیری ئەو پرۆسەیە بکەین، کە دەرفەتێکە هاتووەتە پێشەوە و دەبێت بۆ بەرژەوەندیی کورد و کوردستان سوودی لێوەربگرین و ڕۆڵێکی زۆری تێدا بگێڕین.
- هەر لە دەستپێکەوە، بیرۆکەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور، بیرۆکەی سەرۆك بارزانی بووە و لەم پێناوەشدا هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە ببێتە جێبەجێکردن، لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان پەیوەندیی باشی لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە، بۆیە زۆر گرینگە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری لەم پرۆسەی ئاشتییەدا هەبێت.
- بوونی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەی ئاشتی وەك لایەنێکی ناوبژیوان زۆر گرینگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەلایەك کوردانی باکوور دڵنیا دەکاتەوە کە پێداگری لەسەر مافەکانیان دەکرێت، لەلایەکی دیکەش دەوڵەتی تورکیاش لە جددییەتی لایەنی کوردی بۆ سەرخستنی پرۆسەکە دڵنیا دەکاتەوە. لە ئێستا کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، دەتوانێت لەم پرسەدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، واتە لە پرۆسەی دانوستاندنەکاندا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بۆ بەرژەوەندیی پرۆسەی ئاشتی و بەرەوپێشەوەبردنی بگێڕێت.
- لە ئێستا کە پەکەکە و ڕۆژئاوا نابنە بەشێك لە دانوستاندنەکانی پرۆسەی ئاشتی، ئەوا میانگیریی هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی دەبێتە فاکتەرێکی گرینگ بۆ ئازادبوونی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندان، کە ئەمەش یەکێکە لەو خواستانەی کە ئۆجەلان دەیەوێت بە ڕێگەی ئەم پرۆسەی ئاشتییە بۆی بێتە دی.

**هەتا ئێستاش هەرێمی کوردستان جیا لەوەی کۆمەڵێک کێشەی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەیە، لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی دیکەی دەوروبەریشی کێشەی بۆ دروست دەکەن و نایەوێت ئەم هەرێمە هەبێت**

**ئەگەر تورکیا لۆژیکانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە ئاڵۆزە نەکات، لەوانەیە گۆڕانکارییەکان ئاکامی خراپتر بۆ تورکیا بەدوای خۆیاندا بهێنێت**

**ئێستا ئیسرائیل لەناو خاکی لوبنانە و دەیەوێت حزبوڵڵا چەک دابنێت و حاکمییەتێک لە لوبنان دابمەزرێت، کە ئاسایشی ئیسرائیل بپارێزێت**

**هەرێمی کوردستان پەیوەندیی باشی لەگەڵ حکومەتی تورکیا هەیە، بۆیە زۆر گرینگە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری لەم پرۆسەی ئاشتییەدا هەبێت**



مستەفا شەفیق چاودێری سیاسی و شارەزا لە کاروباری سیاسیی تورکیا، یەکێکە لەو پسپۆڕانەی چەندین ساڵە وەك چاودێرێکی سیاسی، شرۆڤەوان و توێژەر، کار لەسەر سیاسەتی تورکیا و پرسی کورد لە باکووری کوردستان دەکات، بۆ شرۆڤەی ئەم پرسەش بەردەوام لە میدیاکانی کوردستان لێدوانی ڕاشکاوانەی هەیە و قسەی جددی خۆی دەکات، لە گفتوگۆی ئەمجارەی بازنەی گفتوگۆدا (هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەم مژارە بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی بەمجۆرە خستەڕوو.

**مستەفا شەفیق**

**چاودێری سیاسی و شارەزا لە کاروباری سیاسیی تورکیا:**

# سەقامگیری و بەشداریی کارای هەرێمی کوردستان کاریگەری و ڕۆڵی خۆی بۆ پرۆسەی ئاشتی لە باکووری کوردستان هەیە

سەرەتا وێڕای دەستخۆشیم بۆ بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سازدانی ئەم ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەم پرسە گرینگە، بەڵام من وای دەبینم، ئەگەر ئەم گفتوگۆیەمان دوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا بکردایە، لەوانەیە ئاراستەیەکی دیکەی وەربگرتایە و زیاتر دەوڵەمەند بوایە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا کاریگەری لەسەر کۆی سیاسیەتی جیهانی هەیە، بە بارودۆخە ئاڵۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە.

ئەوەی لەم گفتوگۆیە بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد، ڕاشکاوانە هیچ ئومێدێکم بەدی نەکرد کە چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت، ئەم پرۆسەی ئاشتییەی دەستی پێ کردووە، ببێتە چوارچێوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، هەر بۆیە ئاراستەی گفتوگۆکە بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، دەبێت بپرسین: ئایا چ ناوێك لەم پرۆسەیە بنێین؟ ئایا پرۆسەی ئاشتییە، یان کرانەوەیە بە ڕووی کورددا؟ بە تێروانینی

من هیچیان نییە، بەڵکو گفتوگۆیەك هاتووەتە پێشەوە و، سەرچاوەی ئەم گفتوگۆیەش بریتییە لە:

- تەوقەکردنێکی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە لەگەڵ هاوسەرۆکی دەم پارتی و پاشانیش چەند لێدوانی باخچەلی کە باسی لە برایەتیی کورد و تورك کردووە.
- سەردانی عومەر ئۆجەلان بۆ زیندانی ئیمراڵی و بینینی ئۆجەلان و پاشان ناردنی پەیامێکی بە عومەر ئۆجەلان و ڕاگەیاندنی ئەو پەیامە لە میدیاکانی تورکیادا.

ئەم دوو ڕووداوە بوونە هۆی دروستبوونی ئەم گفتوگۆیە، ئەوجا ئەم گفتوگۆیانە لە کوێ دەوەستێت و دەگاتە کوێ، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەو گفتوگۆیانە بەردەوامییان دەبێت.

لە واقیعدا، هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی ئەم گفتوگۆیە، نە لێدوانەکانی دەوڵەت باخچەلی بوو، نە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش، بەڵکو ڕاستە و ڕاست، ستراتیژیەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا تێیداین و ستراتیژیەتی دەوڵەتی تورکیایە بۆ ئەو قۆناغەی دێتە پێشەوە، ئەم ستراتیژەش دوو ڕەهەندی لە پشتەوەیە کە بریتین لە:

یەکەم: ڕەهەندی ناوخۆییە بەڕێزانیش ئاماژەیان پێکرد، بەوەی ئەردۆغان لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردوو گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد لە تورکیا لە دەستی ئاك پارتی دەرچووە و بە ڕێگەی هاوپەیمانیی جەهەپە و دەم پارتی، ئێستا لە دەستی جەهەپەدایە، ئێستا ئەردۆغان دەیەوێت دۆسێی کورد بگێڕێتەوە بەر دەستی خۆی، بەڵام ئەم کارەی بە تەنیا یەك قاچ پێ ناکرێت، واتە هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپە و دەوڵەت باخچەلی»، بەڵکو بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، پێویستی بە قاچێکی دیکەیە کە ئەویش عەبدوڵڵا ئۆجەلانە.

ئەردۆغان دەزانێت بە هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپە و باخچەلی بۆ بەدەستهێنانی دەنگی نەژادپەرستەکانی تورکیا ئەو پرۆسەیە بەڕێوە ناچێت و ناتوانێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت، هەر بۆیە ئەگەر بیەوێت پرۆسەی هەموارکردنی دەستووری تورکیا لەناو پەرلەماندا بکرێت، ئەوا پێویستی بەوە دەبێت دوو قاچی هەبێت لەسەری ڕابوەستێت کە ئەویش «ئۆجەلان و باخچەلی»یە، ئەمەش بۆ داهاتووی تورکیا خاڵێکی زۆر گرینگ دەبێت.

دووەم: ڕەهەندی دەرەکییە، بەپێی ئەو گفتوگۆ گەرمانەی لەناو میدیاکان و ناوەندە سیاسییەکانی تورکیا دەکرێن، بە هەمان شێوە ئەردۆغان ئامانجی ئەوەیە کە چۆن بتوانێت دۆسیەی کورد لە دەستی ئەمریکا دەربهێنێت، بەتایبەتیش دۆسێی ڕۆژئاوای کوردستان بێنێتە ژێر دەستی خۆی.

هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا لەم بارەوە لێدوانێکی داوە و تیایدا دەڵێت: «ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئەمریکا جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە دەستبەرداری تیرۆر بێت لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەمریکا هیچ وەڵامێکی نەداوینەتەوە و ئێستا گەیشتوونەتە ئەوەی تەنیا گوێمان لێ دەگرێت».

لەم چوارچێوەیەدا، بەدەر لەوەی ئەردۆغان لەو دوو ئامانجەی سەرکەوتوو دەبێت، یان نە، من ئەم هەنگاوەی بە کارێکی ئاقڵانە دەزانم کە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە پرۆسەی سیاسی لە تورکیا تەنیا بە یەك قاچ و هاوپەیمانی لەگەڵ نەژادپەرستەکان بەڕێوە ناچێت و پێویستی بە قاچێکی دیکە هەیە کە ئەویش عەبدوڵڵا ئۆجەلانە، ئەمەش واتە بەم هەنگاوەی دەگاتە شێوازێك لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

من وای دەبینم، ئەردۆغان هەموو هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی دۆسێی کورد لە تورکیا لە دەستی جەهەپە دەربهێنێت، ئەم کارانەشی ئێستا دەیکات، بە لابردنی سەرۆك شارەوانییەکانی باکوور و دانانی «قەیوم» لە جێگەیان، ئەمە شەڕێکی شاراوە نییە دژی کورد پیادەی بکات، یان سەرۆك شارەوانییەکی کورد لاببات، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەوەیە دۆسیەی کورد لە دەستی جەهەپە دەربهێنێت. ئایا لەمەدا ئەردۆغان سەرکەوتوو دەبێت ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەو پێشەوەچوونەکانی پرۆسەی ئاشتی دەیداتەوە.

**ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکا کاریگەری لەسەر کۆی سیاسیەتی جیهانی هەیە، بە بارودۆخە ئاڵۆزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە**

**ئەردۆغان هەموو هێزی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی دۆسێی کورد لە تورکیا لە دەستی جەهەپە دەربهێنێت**

**ئەوەی ئێستا بەرانبەر بە ئێران دەکرێت، هیچ دوور نییە ٥-١٠ ساڵی دیکە بەرانبەر تورکیا بکرێت، بۆیە ئەوەی تورکیا پلانی بۆ دادەنێت، بۆ ساڵانی داهاتووە نەک تەنیا بۆ ئێستا**

لەسەر ئاستی ڕەهەندی دەرەکی، پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا لەسەر دۆسیێی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەمریکا ڕێکدەکەوێت؟ ئەوەی من لەناو میدیای تورکی دەبینم و باسی لەسەر دەکرێت، تورکیا ئومێدی خۆی لەسەر دەرچوونەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ دووبارە بوونەوەی بەسەرۆکی ئەمریکا هەڵچنیووە، بەڵام پێموایە ئەو ئومێدە « هەڵخەڵەتێنەرە» بۆچی؟

لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین هەر لە ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا، دەبینین گۆڕانکارییەکان بە یەك ئاراستەدا دەڕۆن، جارێك هەندێك گەرم، جارێك هەندێك سارد، هەندێك جار سست، هەندێك جار توند، سەرەنجامیش گۆڕانکارییەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرن، کە هێزە هەرێمییە گەورەکان هەژموونیان لەسەر ئاستی هەرێمی کەم بکرێتەوە، نەك هەژموونیان زیاتر هەڵکشێت، لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژەدا هەژموونی تورکیا و ئێرانیشە لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەی ئێستا بەرانبەر بە ئێران دەکرێت، هیچ دوور نییە ٥-١٠ ساڵی دیکە بەرانبەر تورکیا بکرێت، بۆیە ئەوەی تورکیا پلانی بۆ دادەنێت، بۆ ساڵانی داهاتووە نەك تەنیا بۆ ئێستا.

بە تێڕوانینێکی گشتگیرانە، گۆڕانکارییەکان بە سوود و بەرژەوەندیی کورد تەواو دەبن، بەڵام کورد چۆن خۆی ڕێك دەخات و سوود لەو گۆڕانکارییانە وەردەگرێت؟ ئەوا وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەوەیە چەند ڕاستییەك لەبەرچاو بگرین و کاری لەسەر بکەین کە بریتین لە:

١- پاراستنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بە هەموو شێوەیەك و بە هەموو توانایەك.

٢- بەشداریی کارای هەرێمی کوردستان بە شێوەی ژیرانە لەو گۆڕانکارییانە لە هەردوو بەشی ڕۆژئاوا و باکوور دێنە ئاراوە.

یەکێك لەو ستراتیژانەی ئێستا لەناو شەڕی ئیسرائیل و حەماس و گرووپەکانی دیکە دەخوێنرێتەوە، ئەوەیە ئیسرائیل وەك لوبنان، دەستتێوەردان لەناو سووریا بکات، ئەم دەستتێوەردانەش گۆڕانکاری دروست دەکات، کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوا دەبێت. لە ئێستادا ئامادەکاری بۆ ئەمە دەکرێت، بەڵام گۆڕانکارییەکانی ناو ئامادەکارییەکە چۆن دەبێت؟ ئەوەیان دیار نییە، بەڵام دەکرێت چەند ئەگەرێك ڕەچاو بکرێت، لەوانە:

- ئەگەر لەناو ئەو گۆڕانکارییانە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەوا لەوانەیە ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باشوور و باکووریش بگێڕێت.
- ئەگەر هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو دواوە بکشێتەوە کە ئێستا هەندێك لایەن هەوڵی جۆرێك لە پاشەکشە بەو هەرێمە دەدەن، ئێران دەخوازێت هەژموونی سەربازیی تورکیا لە ڕۆژئاوا زیاتر بێت، بۆ ئەوەی پەردەپۆشی بوونی هێزەکانی خۆی لە سووریا بکات و تورکیاش بێتە ناوەوە و بەمەش مەترسی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، ئێمە وەك کورد دەبێت زۆر بە وردی هاوسەنگی لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوێنینەوە، واقیعییانە سەیری ئەو هاوکێشە تازەیە بکەین کە لە ناوچەکەدا هاتووەتە ئاراوە، دەبێت بزانین ئەو شەڕەی ئیسرائیل دەستی پێکردووە بە ئاسانی کۆتایی پێ نایەت و بەردەوام دەبێت، ئامانجی ئیسرائیل لە چوونە ناو خاکی لوبنان بۆ ئەوەیە جۆرێك لە سەقامگیری بۆ لوبنان بگەڕێتەوە و بیکات بە پێگەیەکی بەهێز بۆ ئاسایشی خۆی، بێگومان هەمان ئامانجی لە سووریاش هەیە، ئێستا نەخشەی بۆ دادەڕێژێت، بەڵام داڕشتنی ئەم نەخشەیە کاتی دەوێت و لەوانەیە لە ئێستا نەتوانێت بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت، کە گۆڕانکارییەکان بەردەوام دەبن و لەوانەیە شێوازی جۆراوجۆری ئابووری و جیۆپۆلیتیکیش بە خۆیەوە بگرێت. دوور نییە ئیسرائیل بازاڕێکی هاوبەش لەگەڵ تورکیا بکاتەوە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لەسەر ناوچەکە.

وێڕای هەموو ئەگەرەکان و بەردەوامیی گۆڕانکارییەکان، خوێندنەوەی من بەو جۆرەیە کە بۆ کورد، دەرفەتەکان لە مەترسییەکان زیاترن.

**ئەگەر لەناو ئەو گۆڕانکارییانە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەوا لەوانەیە ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باشوور و باکووریش بگێڕێت**

**دوور نییە ئیسرائیل بازاڕێکی هاوبەش لەگەڵ تورکیا بکاتەوە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لەسەر ناوچەکە**

**دەبێت بەبێ مەرج و مەرجکاری تورکیا و پەکەکە شەڕ ڕابگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا شەڕ ڕانەگیرێت، ناتوانرێت دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکرێت**



ماوەتەوە ئاماژەیەك بە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بکەمەوە. ئەگەر لایەنەکان مەبەستیان بێت بە ڕاستی پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێشەوە بچێت، ئەوا دەبێت لایەنەکانی پەیوەندیدار بەم پرۆسەیە بە تورکیا و پەکەکەشەوە بەبێ مەرج و مەرجکاری ئەم سێ هەنگاوە هەڵبگرن:

١- یەکەمین هەنگاو بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی دروستی ئاشتی دەستی پێ بکرێت، ئەوەیە دەبێت بەبێ مەرج و مەرجکاری تورکیا و پەکەکە شەڕ ڕابگرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەتا شەڕ ڕانەگیرێت، ناتوانرێت دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکرێت.

٢- دەبێت لایەنی سێیەم لەناو ئەم پرۆسەیەدا بوونی هەبێت. وەکو دەزانین ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پەکەکە لەم هەلومەرجەدا بە هیچ شێوەیەك ناتوانن بگەڕێنەوە تورکیا و تاوەکو زەمینەی سیاسی و یاسایی بۆ ئەمان ڕێك دەخرێت، پێویستیان بە وڵاتێکی دیکە هەیە لەوێ بمێننەوە، کە باس لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.

٣- دەبێت زەمینەیەك لە باکوور بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی لایەنی دیکەش وەك «کۆمەڵەکانی جڤاکی مەدەنی، سەندیکای پارێزەران، پارتە سیاسییە کوردییەکان، کەسایەتییەکان و... هتد» بەشدار بن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی پلاتفۆرمێك پێکبهێنرێت و ئەم پلاتفۆرمە ببێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی پرۆسەکە لەسەر ئاراستەی خۆی وەك جاری پێشوو لا نەدات. ئەوەی ئێستاش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، هەتا ئێستا دیار نییە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات.

بە کورتی دەبێت بڵێین ئێستا گفتوگۆیەك لەناو سیاسەتی تورکیا دەربارەی پرسی کورد دەستی پێکردووە، ئەم گفتوگۆیە بە کوێ دەگات، ڕوون نییە، بەڵام گفتوگۆکان بەردەوام دەبن و گۆڕانکاری و پێشهاتە ناوچەیی و جیهانی و ناوخۆییەکانی تورکیا کۆتایی ئەم گفتوگۆیانە دیار دەکەن کە بە کوێ دەگات، بۆیە پێویستیمان بە چاودێرییەکی وردی ڕۆژانی داهاتوو هەیە و بۆ پشتڕاست بوون لە ئاراستەی ئەم گفتوگۆیانە دەبێ لە نزیکەوە چاودێری پێشهاتەکان بکەین و بەدواداچوونی وردیان بۆ بکەین.




**نیزامەدین تاش**

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان:

# چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا لە چەکدانانی پەکەکە گەورەترە و هەرێمی کوردستانیش چەقی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە دەبێت

**نیزامەدین تاش یەکێکە لە سیاسەتمەدارانی کوردی باکووری کوردستان و، ناسناوی لە خەباتی چەکداریدا «بۆتان» بووە و، ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە باکوور خەباتی چەکداری کردووە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد لە باکوور بە خەباتی چەکداری و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیا چارەسەر نابێت، بۆیە دەستی داوەتە خەباتی مەدەنی و هەوڵەکانی بۆ ئەوەن کێشەی کورد لە باکوور بە شێوەی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، لە گفتوگۆی ئەم جارەی «بازنەی گفتوگۆ»دا (هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، لەسەر بنەمای ئەزموونێکی دەوڵەمەند و هزرێکی قووڵەوە دەستنیشانی کێشە سەرەکییەکانی دەوڵەتی تورکیای کرد بەرانبەر بە دۆزی کورد لە باکوور و بەمجۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو.**

سەرەتا سوپاسی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە ئەم گفتوگۆ گرنگەی لەسەر ئەم مژارە هەستیارە ڕێك خستووە.

لە سەرەتاوە دەبێت ئاماژە بەوە بکەم، ئەو پرۆسەی ئاشتییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور کە ئێستا لەناو تورکیا باسی لێوە دەکرێت، من وەك پرۆسەی ئاشتیی ڕاستەقینە نایبینم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەوڵەتی تورکیا بە فەرمی هیچ ئاماژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور پیشان نەداوە.

خاڵی گرنگ بۆ ئەوەی هەموو لایەك جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە چارەسەرکردنی

کێشەی کورد لە باکوور، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە هەیە و، چارەسەرکردنی ئەم پرسەش پەیوەندی بە هەمواركردنەوەی دەستووری توركیاوە هەیە، بۆیە من هەوڵ دەدەم قسەكانی خۆم لەسەر گرینگی هەمواركردنەوەی دەستووری توركیا چڕ بكەمەوە.

● **گرینگی هەمواركردنەوەی دەستوور**

بەپێی ئەو ماددانەی لەناو دەستوورەكەدا هاتوون، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەك سەرۆك كۆماری توركیا ئەو دەسەڵاتەی هەیە كە دەستوورەكە هەموار بكاتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە كە بارودۆخی ئێستای توركیا لە بەردەم گۆڕانكارییەكی گەورەدایە و وڵات پێویستی بە هەمواركردنەوەی دەستوورەكەی هەیە، لە هەمان كاتدا چارەنووسی سیاسیی ئەردۆغانیش كە بیەوێت جارێكی دیكە ببێتەوە بە سەرۆك كۆمار و پێویستی بەوەیە ڕێژەی «٥٠+١٪»ی دەنگەكان بەدەست بهێنێتەوە، دیار نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەڵبژاردنی شارەوانییەكانی توركیا ئەو ڕاستییەیان دەرخست كە مەحاڵە جارێكی دیكە و لەناو ئەم هاوكێشە سیاسییەی ئێستای توركیا، ئەردۆغان بگاتەوە بەو ڕێژەی دەنگانە كە پێی دەبێتەوە بە سەرۆك كۆمار.

ئێستا ڕێژەی هاوپەیمانیی «ئیتیفاق جمهور» گەیشتووەتە نزیكەی ٤٠٪ی كۆی دەنگەكان، ئەمەش ئاستەنگێكی گەورەیە بۆ ئەوەی «ئاك پارتی و هاوپەیمانەكانی» بگەنەوە بە ڕێژەی «٥٠+١٪»، بۆیە ئەم قۆناغە ئەردۆغان ناچار دەكات كە پەنا بۆ دەنگی كورد ببات، كە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكان دەنگیان بە ئەردۆغان نەدا و دەنگیان بە هاوپەیمانی «ئیتیفاق جمهور» دا، بۆیە ئەردۆغان دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت دەنگی كورد بگێڕێتەوە بۆ لای خۆی.

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە توركیا هیچ نییەتێكی نییە بۆ ئەوەی دانوستاندن لە نێوان «ئاك پارتی و پەكەكە» دەست پێ بكاتەوە، بەڵكو وەك پێشتریش لە پرۆسەی ئاشتی پیادە كراوە، پەكەكە لەناو دانوستاندنەكانی بوونی نابێت، تەنیا ئامانجی توركیا ئەوەیە پەكەكە چەك دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوجا توركیا خواستی ئەوەیە بە دەستی ئۆجەلان ئەم ئامانجە بپێكێت و هەم پەكەكە چەك دابنێت و هەمیش بە بڕیاری ئۆجەلان خۆی هەڵبوەشێنێتەوە.

● **میكانیزمی هەمواركردنەوەی دەستوور لە توركیا**

ئەردۆغان بۆ ئەوەی هەردوو ئامانجەكەی «هەڵوەشانەوەی پەكەكە، مسۆگەركردنی ٥٠+١٪ بۆ مانەوەی لە سەرۆك كۆماری» بپێكێت، پێویستی بەوەیە دەستوورەكە هەموار بكاتەوە.

میكانیزمی هەمواركردنەوەی دەستوور لەناو پەرلەمانی توركیا بە دوو شێوەیە:

١- ئەگەر ٣٦٠ پەرلەمانتار دەنگ بە هەمواركردنەوەی دەستوورەكە بدەن، لە كۆی ٦٠٠ ئەندام پەرلەمان، ئەوا هەمواركردنەكە تێدەپەڕێت، بەڵام دواتر دەبێت دەستوورەكە بخرێتە ڕیفراندۆمەوە و گەلی توركیا پەسەندی بكات. ئەردۆغان بۆ هەمواركردنەوەیەی لەم شێوەیە دەتوانێت بە كورسییەكانی «ئاك پارتی، مەهەپە، ئەحمەد داود ئۆغلۆ و عەلی باباجان»، ٣٦٠ دەنگ مسۆگەر بكات و، دەستوورەكە بنێرێت بۆ ڕیفراندۆم بۆ ئەوەی گەلی توركیا پەسەندی بكات، بەڵام ئەمە لای ئەردۆغان پەسەند نییە.

٢- میكانیزمی دووەم بۆ هەمواركردنی دەستوور كە تەنیا لەناو پەرلەمان هەموار دەكرێتەوە و پێویستی بەوە نابێت بخرێتە ڕیفراندۆمەوە، پێویستی بەوەیە لەناو پەرلەمان ٤٠٠ پەرلەمانتار دەنگی پێ بدەن، كە ئەمەش واتە دوو لەسەر سێی دەنگی ٦٠٠ پەرلەمانتار، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ڕێژەیە ئەردۆغان پێویستی بە دەنگەكانی «دەم پارتی»یە كە ٥٧ كورسییان هەیە، ئەگەر ئەم ٥٧ كورسییەی دەم پارتی بچنە پاڵ ئەو ٣٦٠ كورسییەی كە ئەردۆغان دەتوانێت بۆ هەمواركردنەوەی دەستوورەكە مسۆگەری بكات، ئەوا ڕێژەی دەنگدان بە هەمواركردنەوەكە دەچێتە سەرووی ٤٠٠ كورسی و هەمواركردنەوەكە پێویستی بەوە نابێت، بینێرن بۆ ڕاپرسی و گەلی توركیا دەنگی لەسەر بدات، بەمەش دەستوورەكە بەو جۆرە هەموار دەكرێتەوە كە ئەردۆغان مەبەستێتی.

كەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دوو خاڵەی

**چارەسەركردنی كێشەی كورد لە باكوور، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەر چوار پارچەی كوردستانەوە هەیە**

**ئەم قۆناغە ئەردۆغان ناچار دەكات كە پەنا بۆ دەنگی كورد ببات، كە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەكان دەنگیان بە ئەردۆغان نەدا**

**بەرژەوەندیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و مانەوەی لە پۆستی سەرۆك كۆمار، پێویستی بە هەمواركردنەوەی دەستوور و ڕاكێشانی دەنگی كوردە بۆ ئەوەی ئامانجەكەی خۆی مسۆگەر بكات**

ئاماژەم پێکرد، پرسەکە لە بنەڕەتەوە بەوجۆرە نییە کە تورکیا ئامادە بێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، یان دەوڵەتی تورکیا پێویستی بە هەموارکردنەوەی دەستوورەکە بێت، بەڵکو بەرژەوەندیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و مانەوەی لە پۆستی سەرۆك كۆمار، پێویستی بە هەموارکردنەوەی دەستوور و ڕاکێشانی دەنگی کوردە بۆ ئەوەی ئامانجەکەی خۆی مسۆگەر بکات، لای هەمووانیش ئاشکرایە ئەردۆغان لە پێناوی بە دیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئامادەیە هەموو کارێك بکات و هەموو بڕیارێکیش بدات.

ئەم لایەنی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی تورکیا کە فاکتەرێك بوو بۆ ئەم هەنگاوهەڵگرتنە، بەڵام هاوشانی ئەم فاکتەرە فاکتەری دەرەکی و گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شەڕێکی بەرفراوانی کراوەی مەزندە بۆ نەکراوی تێدا بەڕێوە دەچێت، دیسان ئەمەش فاکتەرێکی دیکەی گرینگە کە دەبێت زۆر بە وری هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

لە ئێستادا هەموو پێشبینییەکان بەو ئاراستەیەن کە هاوکێشەیەکی تازەی جیۆپۆلتیك و هاوسەنگیی هێز دووبارە دابڕێژدرێتەوە و هاوکێشەکانی پێشتر بە تەواوەتی گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

**ئەمڕۆ (٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤) کە ئێمە ئەم گفتۆیەی تێدا دەکەین،** هێشتا هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەستی پێ نەکردووە و نازانرێت کێ دەبێتەوە بە سەرۆك كۆماری تورکیا، بۆیە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاش کاریگەری لەسەر شەڕ و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، لەوانەیە بە هەڵبژاردنەوەی « دۆناڵد ترەمپ» وەك سەرۆکی ئەمریکا، بارودۆخی شەڕەکە فراوانتر بێت و بگاتە ئەوەی لە کۆنتڕۆڵ دەربچێت و بگاتە ئەوەی ببێتە شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیل، ئەگەر بگاتە ئەم قۆناغە هەموو شێتك لە ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تەنانەت بە سنووری هەندێك دەوڵەتیشەوە، بۆ نموونە سووریا کە بەر لە هەمووان پێشبینیی ئەو گۆڕانکارییەی لەسەر دەکرێت.

ئێران وەك دەوڵەت، جوگرافیایەکی فراوان و هێزێکی گەورەی هەیە، بۆیە پێشبینی ناکرێت نە ئیسرائیل و نە ئەمریکا بتوانن بە هێزی سەربازی کۆنتڕۆڵی بکەن، بۆیە ئامانجەکە دەستکورتکردنەوەی پاشکۆکانی ئێرانە کە لە عێراقەوە تا یەمەن بوونیان هەیە.

لەناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا، تورکیا دەپرسێت، ئایا ڕۆڵی تورکیا لەناو ئەم هاوکێشە تازەیەدا چی بەسەر دێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، ترسی تورکیا لەوە دەردەکەوێت کە ئیسرائیل دوای لوبنان دەستتێوەردانی جددی لە سووریاشدا بکات، بەمەش بارودۆخی سووریا دەشێوێت و تێکدەچێت، لەم ئاڵۆزییەشدا کوردی سووریا سوودمەند دەبن، لەمەش زیاتر تورکیا ترسی ئەوەی هەیە کە گۆڕانکارییە تازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لەم ناوچە گرینگەدا، وا بخوازێت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت.


لە ئێستادا هێزی کورد لەناو هاوپەیمانیی «هێزی دیموکراتی سووریا» هێزێکی بەرچاوە و جوگرافیایەکی گرینگی لەبەر دەستە تا دەگاتە فورات، گریمانەی ئەوەش هەیە، ئەم هێزە لەگەڵ هێزەکانی عەرەبی سوننەی سووریا ببنە هاوپەیمان و داوا بکەن کە نابێت هێزەکانی ئێران لە سووریا بمێنن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هێزی ئەم هاوپەیمانییە نزیك دەبێتەوە لە سنوورەکانی نێوان سووریا و ئیسرائیل، کە ئەمەش ڕووی دا، ئیدی ئەو سیناریۆی تورکیایە کۆتایی دێت کە پێی وابێت بە داگیرکردنی عەفرین ئیتر هەموو شت کۆتایی دێت و باڵادەست دەبێت.

کێشەی سەرەکیی تورکیا ئەوەیە کە وەك دەوڵەت لەسەر بنەمای ستراتیژ کار ناکات و بڕیار نادات، هەندێك پرسی لەخۆی کردووەتە مەترسییەکی گەورە کە لە واقیعدا بوونیان نییە، یان تەنیا هەر شتێکی خەیاڵییە، بۆ نموونە ئیسرائیل باسی «نەخشەی داود» دەکات بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لە جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیەدا کوردستان دەبێتە دەوڵەت وەك ڕێڕەوێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیە، یان وابیر دەکاتەوە ٥-١٠ ساڵی داهاتوو زەمینەیەك دێتە ئاراوە، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان

**دۆناڵد ترامپ لە خولی ئەمجارەی سەرۆکایەتییەکەیدا بە جۆرێك سزاکان لەسەر ئێران چڕ دەکاتەوە، کە بگاتەوە ئەوەی بڕیاری گۆڕانکاری بدات، لەم گۆڕانکارییەشدا کورد سوودمەندی یەکەم دەبێت**

**لایەنێکی دیکە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک ستراتیژ کاری لەسەر دەکات، ئەوەیە نەهێڵێت کێشەی کورد وەک کێشەیەکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

**بۆ ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، هەرێمی کوردستان چەقی سیاسەتە**



دەبێتە پێداویستییەك بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە، یان دۆناڵد ترامپ لە خولی ئەمجارەی سەرۆکایەتییەکەیدا بە جۆرێك سزاکان لەسەر ئێران چڕ دەکاتەوە، کە بگاتەوە ئەوەی بڕیاری گۆڕانکاری بدات، لەم گۆڕانکارییەشدا کورد سوودمەندی یەکەم دەبێت.

خوێندنەوەی واقیعی گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن تورکیاوە، گەیاندوویەتە ئەو قەناعەتەی بۆ ڕێگرتن لەم پێشهتانە ئەوا لەسەر تورکیا پێویست دەبێت کە پلانی پێشوەختەی هەبێت.

لایەنێکی دیکە کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەك ستراتیژ کاری لەسەر دەکات، ئەوەیە نەهێڵێت کێشەی کورد وەك کێشەیەکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەموو دەزانن، سەردانی بەهاری ڕابردووی ئەردۆغان بۆ ئەمریکا بۆ ئەوە بوو، ئەمریکا مۆڵەتی بدات هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوا باڵادەست بن، لە پێناوی ئەم ئامانجەدا کۆمەڵێك مەرجی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی قبووڵ کرد بەوەی سوید و فینلەندا ببنە ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە، بەڵام سەرەنجام ڕەتی کردەوە کە هێزەکانی تورکیا بچنە ڕۆژئاوا و باڵادەست بن، ڕاشکاوانە پێی گوتن «ئەو کارە نەکەیت».

لە دوماهیدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە واقیعێك هەیە، دەبێت وەك خۆی بخرێتەڕوو، بۆ ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، هەرێمی کوردستان چەقی سیاسەتە، چەندین ساڵە بوونی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێم بۆ ئەوە بووە نەهێڵێت هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئەو چەقی سیاسیەتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بگێڕێت، ئەم پرۆسەیەی ئێستا بە ناوی پرۆسەی ئاشتی لە ناو تورکیا باسی لێوە دەکرێت، تەنیا ئامانج لێی چەکدانانی پەکەکە و هەڵوەشانەوەی ئەو حزبەیە، هەر هەوڵێکیش ئەو ئامانجەی هەبێت، دەبێت هەموو لایەك پێشوازی لێ بکەین.



**مەزڵووم سەیدا موسلم**

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان:

# گرنگە کورد لەم قۆناغە هەستیارەدا بە زمانی سەردەم و ئاشتی و دیموکراتی و پێکەوەژیان باس لەکێشەی خۆی بکات

**مەزڵووم سەیدا موسلم، یەکێکە لە سیاسەتمەدارەکانی باکووری کوردستان و، ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا خەباتی چەکداری کردووە، لە ئێستادا قەناعەتی بەو جۆرەیە کە کێشەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان تەنیا بە ڕێگەی چارەسەری ئاشتییانەوە چارەسەر دەکرێت و، گرنگە کورد لەم قۆناغە هەستیارە و لە ناو گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو زمانە باس لە کێشەکەی خۆی بکات و، هەوڵ بدات چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە کە زمانی سەردەم و زمانی ئاشتی و دیموکراتی و پێکەوەژیان بێت. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (پرۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستە سەر برینەکان و بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.**

دەستخۆشی لە بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە ئەمڕۆ ئەم هەموو دەستەبژێر و شارەزایەی پێکەوە کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ بکەین کە ئەویش «پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردە لە باکوور».

دەستپێکی قسەکانم بەوە دەست پێدەکەم، کە گوایە ئێستا پرۆسەیەك لە تورکیا دەستی پێکردووە بە ناوی «پرۆسەی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا»، پرسیاری من ئەوەیە، ئایا تورکیا وەك دەوڵەت ددان بەوەدا دەنێت کە کێشەیەك لە ناو ئەو دەوڵەتەدا هەیە کە ناوی کێشەی کوردە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێتە پرسیارێکی دیکە، ئەگەر نکۆڵی لە بوونی کێشەیەك بکرێت و کێشەکە نەبێت، چارەسەرکردنی بۆ چییە؟

ئەگەر واقیعی ڕاستەقینەی کێشەی کورد لە باکوور وەك خۆی شرۆڤە بکەین، ئەوا ئەم کێشەیە وەك برینێکی قووڵی بێ دەرمانە، ماوەی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە دەوڵەتی تورکیا نکۆڵی لەو برینە و لەو کێشەیە دەکات، بە یاسا و دەستوور بوونی کورد دەسڕێتەوە و دەڵێت تورکیا «یەك دەوڵەت، یەك میللەت، یەك

زمانە»، ئەمەش مانای ئەوەیە بێجگە لە تورك نەتەوەیەكی دیكە لە ناو ئەو دەوڵەتەدا نییە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بمانەوێت هەنگاوێكی دروست بۆ چارەسەرێكی ڕاستەقینەی كێشەی كورد لە باكوور هەڵبگرین، دەبێت دەوڵەتی توركیا ددان بە بوونی كورددا بنێت وەك نەتەوەیەك، بۆ ئەمەش دەبێت دەستوورەكەی خۆی بە شێوەیەك هەموار بكاتەوە كە ناسنامەی دەوڵەتێكی فرەنەتەوە بەرجەستە بكاتەوە.

بە درێژایی مێژوو هەر كاتێك دەوڵەتی توركیا پێویستی بە كورد هەبووبێت، هەوڵی داوە بە بەرنامە و پیلانێك مامەڵە لەگەڵ كورد بكات و واپیشان بدات كە كورد و تورك بران و دەبێت كێشەكان بە ئاشتی چارەسەر بكرێت، بەڵام دوای ئەوەی كاری پێی نەما، وەك پێشان و خراپتر كوردی چەوساندووەتەوە و نكۆڵیی لە ناسنامەی كورد كردووە، لە ئێستاشدا جیا لەوەی گۆڕانكارییەكی گەورە لەسەر ناوچەكە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەیە، لە هەمان كاتدا هێزێك هەیە شەڕ لەگەڵ توركیا دەكات كە پەكەكەیە، توركیا دەیەوێت بەم بەرنامە و پلانە هەم پەكەكە نەهێڵێت و چەكی پێ دابنێت، هەمیش خۆی لە مەترسیی ئەو گۆڕانكارییانە بپارێزێت. بۆیە لە ناو چوارچێوەی توركیا وەك دەوڵەت بیری لێ دەكاتەوە و بەرنامەی پلانی بۆ دادەنێت، بۆ ئەوەش كە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بكات، لە دوو پرسی گرنگدا سەرچیخ چووە، كە بریتین لە:

١- ئەگەر توركیا پێی وایە بە ڕێگەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەكەكە چەك دابنێت و خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، كێشەی كورد لە توركیا چارەسەر دەبێت، ئەوا لەم تێڕوانینەدا هەڵەی كردووە، لەبەر ئەوەی خودی پەكەكە باوەڕی بە چارەسەر كێشەی كورد لە باكووری كوردستان نییە.

٢- ئەگەر توركیا وا مەزندە دەكات بە چەند هەنگاوێكی شۆئامێزی ناوخۆیی دەتوانێت كێشەی كورد پەردەپۆش بكات و بەردەوام بێت لە نكۆڵیكردنی، ئەوا لەمەشدا دیسان هەڵەیە، لەبەر ئەوەی كێشەی كورد لە ئێستا لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەوڵەت دەرچووە و بووەتە كێشەیەكی نێودەوڵەتی.

لە تێڕوانینێكی گشتگیردا بۆ كۆی ئەو قسە و باسانەی سەبارەت بە دەستپێكردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە توركیا دەكرێت، خاڵی سەرەكی و گەوهەریی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانە كە لەوە دەترسێت لە هەڵبژاردنەكانی داهاتوودا دەنگی پێویست نەهێنێت و نەبێتەوە سەرۆك كۆماری توركیا، بۆ ئەوەی ئەم مەترسییە بڕەوێنێتەوە، ئەردۆگان پێویستی بەوەیە ئەو لایەنەی نوێنەرایەتیی كورد دەكات لە ناو پەرلەمانی توركیا كە «دەم پارتی»یە ڕازی بكات و ڕێككەوتنی لەگەڵ بكات، بەڵام ئەو هێزەش نادات بە «دەم پارتی» كە ڕۆڵی لە پرۆسەی ئاشتییەكەدا هەبێت، بەڵكو ئامانجی بەو جۆرەیە پەكەكەی تێدا نەبێت و تەنیا لەگەڵ ئۆجەلان ئەم كارە بكات.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەكەمەوە، چارەسەركردنی كێشەی كورد لە باكوور ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر نییەتی ڕاست بۆ چارەسەركردنی كێشەكە لە لایەن دەوڵەتی توركیاوە هەبێت، ئەوا دەبێت هەنگاوی دروستی بۆ هەڵبگیرێت، بە دیدی من دەبێت ئەم هەنگاوانە هەڵبگرین:

- دەبێت بە فەرمی و لە ناو پرۆسەی هەمواركردنەوەی دەستووردا مافەكانی كورد بناسرێن و بەرجەستەی ئەوە بكاتەوە كە توركیا دەوڵەتی تەنیا میللەتێك نێیە، بەڵكو دەوڵەتێكی فرە میللەتە.

- دەبێت دەوڵەتی توركیا لێبوردنێكی گشتی بۆ كۆی زیندانییە سیاسییەكانی كورد لە باكوور دەربكات، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر پێش دەستپێكردنی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد، داكۆكیكردن لە مافی كورد و ناسنامەی كوردبوون قەدەغە و تاوان بووبێت، ئەوا كاتێك پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیە دەست پێدەكات، چیتر نابێت ئەو پرسە قەدەغە و تاوان بێت و دەبێت ئەوانەی لەسەر ئەو پرسە لە زیندانن ئازاد بكرێن.

لە دوماهیدا ئاماژە بەوە دەكەم، ئەگەر ڕەجەب تەیب ئەردۆگان وەك سەرۆك كۆماری توركیا كە كەسێكی بەهێزە و ئیمكانیەتێكی زۆر گەورەشی لەبەر دەستە، بە تێڕوانینێكی ئەقڵانییانە سەیری چارەسەری كێشەی كورد لە باكوور بكات، ئەوا دەتوانێت لە چوارچێوەی پرۆسەی هەمواركردنەوەی دەستوور و نووسینەوەی مافەكانی لە ناو ئەو دەستوورەدا (بەو شێوەیە كە كوردی باكوور پێی ڕازی بن) ئەوا ئەم چارەسەرییە دەبێتە هێزێكی زیاتر بۆ خودی ئەردۆگان و دووبارەبوونەوەی بە سەرۆك كۆمار لە هەڵبژاردنەكانی داهاتووی توركیادا، لەمەش زیاتر ئەردۆگان دەبێت لەو ڕوانگەیەوە سەیری ئەزموونی هەرێمی كوردستان بكات، كە مۆدێلێكە جێگەی ڕەزامەندیی هەموو كوردێكە و دەتوانرێت بۆ چارەسەری كێشەی كورد لە باكوور سوودی لێ وەربگرێت، بەمەش پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستانیش دەگاتە قۆناغێكی زۆر باشتر و لە بەرژەوەندیی هەردوولا (توركیا و هەرێمی كوردستان) دەبێت.

ئەگەر بمانەوێت هەنگاوێكی دروست بۆ چارەسەرێكی ڕاستەقینەی كێشەی كورد لە باكوور هەڵبگرین، دەبێت دەوڵەتی توركیا ددان بە بوونی كورددا بنێت وەك نەتەوەیەك

ئەردۆگان پێویستی بەوەیە ئەو لایەنەی نوێنەرایەتیی كورد دەكات لە ناو پەرلەمانی توركیا كە «دەم پارتی»یە ڕازی بكات و ڕێككەوتنی لەگەڵ بكات، بەڵام ئەو هێزەش نادات بە «دەم پارتی» كە ڕۆڵی لە پرۆسەی ئاشتییەكەدا هەبێت

چارەسەركردنی كێشەی كورد لە باكوور ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر نییەتی ڕاست بۆ چارەسەركردنی كێشەكە لە لایەن دەوڵەتی توركیاوە هەبێت، ئەوا دەبێت هەنگاوی دروستی بۆ هەڵبگیرێت

دەبێت بە فەرمی و لە ناو پرۆسەی هەمواركردنەوەی دەستووردا مافەكانی كورد بناسرێن و بەرجەستەی ئەوە بكاتەوە كە توركیا دەوڵەتی تەنیا میللەتێك نییە، بەڵكو دەوڵەتێكی فرە میللەتە



**مەحموود ڕەش**

سیاسەتمەداری باکووری کوردستان:

# ئۆجەلان لە ئیمڕاڵییەوە پەیامی ناردووە و داوا دەکات «کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت و پەکەکەش چەک دابنێت»، ئەم داوایەی ئۆجەلان کلیلی کردنەوەی کێشەکانە

مەحموود ڕەش، سیاسەتمەداری باکووری کوردستانە و یەکێکە لەو کەسانەی ساڵانێکی دوور و درێژ بەشداریی خەباتی چەکداریی کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە باکوور، ساڵانێکیشە بڕوای بەوەیە کە تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (پڕۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، لەسەر بنەمای ئەزموونی پراکتیکی لە ناو واقیعی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی خۆی خستە ڕوو.

بەشداربوونی تێکڕای کوردانی پارچەکانی کوردستان لەم گفتوگۆیە، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور، جێگەی بایەخی هەموو پارچەکانی کوردستانە، بۆیە لەم لایەنەوە سوپاسی بازنەی گفتوگۆی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە بەم ئاستە بەرزە بایەخی بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور داوە.

ئەو پرسەی ئێستا بووەتە ڕۆژەڤ لەناو تورکیا و ئێمەش ئێستا کە لێرە کۆبووینەتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئاماژەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەك لە ناو پرۆسەی سیاسیی تورکیا لە ئارادایە و، ئەو گۆڕانکارییەش جێگەی بایەخی هەموو لایەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەم زەمینەیە بێتە ئاراوە بۆ گفتوگۆ، لێدوانەکانی ئەم دواییەی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەژادپەرستی (مەهەپە)یە، بێگومان لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە خودی دەوڵەت باخچەلی و پارتەکەشی «مەهەپە» بە درێژایی مێژوو دژی مافەکانی کورد و سەلماندنی مافی کورد بوون، بەڵام ئێستا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بڵێت: «ئەگەر تاکێکی کورد نکۆڵی لە تورك بکات، کورد نییە و، ئەگەر تاکێکی تورك نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، تورك نییە»، ئەمە خۆی لە خۆیدا بە گۆڕانکاری و دەستکەوتێکیش بۆ کوردانی باکوور حیساب دەکرێت.

لەم گفتوگۆیەدا بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد کە دوو ڕەهەندی گەورە لە پشتی ئەم پرۆسەیەوە هەیە و، واقیعی سیاسیی تورکیا و بەرژەوەندییەکانی ئەردۆغان ناچاری کردوون بیر لەوە بکرێتەوە جارێکی دیکە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە ی کێشەی کورد لە لایەن حکومەتی تورکیاوە دەست پێ بکرێتەوە، ئەو دوو ڕەهەندەش بریتین لە:

● بۆ ئەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا ببێتەوە بە سەرۆك کۆماری تورکیا، ئەوا بە بێ دەنگ و پشتگیریی کورد نابێتەوە بە سەرۆك کۆمار، لەمەشدا ئەگەر هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور هەڵنەگرێت، ئەو پشتیوانەی بۆ مسۆگەر ناکرێت.

● کۆتاییهێنان بە شەڕ و دانانی چەك لە لایەن پەکەکە و هەڵوەشانەوەی پەکەکە وەك هێزێکی چەکداری.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو ڕەهەندە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، لەم پرۆژەیەدا بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە، ئەردۆغان و حکومەتی تورکیا بەرژەوەندییان لەم پرۆژەیەدا ئەوەیە کە دەنگ و پشگیریی کوردانی باکوور بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، لە بەرانبەردا بەرژەوەندیی کوردیش لەوەدایە کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکەی چارەسەر بکرێت، کەواتە ئەم پرۆسەیە بەرژەوەندیی هەردوولا لەخۆ دەگرێت، بۆیە گرینگە بۆ کورد کە بە قورسی بێتە ناو ئەم پرۆسەیە و ئەو دەرفەتانەی هاتوونەتە پێشەوە سوودی لێ وەربگرێت.

ئاستەنگی سەرەکیی تورکیا لە هەمبەر چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد خودی دەستوورەکەی تورکیایە، کە نایەوێت بێجگە لە «تورك» ناسنامەی هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە ناو تورکیا بسەلمێنێت، بۆیە دەبێت ئەم دەستوورە هەموار بکرێتەوە.

ئاشکرایە لە ناو واقیعی ئێستای سیاسەتی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر باس لەوە دەکرێت کە پرسی کورد ئێستا بووەتە چەکێك بە دەست چەندین لایەنەوە، وەك «ئەمریکا، ئێران، عێراق و...هتد»، ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان چۆن بیانەوێت ئەم چەکە (پەکەکە) بەکار دەهێنن، لە ئێستا کە ئەم پرۆسەی ئاشتییە لە تورکیا باسی لێوە دەکرێت، دەکرێت ئێمە کێشەی کورد وەك چەکێك بۆ بەرژەوەندیی خۆمان بەکاری بهێنین.

لەم چوارچێوەیەدا، واقیعی سیاسی پێمان دەڵێت، پەکەکە ڕاستە بۆ بەرژەوەندیی خۆی شەڕ لەگەڵ تورکیا دەکات، بەڵام ناتوانێت ببێتە بەشێك لە چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد لە باکوور، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم هێزە وەك چەکێك بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە بەکار هێنراوە، نەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور، بۆیە ئەم واقیعە فەرزی

**یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەم زەمینەیە بێتە ئاراوە بۆ گفتوگۆ، لێدوانەکانی ئەم دواییەی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی نەژادپەرستی (مەهەپە)یە**

**ئاستەنگی سەرەکیی تورکیا لە هەمبەر چارەسەرکردنی ئاشتییانە ی کێشەی کورد خودی دەستوورەکەی تورکیایە، کە نایەوێت بێجگە لە «تورك» ناسنامەی هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە ناو تورکیا بسەلمێنێت، بۆیە دەبێت ئەم دەستوورە هەموار بکرێتەوە**

**پەکەکە ڕاستە بۆ بەرژەوەندیی خۆی شەڕ لەگەڵ تورکیا دەکات، بەڵام ناتوانێت ببێتە بەشێك لە چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد لە باکوور، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم هێزە وەك چەکێك بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکە بەکار هێنراوە**

**دەبێت پەکەکە دەرک بەو ڕاستییە بکات کە دەرفەتێک بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردی باکوور لە تورکیا هاتووەتە ئاراوە و دەبێت ئەم دەرفەتە بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەربگرێت و، ناکرێت هیچ کوردێک لە دژی پرۆسەی ئاشتییانەی چارەسەری کێشەی کورد ڕابوەستێت**

**زۆر گرینگە ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد نە لە باکوور و نە لە ڕۆژئاوا بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی چارەسەر ناکرێت. ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە ئەزموونێکی شکستخواردوو تاقی دەکرێتەوە، بەڵام کێشەکەش هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە**

**گرینگە لە پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیادا، ناسنامەی کوردبوون و مافەکانی کوردی باکوور لە ناو دەستوورەکەدا بچەسپێندرێت، ئەم هەنگاوە دەبێتە کلیلی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە با**

**دوای ئەوەی کوردی باکوور دەبینێت، مافەکانی لە ناو دەستوورەکەدا دیاری کراون، خۆی بە هاووڵاتی ڕاستەقینەی تورکیا دەزانێت**

دەکات کە دەبێت هەم لایەنی کوردی و هەمیش حکومەتی تورکیا لە خاڵێکی هاوبەشدا بگەنە ئەوەی پرۆسەیەکی ڕاستەقینە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکوور پیادە بکەن.

لە ساڵی ٢٠١٥ دوای ئەوەی بۆ یەکەم جار ئاک پارتی نەیتوانی بە تەنیا حکومەت پێک بهێنێت، دەرفەتێکی زۆر باش بۆ هەدەپە هاتە پێشەوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت، ئەو کات دەبوو پەکەکە بە ڕێگەی هەدەپە گوێی لە پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵی بگرتایە و سوودی لەو دەرفەتە وەربگرتایە، بەڵام پەکەکە شەڕی دەست پێکردەوە.

ڕاستییەک هەیە کە دەبێت هەڵوەستەی ڕاشکاوانەی لەسەر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور پێویستی بەوەیە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێت، ئێستا ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە پەیامی ناردووە و داوا دەکات «کۆتایی بە شەڕ بهێنرێت و پەکەکەش چەک دابنێت». ئەم داوایەی ئۆجەلان کلیلی کردنەوەی کێشەکانە، ئەگەر ئەمە نەکرێت، ناتوانرێت پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بۆ پێشەوە هەنگاو هەڵبگرێت.


لەم چوار چێوەیەدا دەبێت پەکەکە دەرک بەو ڕاستییە بکات کە دەرفەتێک بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردی باکوور لە تورکیا هاتووەتە ئاراوە و دەبێت ئەم دەرفەتە بقۆزرێتەوە و سوودی لێ وەربگرێت و، ناکرێت هیچ کوردێک لە دژی پرۆسەی ئاشتییانەی چارەسەری کێشەی کورد ڕابوەستێت.

لە بەرانبەردا، دەبێت ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش کە ئێستا سەرۆک کۆماری تورکیایە و خاوەنی هێز و دەسەڵاتێکی گەورەیە، بە ڕاستگۆیانە گوێ لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ئیمراڵییەوە بگرێت، سەرختستنی پرۆسەی ئاشتی پێویستی بە نییەتی ڕاست و دووربینیی هەمەلایەنە هەیە. ئەگەر ئەردۆغان دەیەوێت پرۆسەی ئاشتی سەربکەوێت و کوردی باکوور دەنگی پێ بدەن و لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پشتگیریی بکەن، ئەوا دەبێت ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکات و، ئەم پرسە گرینگە بچووک نەکاتەوە بۆ هەڵوەشانەوەی پەکەکە، یان پێداگری بکات لەسەر باڵادەستی و هەژموونی سەربازیی خۆی لە ڕۆژئاوا.

لەمەش زیاتر گرینگە ئەردۆغان و حکومەتی تورکیاش دوو پرسی گرینگ لە یەکتری جیا بکەنەوە، ڕاستە چەکدارانی خۆسەر لە ڕۆژئاوا وەك ئایدیۆلۆژیەت لەسەر ئایدیۆلۆژیەتی پەکەکە سیاسەت دەکەن، بەڵام دەبێت بزانن ئایدیۆلۆژیەتی پەکەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نەك ئایدیۆلۆژیەتی پەکەکەی سەرکردایەتیی قەندیل، بۆیە دەبێت بۆ شێوازی مامەڵەکردنی خۆسەر گوێ لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بگرێت، نەك وەك چەکدارانی قەندیل مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

واقیعی ئێستای چەکدارانی خۆسەر لە ڕۆژئاوا گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، ئێستا مەزڵووم عەبدی بووەتە سەنتەر بۆیان و هەموویانی کۆکردووەتەوە و پەیوەندییەکانی خۆیان بە شێوازێکی دیکە «جیاواز لە سەرکردایەتیی قەندیل» ڕێک خستووەتەوە و بەهێزتر بوون و، زەمینەیەك هاتووەتە پێشەوە کە دەتوانن پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ باشوور بەهێزتر بکەن، ئەمەش دەرفەتێکی دیکە دێنێتە پێشەوە کە تورکیا لەوە دڵنیا بێت کە ڕۆژئاوا نابێتە مەترسی بۆ سەر تورکیا و دەتوانێت پەیوەندییەکی باشی هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ دابمەزرێنێت.

ئەم وەرچەرخانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە لایەنی کوردی بە تەواوەتی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد لە باکوور و لە تەواوی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە خەباتی چەکداری چارەسەر ناکرێت، بۆیە پێشوازی لەهەر دەستپێشخەرییەکی چارەسەری ئاشتییانە دەکات کە ئامانجی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد بێت، لە بەرانبەردا زۆر گرینگە ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیا گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی کورد نە لە باکوور و نە لە ڕۆژئاوا بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی چارەسەر ناکرێت. ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە ئەزموونێکی شکستخواردوو تاقی دەکرێتەوە، بەڵام کێشەکەش هەر بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. ئەگەر ئەردۆغان بخوازێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت، ئەوا ئاشکرایە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور لای پەکەکە



پەسەند نییە، بەڵام گەلی کورد پێشوازیی لێ دەکات، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەو پێشوازییەی گەلی کورد لە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەدا لە لایەن ئەردۆغانەوە وەك دەرفەت سەیر بكرێت، دەبێ بیکاتە دەروازیەك بۆ ئەوەی کورد لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەنگی پێ بدەن و پشتگیریی بکەن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەردۆغان ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار، ئەوا دەبێت هەردوولا (ئەردۆغان و کورد) هەنگاوی جددی هەڵبگرن، وەك:

- گرینگە لە پرۆسەی هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیادا، ناسنامەی کوردبوون و مافەکانی کوردی باکوور لە ناو دەستوورەکەدا بچەسپێندرێت، ئەم هەنگاوە دەبێتە کلیلی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور، چونکە دوای ئەوەی کوردی باکوور دەبینێت، مافەکانی لە ناو دەستوورەکەدا دیاری کراون، خۆی بە هاووڵاتی ڕاستەقینەی تورکیا دەزانێت.
- لایەنی کوردی دەبێت بە شێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە سەیری پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور بکات، وەك دەرفەت مامەڵەی لەگەڵ بکات و هەوڵ بدات ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ بەرژەوەندی و چەسپاندنی مافەکانی کورد بەرەو پێشەوە هەنگاو هەڵبگرێت. زۆر گرینگە هەموو کورد پێشوازی لەم پرۆسەی ئاشتییە بکات و بیکاتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی شەڕ کۆتایی بێت و ئاشتی بەرقەرار بێت، هیچ لایەك لە شەڕ سوودمەند نەبووە، بەڵام ئاشتیی ڕاستەقینە سوودی بۆ هەموو لایەك دەبێت.

**زۆر گرینگە هەموو کورد پێشوازی لەم پرۆسەی ئاشتییە بکات و بیکاتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی شەڕ کۆتایی بێت و ئاشتی بەرقەرار بێت**



شڤان حەمدی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# دروستبوونەوەی متمانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، کاریگەری لەسەر ڕای گشتیی کوردی باکوور هەبوو، ئەگەر زەمینەیەک بێتە ئاراوە بۆ چارەسەری ئاشتییانە ئەوا گەلی کورد لە باکوور پشتگیری ئەو ئاراستەیە دەکات

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆسە، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (پڕۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

دوای تێپەربوونی پێنج شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیادا، ڕێگە بە عومەر ئۆجەلان درا کە سەردانی ئیمراڵی بکات و عەبدوڵڵا ئۆجەلان ببینێت و، لە ئاکامی ئەم سەردانەدا عومەر ئۆجەلان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: «پەیامی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ دەوڵەتی تورکیا ئەوەیە، ئەگەر دەرفەتی پێ بدرێت، کۆتایی بە شەڕ دەهێنێت و زەمینەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد دروست دەکات»، هاوکات دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی مەهەپەی نەژادپەرستی تورك، چووە پەرلەمانی تورکیا و تەوقەی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی دەم پارتی کرد و پاشانیش ڕایگەیاند: «هەر تورکێك نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، تورك نییە و هەر کوردێك نکۆڵی لە بوونی تورك بکات، کورد نییە».

دوای ئەم دوو ئاخاوتنە، پرسی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور، بووە گفتوگۆی گەرمی ناو میدیاکانی تورکیا و، هەروەها بووە گفتوگۆی گەرمی میدیاکانی کوردستان و تەواوی ناوەندە سیاسییەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە بۆچی ماوەی ٤٣ مانگە ڕێگە نەدراوە بە هیچ کەسێك سەردانی زیندانی ئیمراڵی بکات و عەبدوڵڵا ئۆجەلان ببینیت و هەتا پەیامێك لە زیندانەوە بەرێت؟ لە بەرانبەردا بۆچی دەوڵەت باخچەلی و مەهەپە کە چەندین ساڵە هاوپەیمانی ئاك پارتین لە دەسەڵاتدا، بەردەوام نکۆڵییان لە بوونی کورد و مافەکانی کردووە، بەڵام ئێستا دەڵێن – ئەوەی نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، تورك نییە؟

بەڕێزانی بەشداربووی ئەم گفتوگۆیە هۆکاری ئەم وەرچەرخانە لە ناکاوەیان گێڕایەوە بۆ دوو هۆکار، کە بریتین لە:

١. ترسی داکشانی دەنگەکانی ئاك پارتی و مەهەپە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی مانگی نیسانی ٢٠٢٤ کە بە ڕاستی ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی چیتر ئەردۆغان نەتوانێ ٥٠+١٪ دەنگەکان بەدەست بهێنێت و ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار.

٢. ئەو گۆڕانکاییانەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس بەدوای خۆیاندا هێناویەتی و بووەتە شەڕێکی کراوە و، بە تەواوەتی فراوان بووە و زۆر شوێنی دیکەی وەك «لوبنان، سووریا، ئێران، یەمەن»ی گرتووەتەوە و، مەترسیی ئەوەشی لێ دەکرێت لە کۆنترۆڵ دەربچێت و گۆڕانکاریی زۆر گەورەتر بەدوای خۆیدا بهێنێت، ئەم گۆڕانکارییانەش بەراورد کرا بە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی، کە تورکیای ناچار کرد لە ساڵی ٢٠١٢ دەست بە پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا بکات.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی پرسی دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، هەردوو ڕەهەندکە بە شێوەیەك لە شێوەکان پێکەوە گرێ دەداتەوە، بەڵام بە هەڵوەستەکردن لە ماوەی ٢٢ ساڵی ڕابردووی پرۆسەی حوکمڕانیی تورکیا کە ئاك پارتی فەرمانڕەوا بووە و ئەردۆغان سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆمار بووە، ئەوا ڕەهەندی یەکەم کە پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی تورکیایە، دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، نەك ڕەهەندی دەرەکی و گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەر لە ساڵی ١٩٣١ کە مستەفا کەمال ئەتاتورك ڕایگەیاند «ئاشتیی ناو نیشتمان ئاشتییە لە هەموو جیهاندا - Peace at home، peace in the world»

ئەوجا ئەگەر ئەم ستراتیژەی دەوڵەتی تورکیا بکەینە بنەمای خوێندنەوەمان بۆ پرۆسەی ئاشتیی ئێستا، ئەوا دەبێت زیاتر جەخت لەسەر ڕەهەندی ناوخۆیی پرۆسەی سیاسیی تورکیا بکەینەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستپێکردنی یەکەمین پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور لە ساڵی ٢٠١٢، ئەوا دەستپێکردنی ئەو پرۆسەی ئاشتییە هێندەی پەیوەندیی بە بونیادنانی ئەو ژێرخانەوە هەیە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٢ لە سەردەستی سەرۆك بارزانی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆی دروست کرا، هێندە پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبییەوە نییە.

ئاراستەی هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانێك کە تیایدا «تورکیا و هەرێمی کوردستان- تورکیا و کورد» بگەنە لێکتێگەیشتنی هاوبەش، بووە پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی و ناوی لێ نرا «پرۆژەی دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان تورکیا و کورد». دەستپێکردنی گفتوگۆی دوولایەنە بۆ سەرخستنی پرۆسەی «دروستکردنەوەی متمانە» سەرەتا لە نێوان دەستەبژێری «ئەکادیمیست و ڕۆشنبیران و میدیاکاران» دەستی پێکرد، سەرەنجام گەیشتە ئەو ئاستەی کە تورکیا نەك هەر کونسوولخانەی خۆی لە هەرێم کردەوە و ڕێگەی بە هێڵە ئاسمانییەکانی دا گەشت بۆ هەولێر بکەن، بەڵکو ئەردۆغان سەردانی هەولێری کرد و بە ئاڵای کوردستان و تورکیا پێشوازیی لێکرا.

دروستبوونەوەی متمانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی کوردی باکوور هەبوو، وردە وردە دەرکەوت ئەگەر زەمینەیەك بێتە ئاراوە بۆ چارەسەری ئاشتییانە، ئەوا گەلی کورد لە باکوور پشتگیریی ئەو ئاراستەیە دەکات کە سەرۆك بارزانی ئامانجیەتی کێشەی کورد لە باکوور بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، زیاد لەمەش سیاسەتمەدار و پارتە سیاسییە کوردییەکانی باکوور ئەوانەی لە ناو پەرلەمانی تورکیادا نوێنەریان هەبوو، بە خودی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیشەوە، بە ئاشکرا پشتگیریی ئەو ئاراستەیەیان دەکرد کە سەرۆك بارزانی مەبەستی بوو کێشەی کورد لە باکوور بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، ئەمە گۆڕانکاریی لە بیرکردنەوەی ئەردۆغانیشدا دروست کرد و پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەستی پێکرد، بەڵام وەك بەڕێزان ئاماژەیان پێکرد، سەرەنجام پەکەکە بە شەڕی خەندەق کۆتایی پێ هێنا.

لە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتیی ئەمجارەدا، کە بە وەرچەرخانێکی گەورە لە پەیامەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و دەوڵەت باخچەلی خۆی بەرجەستە کردووە، دووخاڵی گرنگی لێ دەخوێنرێتەوە، کە بریتین لە:

١. باخچەلی پێی گوتین: ئەو سەردەمە بەسەر چوو نکۆڵی لە ماف و بوونی نەتەوەیەك بکرێت کە ئەویش نەتەوەی کوردە.

٢. عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە جیهانی ڕاگەیاند سەردەمی چارەسەری خەباتی چەکداری کۆتایی هات و دەبێت بە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت.

ئەم دوو وەرچەرخانە دەبنە ترووسکاییەك بۆ ئەوەی بە گەشبینییەوە سەیری بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا بکەین و، زەمینەیەکی لەباریش دێنێتە پێشەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەر لە سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەدا بگێڕێت.

**گەلی کورد لە باکوور پشتگیریی ئەو ئاراستەیە دەکات کە سەرۆك بارزانی ئامانجیەتی کێشەی کورد لە باکوور بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت**

**ڕەهەندی یەکەم کە پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی تورکیایە، دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی، نەك ڕەهەندی دەرەکی و گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**دەستپێکردنی ئەو پرۆسەی ئاشتییە هێندەی پەیوەندیی بە بونیادنانی ئەو ژێرخانەوە هەیە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٢ لە سەردەستی سەرۆك بارزانی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆی دروست کرا، هێندە پەیوەندیی بە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبییەوە نییە**

**ئاراستەی هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانێك کە تیایدا «تورکیا و هەرێمی کوردستان- تورکیا و کورد» بگەنە لێکتێگەیشتنی هاوبەش، بووە پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی و ناوی لێ نرا «پرۆژەی دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان تورکیا و کورد»**



پ.د.نەزاکەت حوسێن

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەرفەتە بەڵام ئاڵۆز و ئەستەمە

پ.د.نەزاکەت حسێن ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری «کوردیش گلۆب»ـە. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (پرۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.

هەر هەنگاو و پرۆژە و پێشنیارێك بۆ ئاشتی لە جیهان بەگشتی، کە ئێستا زۆرێك لە ناوچەکانی گەرمن و ئاڵۆزی و جەنگ و ململانێ هەیە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جێگەی پێشوازی و دەستخۆشی و بەدەمەوەهاتنە، چونکە لە هەر پارچەیەك ئارامی دروست ببێت، کاریگەری دەکاتە سەر دروستکردنی ئارامی بۆ ناوچەکانی دیکە، بەڵام بەشێك لەو ململانێ و گرژییانە بوونەتە درێژخایەن و چەندین گرێ کوێرە و بەربەست

و بەستەڵەکیان دروست کردووە، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەو ململانێیانە لێکەوتەیان هەبووە، ئاڵۆزیی نوێ و دەرهاویشتەی خراپی نوێیان بەرهەم هێناوە، جگە لە ململانێی ڕاستەقینەکە خۆی، کە جۆرێك لە تۆوی ڕق و کینە لە ناخی لایەنە بەرانبەرەکاندا چێندراوە، دروستکردنی ئاشتی لە دوای دروستبوونی ڕق وکینەش ئاسان نییە.

لە پرسیارێکی تەلەفزیۆنی «سی ئێن ئێن»ی ئەمریکی کە لە فەیلەسووفی سەردەم و مامۆستای زانکۆی ئۆرشەلیم «یوڤاڵ نوح هەراری» کرا، کە جوولەکەنشینی ئۆرشەلیمە، لێیان پرسی: ئایا ئاشتی دروست دەبێت لە فەڵەستین؟ لە وەڵامدا گوتی: «جەنگ ئەگەری هەیە ڕادەوەستێت و ئاگربەست ئاسانە، بەڵام دروستبوونی ئاشتی ئەستەمە و ئاسان نییە، بەتایبەتی لە ماوەیەکی خێرا و کەمدا، چونکە تۆوی ڕق و کینە لە مێژوویەکی قووڵی نێوان بەرە نەیارەکان و هەم دانیشتووانەکەشدا چێندراوە، تۆوی ڕق و کینەش بەربەستە لە بەردەم هەر نزیکبوونەوە و ئاشتییەکدا ئەگەر بە ماوەیەکی زەمەنیی درێژ کاری بۆ نەکرێت تا ئەو ڕقە بتوێتەوە، ئینجا باس لە ئاشتی بکرێت».

ئەڵبەتە باسی تورکیا جیاوازترە لە فەڵەستین و کێشەی تورکیا بەو ئاستە نەگەیشتووە، بەتایبەتی ململانێکە پانتاییەکی فراوانی نییە و نەچووەتە ناو قووڵایی خەڵك و، پێکەوەژیانی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەی کە لە تورکیا هەن تێك نەچووە، تەنیا لە ئاستێکی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی سەربازی و چەکداریدایە، بەڵام هاوکێشە سیاسی و پرۆسە ئاشتییەکانی ئەم وڵاتەش گرێ دراون بە کۆمەڵێك پرسی دیکەوە، کە ئەستەمە تا ئەوانە چارەسەر نەکرێن، دەستپێکردنەوەی ئاشتی ئاسان بێت، بەتایبەتیتریش هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەو وڵاتانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان لینکن بەو ناوچەیەوە، بەڵام هیچ شتێکیش ئەستەم نییە،: ئەگەر لێکتێگەیشتن هەبێت و نییەتباشی و دانوستان و سازانێکی هێمنانە هەبێت، ڕاگەیاندن و کۆی سیستمەکانی دیکەی وڵات بخرێنە خزمەت دروستکردنی ئەم ئایدیایە، بازارسازییەکی کۆمەڵایەتیی باشی بۆ بکرێت و کار و پلان و ئەجێندای خاوکردنەوەی گرژییەکان هەبێت، تاکو ئامادەکارییەکی سایکۆلۆژییانە بکرێت لە دەروونی هاووڵاتیان و تاکەکان و لایەنە سیاسییەکاندا، چونکە سایکۆلۆژیا دوای مێژوویەك لە ململانێ هەروا ئاسان نییە، ئامادە بێت بۆ بڕیارێکی خێرا و قەبووڵکردنی، دەبێت ڕاگەیاندنەکانی نیشتمانی بچنە سەر ئەم پرسە و بە بابەتی جۆراوجۆر تەنانەت بەرهەمهێنانی دراما و فیلمیش بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژییانە لە سایکۆلۆژیای تاکەکاندا، دەشکرێت بەرژەوەندیی ئەو وڵات و لایەنانە لە بەرچاو بگیرێت کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنی ئەو پرسە و، زیانیان بە شێوەیەك پێ نەگات کە ببنە ڕێگر، واتە کۆی ئامادەسازییە سیاسی و نەتەوەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کاری میدیایی بۆ بکرێت و پەلەش نەکرێت لە زوو گەیشتن بە ئامانج، چونکە کاری وا قورس بە هەڵپڕوسکاوی بکرێت دەرەنجامی باشی نابێت. مێژوویەك لە گرژی مێژوویەکی دەوێت بۆ خاوبوونەوە و قبووڵکردن و ئاساییبوونەوەی لە دەروونی تاکەکان و بەرە نەیارەکاندا، بەتایبەتی کورد کە جەمسەرێکی گرنگە لە هاوکێشەکەدا کە دەبێت دەوڵەتی تورکیا بە فەرمی ئاماژەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور پیشان بدات، بەتایبەتی چارەسەری کێشەی کورد لە هەر پارچەیەك پەیوەستە بە هەر سێ پارچەکەی دیکەی کوردستانەوە، چارەسەری ئەو پرسەش پەیوەندی بە دەستووریشەوە هەیە.

هەمواری دەستوور واتە دەبێت ئامادەسازیی دەستووریشی بۆ بکرێت، بەتایبەتی هەندێك بەند کە کۆنکرێتین و ڕێگەی بۆ چارەسەر و مافی کوردی وەك نەتەوەیەك نەهێشتووەتەوە. بێگومان لە پرۆسەی ئاشتیدا هەرێمی کوردستان ڕۆڵی گرنگی دەبێت، بەتایبەتی ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و سەرکردەکانی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە هەمیشە لە خەمی پرسی کورد و نەتەوەی کورددان لە هەر پارچەیەك بێت.

**تۆوی ڕق و کینەش بەربەستە لە بەردەم هەر نزیکبوونەوە و ئاشتییەکدا ئەگەر بە ماوەیەکی زەمەنیی درێژ کاری بۆ نەکرێت تا ئەو ڕقە بتوێتەوە**

**سایکۆلۆژیا دوای مێژوویەک لە ململانێ هەروا ئاسان نییە، ئامادە بێت بۆ بڕیارێکی خێرا و قەبووڵکردنی**

**مێژوویەک لە گرژی مێژوویەکی دەوێت بۆ خاوبوونەوە و قبووڵکردن و ئاساییبوونەوەی لە دەروونی تاکەکان و بەرە نەیارەکاندا**

**هەمواری دەستوور واتە دەبێت ئامادەسازیی دەستووریشی بۆ بکرێت، بەتایبەتی هەندێک بەند کە کۆنکرێتین و ڕێگەی بۆ چارەسەر و مافی کوردی وەک نەتەوەیەک نەهێشتووەتەوە**



**د.جەلال ئەحمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# دواجار مرۆڤ لەوە دەترسێ هەمووان بە دەستی پڕ و کورد بە دەستی بەتاڵ لە یارییەکە بێنە دەرەوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ڕەگەزێکی سەرەکی کە لە پرۆسەکەدا غایبە، متمانەیە

**د. جەلال ئەحمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و بەرپرسی بنکەی توێژینەوە و ڕاپرسیی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و کۆمەڵناسە و مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆ سەڵاحەدین، لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (پرۆژەی هەمواركردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، بەم جۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو.**

سەرەتا دەمەوێ لەوێوە دەست پێ بکەم، کە ئاخۆ نییەتێکی جددی هەیە بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیا؟ ئایا لەو نێوەندەدا گرێ کوێرە و بەربەستی سەرەکی، هەموارکردنەوەی بەشێك لە مادده و بەندەکانی دەستووری ئەو وڵاتەن؟

ماوەیەکە کاربەدەست و سیاسییەکانی ناوخۆی تورکیا لە لێدوانەکانیاندا بوونی شتێك بەناوی پرس و کێشەی کورد دەبەستنەوە بە دەستی دەرەکی و نیازخراپیی ئیمپریالیزمەوە، پێدەچێ هەر خودی ئەو هۆکار و پاڵنەرە دەرەکییە ئەوانی تەنگەتاو کردبێت، بیر لە تاکتیکێکی نوێ بۆ ڕاکێشانی سەرنج و سۆزی کوردانی باکوور بکەنەوە، ئەمەش لەپێناو بەرگرتن لە هەر پێشهات و گۆڕانکارییەکی پێشبینیکراو لە داهاتوودا، کە بە مەزندەیان بە زیانی ئەوان و بە قازانجی دۆسییەی کورد لە ناوچەکەدا بشکێتەوە. کەواتە پرۆسەکە لە نییەتێك بۆ چارەسەری ڕاستەقینەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو پاڵنەرەکە هەستکردنە بە مەترسی و تاکتیکێکە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان لەلایەن حزبە حوکمڕانەکان و ئۆپۆزسیۆنە نەژادپەرستەکانەوە. ئەرێ بۆ هەر تەنیا لە بارودۆخ و پێشهات و مەترسیی دەرەکیدا لا لەم پرۆسەیە کراوەتەوە؟ بۆ تەنیا جارێکیش نەمانبیست و نەمانبینی لە ئان و سات و دۆخی ئاساییدا پرسی کورد و پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا بورووژێندرێ و لای لێ بکرێتەوە. ئەمە خۆی دەرخەری نەبوونی نییەتێکی چاکە، بەڵکو نیشانەی پیلانگێڕییە لە ڕێی سۆفت پاوەرەوە دوای بێ ئاکامیی هەوڵە سەربازی و هەواڵگیرییەکان.

سەبارەت بە دەستووریش سەرباری ئەوەی کە لە ناوەڕۆکیدا کۆمەڵێك ڕێگریی کۆنکرێتی هەن و ڕێگە

بە گۆڕین، یا هەمواركردنی هیچ كام لەو مادده و بڕگانە نادات، كە دەتوانن گرێ كوێرەكان بكەنەوە و ئەوێ ببێتە وڵاتی چەندین نەتەوە، لە جیاتی ئەوەی هەر تەنیا بەناو و شوناسی تاكە نەتەوەیەك بناسێندرێت، هێشتا عەقڵییەتێكی كراوەی وەها پێ نەگەیشتووە تاوەكو ئەگەر دەستوورەكە هەمواریش بكرێتەوە، گۆڕانكارییەكی ئەوتۆی لە بەرژەوەندیی كورد و نەتەوەكانیتر بەسەردا بێت. لەبەرئەوەی كورد بەتایبەت هێشتاش وەك مەترسی و بەدیل سەیر دەكرێ، نەك وەك هاوبەشێكی ڕەسەن و خانەخوێ. ئەگەر هەر نیازێكی جددی هەبا بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور لە خزمەتی بەرقەراركردنی ئاشتی و چارەسەركردنی پرسی كورددا، بۆ لە ژمارەیەك هەمواركردنی دەستوورەكەدا هیچ كات بیر لە شتێكی وەها نەكراوەتەوە؟ كەواتە لە غیابی گۆڕانی ئەو عەقڵییەت و بیركردنەوەیە و لە بەردەوامیی ئەو ڕاسیزم و شۆڤێنییەتەی ناوەڕۆكی ئەم دەستوورەی دارشتووە، دەستوور ئەگەر هەمواریش بكرێتەوە، پراكتیزەبوونی لە ئەرزی واقیعدا ئەگەرێكی زۆر لاوازە، بەو واتایەش گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ و ئومێدبەخش ڕوونادات، لەم بارەیەشەوە نموونەی زیندوو دەستووری نوێی عێراقە، كە زۆر مافی بە كورد داوە، بەڵام ڕۆژانە پێشێل دەكرێن و زەمینەسازییش بۆ كارپێكردنی نەكراوە. پێدەچێ باخچەلی لە خەوێكی ناوخۆش خەبەری بووبێتەوە و لە خەونەكەیدا پێیان گوتبێ، ئەگەر كوردەكان نەكەن بە برای خۆتان، ئیدی كارتان تەواوە. كورت و كورمانجی باخچەلی دەیەوێ خەون و كابوسەكەی وەخێر بگێڕێ.

كەواتە لە ناوخۆی توركیادا كرانەوە و بوارێكی ئەوتۆ نەڕەخساوە بۆ قبووڵكردنی پرسی كورد وەك كێشە و سازكردنی باردۆخێكی گونجاو بۆ چارەسەركردنی، بەڵكو فاكتەر و پێشهات و ڕووداوەكانی ناوچەكە و جیهان لە دیدی كاربەدەستانی توركیاوە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە ئومێدبەخش نین. بە هەر نرخ و پێناوێك بێت دەیانەوێ لە ناوخۆوە و هەر زوو پێشی پێ بگرن، بەو واتایە نییەتەكە چارەسەركردنی پرسی كورد و بەرقەراركردنی ئاشتی نییە لە توركیادا، بەڵكو بەركارهێنان و دەستەمۆكردنی كوردە تا كەڵك لە پێشهاتە چاوەڕوانكراوەكان وەرنەگرن و ببنە برا تا ئەو كاتەی مەترسییەكان دەڕەوێنەوە، دوای ئەو كاتەش هەموویان هەر دەبێ بە شوناسێكی توركییەوە هاووڵاتی ئەو وڵاتە بن. لە دەرەوەی ئەو شوناسەدا دەبێ خزمەتكاری ئاغا بن، ئەمەش بەو پێیەی هاووڵاتیبوون لە توركیادا بە توركبوونەوە پەیوەست كراوە و دەبێ بە شوناسێكی توركییەوە بیر بكەیتەوە و هەڵسوكەوت بكەیت، تا ببیت بە هاووڵاتیی پلە یەك.

خاڵێكی دیكە كە مایەی سەرنج و هەڵوەستە لەسەركردنەوە ئەوەیە كە پرسی كورد و دۆزەكەی بە قووڵی بووەتە قوربانیی كێشمەكێشم و ململانێی نێوان ئۆپۆزسیون و دەسەڵات و خودی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكانیش بە جۆرێك كە هەندێك دەیانەوێ بۆ خۆڕاستكردنەوە، هەندێك بۆ سەركەوتن بەسەر نەیارەكانیان، هەندێكیش بۆ بەگژیەكداكردنی خودی كورد بە كاری دەهێنن. هەرچەندە ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ئەوەیە، كە لە ڕابردوودا ناوهێنان و باسكردن لە پرس و مافەكانی كورد و گێڕانی لەفزێك بە كورد بە تاوانی گەورە سەیر دەكران، بەڵام لە ئێستا كورد و پرسەكەی بوونەتە ژمارە لە هاوكێشە سیاسییەكانی ناوخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتەدا و گرەوی گەورەشیان لەسەر دەكرێت، وەلێ دواجار مرۆڤ لەوە دەترسێ هەمووان بە دەستی پڕ و كورد بە دەستی بەتاڵ لە یارییەكە بێنە دەرەوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ڕەگەزێكی سەرەكی كە لە پرۆسەكەدا غایبە، متمانەیە، متمانەكردنیش بە پرۆسەی ئاشتی و یەكلاكردنەوەی دۆز و پرسی كورد لە توركیادا ئەو كاتە دروست دەبێت، كە لە باردۆخێكی ئاسایی و نییەتێكی ڕاستەقینەوە سەرچاوەی گرتبێ. پوختەی قسان من تا وەكو تیرۆریست سەیر بكرێم، باوەڕم بە باوەشكردنەوەی تۆ نییە، تۆش تا ئینكاری بوونی من بكەیت، متمانەم پێت نییە.

كورد كە لە ناوخۆدا یەكگرتوو و خاوەن یەك گوتار نین، لە دەرەوەش وەك شەریك و فیگەرێكی كاریگەر و یەكلاكەرەوە سەیر ناكرێن و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان زیاتر وەك پارسەنگی هێز دەیانەوێ سوود لە هێزیان وەربگرن.

بە مەزندەی من لەم قۆناغەدا، كە بەرچاوڕوونییەكی ئەوتۆی نییە، كورد تەماشاكار بێت، باشترە نەك دەستپێشخەر، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ناوخۆی توركیادا دەستپێشخەر بێت، بە ئەگەری زۆرەوە لە خشتە دەبرێت و ڕیزەكانیشی پەرتتر دەبن، ئەگەریش لە دەرەوەی توركیان هەماهەنگی لەگەڵ هێزە نادڵخوازەكانی توركیا بكات، ڕووبەڕووی فشارێكی زۆر دەبێتەوە و بە دوور نازانرێ كۆبانێش وەك عەفرینی لێ بێت، بەتایبەت، كە ترەمپ بووەتەوە بە سەرۆكی ئەمریكا و، كورد بە لایەوە شەڕكەری چاكن، نەك هاوپەیمان و بەشێك لە ستراتیژی نێو سیاسەتی ئەو وڵاتە.

**پرۆسەكە لە نییەتێك بۆ چارەسەری ڕاستەقینەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵكو پاڵنەرەكە هەستكردنە بە مەترسی و تاكتیكێكە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكان لەلایەن حزبە حوكمڕانەكان و ئۆپۆزسیۆنە نەژادپەرستەكانەوە**

**هێشتا عەقڵییەتێكی كراوەی وەها پێ نەگەیشتووە تاوەكو ئەگەر دەستوورەكە هەمواریش بكرێتەوە، گۆڕانكارییەكی ئەوتۆی لە بەرژەوەندیی كورد و نەتەوەكانیتر بەسەردا بێت**

**ئەگەر هەر نیازێكی جددی هەبا بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور لە خزمەتی بەرقەراركردنی ئاشتی و چارەسەركردنی پرسی كورددا، بۆ لە ژمارەیەك هەمواركردنی دەستوورەكەدا هیچ كات بیر لە شتێكی وەها نەكراوەتەوە؟**

**كورد كە لە ناوخۆدا یەكگرتوو و خاوەن یەك گوتار نین، لە دەرەوەش وەك شەریك و فیگەرێكی كاریگەر و یەكلاكەرەوە سەیر ناكرێن و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان زیاتر وەك پارسەنگی هێز دەیانەوێ سوود لە هێزیان وەربگرن**



**فەرهاد محەمەد**

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور پرۆسەیەکی گرنگە لە چوارچێوەی وەرچەرخانی تەنگژەدا

**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و سەرنووسەری گۆڤاری گولانە کە یەکێکە لەو گۆڤارانەی کاری زۆری لەسەر دیالۆگی نێوان دەستەبژێری کورد و تورك كردووە، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدار و دەستەبژێرانەی تورك کە کاریگەرییان لە دروستکردنی بڕیار لە ناو حکومەت و هەروەها کاریگەرییان لە ناو ڕای گشتیی نەتەوەی تورکدا هەیە لە تورکیا. لە گفتوگۆی ئەم جارەی بازنەی گفتوگۆدا (پرۆژەی هەموارکردنەوەی دەستوور و دەستپێکردنەوەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە تورکیا)، بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو.**

سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لای دەسەڵاتدارانی تورکیا «دەوڵەت و سوپا»، هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیاوە هەتا ساڵی ٢٠٠٧ بە یەك تێڕوانین و سیاسەت مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە و، بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە ئەگەر «قەوارەیەکی سیاسیی کوردی، یان کوردستانی» لە ئەفریقیاش دابمەزرێت، ئەوان وەك «دەوڵەت و سوپا»ی تورکیا دژی دەبن و بە هەموو هێزێك هەوڵ دەدەن، ئەو قەوارە سیاسییە نەهێڵن و بیڕووخێنن.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، هەرێمی کوردستان بە ڕووی جیهاندا کرایەوە. ئەم کرانەوەیە بواری میدیایشی گرتەوە، لە یەکەم هەنگاومان لەم کرانەوەیەدا کۆنتراکتێکمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووس «ئیللنور چەڤیك» کرد، کە ئەوکات سەرنووسەری ڕۆژنامەی «تورکیش دەیلی نیوز» بوو و بە زمانی ئینگلیزی لە تورکیا چاپ دەکرا، بەوەی هەفتانە وتارێك لەسەر پەیوەندیی تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ گۆڤاری گولان بنووسێت، بەڵام ئەو وتارانەی چەڤیك کە لە گولان بڵاوی دەکردنەوە، زیاتر سەرکۆنەی حکومەتی تورکیای دەکرد، بەوەی زیانێکی زۆری بەر دەکەوێت، ئەگەر بە زوویی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی نەکاتەوە، بەڵام لە یەکەم چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیمان لەگەڵ پرۆفیسۆر «داڤید ئیل فلیپس» بەڕێوەبەری سەنتەری بونیادنانی ئاشتی لە زانکۆی کۆلۆمبیا، کە پێشتر لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو

ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو، لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری گوڵاندا کە «چی بکرێت بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا دروست بکرێتەوە و پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە؟»، پێی گوتین: «بۆ بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ئێوە پێویستیان بەوەیە هەوڵەکانتان بخەنەگەڕ بۆ وەرچەرخانی تەنگژەکە Conflict Transformation، نەك بەڕێوەبردنی تەنگژە Conflict Management، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبردنی تەنگژە کاری هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیایە، بەڵام وەرچەرخانی تەنگژە کاری ئێوەیە وەك میدیا، دەتوانن دیالۆگێکی کراوە لەگەڵ ئەو دەستەبژێرە ئەکادیمیست و ڕۆژنامەنووسانەی تورك دروست بکەن، کە هاوکات کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیاری حکومەت و ڕای گشتیی تورك لە ناو تورکیادا هەیە».

ئەم پێشنیارەی پرۆفیسۆر فلیپس دوای چەندین کۆبوونەوەی دەستەی نووسەرانی گوڵان بڕیار درا بکرێت بە بەرنامە کاری لەسەر بکرێت و، لە یەکەم دیمانەی ڕۆژنامەوانیمان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا و نزیك لە حکومەتەکەی ئاك پارتی خوالێخۆشبوو»محەمەد عەلی بیراند» سەرنووسەر و ستوونووسی ڕۆژنامەی «میللییەت»ی تورکی بوو، وەڵامدانەوەیەکی باشی هەبوو و قسەکانی بۆ هەردوولا (هەرێم و تورکیا) ئومێدبەخش بوون، ئەم پرۆسەیە بەردەوام بوو. دیمانەمان لەگەڵ چەندین ڕۆژنامەنووسی کاریگەر و نزیك لە ئەردۆغان و ئاك پارتی ئەنجام دا وەك «جەنگیز چاندار، سامی کۆهین و...هتد» هەروەها لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی ئەکادیمیستەکانی زانکۆکانی تورکیا، ئەم پڕۆژەیەی لای حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند بوو. لەگەڵ پڕۆژەیەکی سەنتەری بونیادنانی ئاشتیی زانکۆی کۆلۆمبیا کە پرۆفیسۆر فلیپ سەرپەرشتی دەکرد «بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا» هاوکات بوو، لەم پرۆسەیەدا ڕاستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە لۆژیك و دیپلۆماتییانە ئەو تەنگژەیەی لەگەڵ حکومەتی تورکیا بەڕێوە برد، بەڵام لە هەمان کاتدا دروستکردنی دیالۆگیش لەگەڵ دەستەبژێری ئەکادیمیست و خاوەن هزر و ڕۆژنامەنووسان کاریگەریی ئەرێنیی خۆی هەبووە و، جیا لەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا ئاسایی بوونەوە و کونسوولخانەی تورکیا لە هەولێری پایتەخت کرایەوە، لە هەمان کاتدا بووە ژێرخانێکیش بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد لە باکوور کە لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی پێکرد و ئەگەر دەستتێوەردانی دەرەکی نەبوایە، وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێکرد و پەکەکە شەڕی خەندەقی بردە ناو شارەکانی تورکیا، پرۆسەکە زۆر زیاتر دەچووە پێشەوە.

لە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا کە ئێستا (٢٠٢٤) گفتوگۆیەکی گەرمی لە ناو میدیا و ڕای گشتی تورکیا و کۆی پارچەکانی کوردستان دروست کردووە، بەرەنجامی ئەو وەرچەرخانەیە کە لە تەنگژەی نێوان «کورد بەگشتی و تێگەیشتنی دەسەڵاتداری دەوڵەتی تورکیا» هاتووەتە ئاراوە و گەیشتووەتە ئەوەی بکرێتە پرۆسەیەکی سیاسی کە «هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیا» لەخۆی بگرێت، کە ئەم هەموارکردنەوەیە ناسنامەی دەوڵەتی تورکیا لە «یەك دەوڵەت، یەك میللەت، یەك زمان، یەك ئاڵا» دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی فرەیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی تورکیا.

لەگەڵ ئەوەی ئەم وەرچەرخانە ئەو زەمینیەی دروست کردووە کە ڕای گشتیی تورك بەگشتی و ڕای گشتیی نەژادپەرستەکانی تورك بەتایبەتی، ئەو پەیامەی دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە قبووڵ بکەن، کە دەڵێت: «هەر تورکێك نکۆڵی لە بوونی کورد بکات، تورك نییە و هەر کوردێکیش نکۆڵی لە بوونی تورك بکات، کورد نییە»، لە بەرانبەریشدا ڕای گشتیی کوردی باکوور و تەواوی هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراو و سەندیکاکان پێشوازی و پاڵپشتی لە پەیامەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەکەن، کە دەڵێت: «ئەگەر دەرفەت هەبێت لە ماوەی دوو هەفتەدا کۆتایی بە شەڕ دەهێنم و دەست بە پرۆسەی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دەکەین»، بەڵام هێشتا پرۆسەکە زۆر هەستیارە و پێویستی بە سەبر و لۆژیکێکی زیاتری هەردوو لایەنی کورد و حکومەتی تورکیا هەیە و، لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی ڕای گشتی « کورد و تورك» پێشوازی و پاڵپشتیی لێ دەکرێت، بەڵام ئەگەری دەستتێوەردانی دەرەکی بە دوور نازانرێت، بۆیە هەستیاریی ئەم پرۆسەیە وا دەخوازێت، پێش ئەوەی دەست بە دیالۆگ و چارەسەری سیاسیی ئەم کێشەیە بکرێت، ژێرخانێکی دەستووری و یاسایی بۆ بونیاد بنرێت، بۆ ئەوەی تورکیا دوای چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد، سیمای دەوڵەتێکی نیشتمانیی هاوچەرخ پیشان بدات و هەموو نەتەوە و ئایینەکان، تورکیا بە نیشتمانی خۆیان بزان.

مەزندە ناکرێت سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەك ئاسان بێت کە ئاستەنگی لە بەردەم دروست نەبێت، بەڵام ئەگەر هەردوولا (کورد و تورك) بە ئیرادەوە بۆ ئاشتییەکی ڕاستەقینە هەنگاو هەڵبگرن، سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کوردی باکوور مەحاڵ نابێت.

**دروستکردنی دیالۆگ لەگەڵ دەستەبژێری ئەکادیمیست و خاوەن هزر و ڕۆژنامەنووسان کاریگەریی ئەرێنیی خۆی هەبووە**

**لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی ڕای گشتی « کورد و تورک» پێشوازی و پاڵپشتیی لێ دەکرێت، بەڵام ئەگەری دەستتێوەردانی دەرەکی بە دوور نازانرێت، بۆیە هەستیاریی ئەم پرۆسەیە وا دەخوازێت، پێش ئەوەی دەست بە دیالۆگ و چارەسەری سیاسیی ئەم کێشەیە بکرێت، ژێرخانێکی دەستووری و یاسایی بۆ بونیاد بنرێت**

**مەزندە ناکرێت سەرخستنی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەک ئاسان بێت کە ئاستەنگی لە بەردەم دروست نەبێت، بەڵام ئەگەر هەردوولا (کورد و تورک) بە ئیرادەوە بۆ ئاشتییەکی ڕاستەقینە هەنگاو هەڵبگرن، سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کوردی باکوور مەحاڵ نابێت**



# لێکەوتەکانی گرژیی وڵاتانی ئیقلیمی بۆ سەر سەقامگیریی سیاسیی هەرێمی کوردستان





**پ. د.کامەران ساڵحی**

شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو گرژییانەی لە وڵاتانی دەوروبەر و ئیقلیمی کە کاریگەریی نەرێنییان بۆسەر هەرێمی کوردستان هەیە، لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەڕەشەیە بۆسەر سەقامگیریی سیاسی، چونکە هەندێك لەو هێزە ئیقلیمییانە ئەو گرژییانە دەقۆزنەوە بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆیان و وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، کە دواجار دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە، لە هەمان کاتیشدا گرژییەکان ڕەنگدانەوەی نەرێنییان بۆسەر سەقامگیریی ئەمنیی هەرێم هەیە، بەتایبەتیش هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکانی دژی ئەو حکومەتانە و حکومەتی هەرێم، دیسان زیادبوونی دەستووەردانی سەربازیی ئەو وڵاتانە بە پاساوی ڕاونانی ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی نەرێنی و ڕاستەوخۆی بەسەر سیستمی سیاسیی هەرێمەوە دەبێت. کاریگەرییەکی دیکەی نەرێنی بریتییە لە ناسەقامگیریی ئابووری کە ململانێی چەکداری و دەستوەردانی سەربازیی وڵاتانی ئیقلیمی کاریگەریی هەیە لە ڕووی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کاڵاو شمەك، هاوکات لە ڕووی هاتنی گەشتیار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە.

نکوڵی لەوە ناکرێت کە پێگە و هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم کاریگەر بێت و هەمیش بکەوێتە ژێر کاریگەریی گرژییە ئیقلیمییەکان، بۆیە لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی ئەو گرژییانە و شێوازی ڕەنگدانەوەیان لەسەر سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ئەمنی، هەرێم دەتوانێت ستراتیژیگەلی کارای خۆی بنیاد بنێت لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئالنگارییانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە بریتین لە:

١- کێشەی وڵاتی تورکیا لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، کە ئەم گرژی و پێکدادانە چەکدارییانەی نێوانیان بووەتە هۆی ئەوەی کە هێزەکانی تورکیا بێنە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، هاوکات ڕۆژانە بۆردومانی گوند و شارۆچکەکان بکرێت، دیارە ئاسەواری ئەمەش بە نەرێنی کاریگەریی دەبێت بۆسەر ڕەوشی ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتی، جگە لە ترسی تورکیا لە فراوانبوونی دەسەڵاتی هەرێم و دواجار هەنگاونان بۆ سەربەخۆبوون.

٢- ڕۆڵ و هەژموونی ئێران لە عێراقدا و هەوڵی بەردەوامی ئەو دەوڵەتە بۆ پارێزگاریکردن لە هەژموونی سیاسی و ئابووریی خۆی لە هەرێمدا، وێڕای ڕاونانی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران لە ناو سنووری هەرێمی کوردستاندا، هاوکات زۆر جار ئێران گوشار دەخاتە سەر هەرێم لە ڕووی سیاسییەوە تا بەپیر بەرژەوەندییەکانییەوە بێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو سزا ئابوورییانەی بەسەر ئێراندا سەپێندراون، لێکەوتەی نەرێنییان بۆ سەر قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوانیان دەبێت.

٣- بەردەوامبوونی ململانێی سەربازی لە سووریا بووەتە هۆی ئەوەی بە سەدان هەزار ئاوارە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە بۆسەر سەقامگیریی ئەمنی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانی وڵات، بەتایبەتیش بارگرانیی مرۆیی و دابینکردنی خزمەتگوزاریی پەروەردە و تەندروستی و ئاو و کارەبا و سووتەمەنی.

**● گرژییە ئیقلیمییەکان و لێکەوتە نەرێنییەکان**

ئەو گرژییانەی لە وڵاتانی دەوروبەر و ئیقلیمی کە کاریگەریی نەرێنییان بۆسەر هەرێمی کوردستان هەیە، لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەڕەشەیە بۆسەر سەقامگیریی سیاسی، چونکە هەندێك لەو هێزە ئیقلیمییانە ئەو گرژییانە دەقۆزنەوە بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆیان و وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان، کە دواجار دەبێتە هۆی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتانە. لە هەمان کاتیشدا گرژییەکان ڕەنگدانەوەی نەرێنییان بۆ سەر سەقامگیریی ئەمنیی هەرێم هەیە، بە تایبەتیش هەڕەشەی گرووپە چەکدارەکانی دژی ئەو حکومەتانە و حکومەتی هەرێم، دیسان زیادبوونی دەستووەردانی سەربازیی ئەو وڵاتانە بە پاساوی ڕاونانی ئۆپۆزسیۆن کاریگەریی نەرێنی و ڕاستەوخۆی بەسەر سیستمی سیاسیی هەرێمەوە دەبێت. کاریگەرییەکی دیکەی نەرێنی بریتییە لە ناسەقامگیریی ئابووری کە ململانێی چەکداری و دەستوەردانی سەربازیی وڵاتانی ئیقلیمی کاریگەریی هەیە لە ڕووی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کاڵاو شمەك، هاوکات لە ڕووی هاتنی گەشتیار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە.

**● چۆنێتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو لێکەوتانە**

ئەرکی سیستمی سیاسیی هەرێمە کە پلانی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرژی و لێکەوتانە، ئەمەش بەوە دەبێت کە ستراتیژییەتێکی کارا بگرێتە بەر کە هەموو حزبە کوردستانییەکان لەسەری ڕێك بکەون، تا بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو ئالنگارییانەدا دەکەن، ئەو هەنگاوانەی کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە، خۆی لە چەندین بواردا دەبینێتەوە، لەوانە: پەرەپێدانی ستراتیژییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە دامەزراندنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ سەرجەم دەوڵەتانی ئیقلیمییەوە، ئەوە جگە لە توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا لە ڕووی ئەمنی و بەرگری لە سەروەریی وڵات و چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکانی نێوانیان، خاڵێکی دیکە بریتییە لە بەهێزکردنی ڕێڕەوی پرۆسەی سیاسیی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بنبڕکردنی گەندەڵی، هاوکاریی نێوان حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەست و بڕوایەکی نیشتمانی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە ڕێی دیالۆگ و ڕێزگرتن لە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی نیشتمانی. بواری ئابووریش

**پێگە و هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەیەکی ستراتیژیی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەم کاریگەر بێت و هەمیش بکەوێتە ژێر کاریگەریی گرژییە ئیقلیمییەکان**

**بەردەوامبوونی ململانێی سەربازی لە سووریا بووەتە هۆی ئەوەی بە سەدان هەزار ئاوارە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە بۆسەر سەقامگیریی ئەمنی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانی وڵات**

**ئەو گرژییانەی لە وڵاتانی دەروبەر و ئیقلیمی کە کاریگەریی نەرێنییان بۆسەر هەرێمی کوردستان هەیە، لە سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدا ڕەنگی داوەتەوە، کە هەڕەشەیە بۆسەر سەقامگیریی سیاسی، چونکە هەندێک لەو هێزە ئیقلیمییانە ئەو گرژییانە دەقۆزنەوە بۆ فراوانکردنی هەژموونی خۆیان**

زۆر گرنگە، بەتایبەتی گرنگیدان بە پێشخستنی سێکتەری ئابووری، ئەمەش بە فرەچەشنکردنی سەرچاوەکان، جگە لە نەوت، هاوکات هاوکاریکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت و پێشخستنی وەبەرهێنان لە هەموو بوارەکاندا، لەوانیش وزەی نوێبووەوە و دارشتنی بنەمایەکی بەهێز بۆ ژێرخانی ئابووری.

**● پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و تۆکمەکردنی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

هەنگاوێکی گرنگ کە پێویستە هەرێمی کوردستان هەڵیبگرێت، بەهێزکردنی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە مرۆییەکان و دامەزراوەکانی میدیا و ڕۆژنامەگەریی جیهانی و حزبە ئەوروپییەکان چ حوکمڕان یان ئۆپۆزسیۆن، هەروەها بەشداریکردنی کارا لە کۆنگرە و چالاکییە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتاندا، هاوکات بەتینکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان لە یەکێتیی ئەوروپا و کەسایەتییە گرنگەکانی گۆڕەپانی سیاسیی نێودەوڵەتی. بەهێزکردنی توانای ئەمنی و بەرگری پێویستییەکی دیکەیە، ئەمەش بە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و بەرەوڕووبوونەوەی هەر دەستدرێژییەك کە بکرێتە سەر هەرێم، دیسان پەرەپێدانی پەیوەندیی ئەمنی و بەرگری لەگەڵ بەغدا لە پاڵ پێشخستن و بووژاندنەوەی بزاڤی بازرگانیی نێوان هەرێم ودەوڵەتانی ئیقلیمی، لەپێناو وەدیهێنانی بەرژەوەندیی هاوبەش. پێویستە هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوە بدات هاوسەنگییەك بێنێتە ئاراوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، تا هاوکار بێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ و گفتوگۆ لە هەر کێشە و ململانێیەکی سیاسی و سەربازیدا.

**● ستراتیژییەتێکی تۆکمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان**

گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی توند و تۆکمە ئەرکێکی دیکەی سەرشانی هەرێمی کوردستانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و گرژییەکاندا، ئەمەش خۆی لە بەڕێوەبردن و وەستان بە ڕووی قەیرانەکانی ئابووریدا دەبینێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێت هەرێم هەوڵ بدات کۆمەك و کەرەستە بنەڕەتییەکانی وەك خۆراك و دەرمان و وزە فەراهەم بکات، پلانیشی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سرووشتییەکان و پێگەیاندنی کادیر و تەکنیکاری بەتوانا بۆ ئەم بوارانە، شانازیکردن و پارێزگاریکردنی ناسنامەی نیشتمانی سەرچاوەیەکە بۆ هێزی بنیاتنانی یەکێتییەکی تۆکمەی نیشتمانی تاکو بتوانن بەرەوڕووی ئالنگارییە دەرەکییەکان بوەستنەوە و پارێزگاری لە کەلتوور و کەلەپوور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بکەن، هاوکات پێکەوەژیانی نێوان پێکهات ئایینی و نەتەوەییەکان بەهێزبکەن.

دەبێت هەرێمی کوردستان دەست وەرنەداتە کێشە و ململانێ سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئیقلیمی، بەڵام هاوکاربێت لەگەڵیاندا بۆ نەهێشتن و قەلاچۆکردنی تیرۆر و تاوانی ڕێکخراو و هەڕەشەی ئەمنیی هاوبەش.

بڵاوکردنەوەی کەلتووری دیالۆگ و ئاشتی و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا هەنگاوێکی دیکەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گرژییانەی کە لە وڵاتانی ئیقلیمییەوە یەخەی هەرێم دەگرن، پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و وەبەرهێنان لە بواری پەروەردە و خوێندن و ڕاهێنانی گەنجان، هۆکارە بۆ بەهێزکردنی توانای ئەو توێژە، لە هەمان کاتدا پێویستە هەلی کاریان بۆ دەستەبەر بکرێت، تاکو لەژێر گوشار و کاریگەریی گرژییەکانی ناوخۆ و دەرەوە ڕزگار بکرێن.

**● کۆتایی**

گشت ئەو خاڵ و باری سەرنجانەی باسمان کردن، خۆیان لە مامەڵەکردنی هەرێمی کوردستان دەبیننەوە، لەگەڵ لێکەوت و دەرهاویشتەکانی گرژییە ئیقلیمییەکاندا، دیارە بۆ چارەسەری ئەمەش پێویستە گەلەکۆمەك و دەستەجەمعیی نیشتمانیی تۆکمە بێتە کایەوە، ئەویش بە گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی سەرتاسەری و گشتگیر کە پلانگەلێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنی لەخۆبگرێت، سەرەتا بۆ سەقامگیریی ناوخۆ کە پێگەی هەرێمی کوردستان زیاتر بەهێز بکەن، دیارە ئەمەش بەوە مەیسەر دەبێت کە هەموو حزبە کوردستانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار بکەن بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی ساغڵەم و حوکمڕانییەکی هۆشمەند، کە دواجار بتوانێت بەرەوڕووی ئاسەواری ئەو گرژییانە ببێتەوە و پەیوەندیی تۆکمە لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی و جیهانیدا بنیات بنێت، کە ڕەچاوی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموو لایەك بکات.

**پێویستە هەرێمی کوردستان هەوڵی ئەوە بدات هاوسەنگییەک بێنێتە ئاراوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیقلیمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، تا هاوکار بێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ و گفتوگۆ لە هەر کێشە و ململانێیێکی سیاسی و سەربازیدا**

**بڵاوکردنەوەی کەلتووری دیالۆگ و ئاشتی و ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا هەنگاوێکی دیکەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گرژییانەی کە لە وڵاتانی ئیقلیمییەوە یەخەی هەرێم دەگرن**

# سەرکەوتنی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ئومێد بە گەنجان دەبەخشێت

سالانە جیلێك تەمەنی یاسایی ١٨ساڵیی خۆیان تەواو دەکەن و دوای ئەوە ڕێپێدراو دەبن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا وەك دەنگدەر بەشداری بکەن، یەکەم دەنگدانیشیان جۆرێك لە بەرچاوکراوەیی و بەرپرسیاریەتییان بۆ دروست دەکات، بەوەی کە وەك تاك کاریگەری لەسەر چارەنووسی وڵاتەکەی و شێوەی ئیدارەدانی نیشتمانەکەی هەیە. دوای ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، دەرکەوت زۆرینەی خەڵکی کوردستان پشتگیری لە حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر دەکەن، گەنجانی کوردستان لە ئێستادا کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین ڕێژەی کورسییەکانی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەدەست هێناوە، دڵخۆشیی خۆیان دەردەبڕن و جەختیش لەوە دەکەنەوە کە حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر تەنیا لەسەر دەستی سەرکردایەتی و پێشڕەویی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەبێت، ئەوەش هیوایەکی گەورەیان پێ دەبەخشێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گولان ڕا و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنە ڕوو.

گولان: کۆمەڵایەتی







ئاراز لەتیف کاکەیی:

**لە سایەی ئەم سیاسەتەدا، گەنجان هەست بە دەرفەتی زیاتر بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردان و دروستکردنی داهاتووی خۆیان دەکەن**



ڕاژان عەبدولڕەحمان پیرۆ:

**گەنجان بە داینەمۆی هەر وڵاتێک دادەنرێن، پارتیمان بایەخێکی زوریان پێ دەدات و لە ڕیزبەندی یەکەمی ستراتیژییەت و بەرنامەی ئەم حزبەدا دێن**



هەڵبەست سالح شێروانی:

**پارتی لە سەرەتای دروستبوونییەوە بایەخێکی تایبەتیی بە گەنجان داوە، مێژوو شاهێدە کە دەیان گەنج لە سەرکردایەتیی پارتیدایە**

ئاراز لەتیف کاکەیی قوتابی زانکۆیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە گرنگیدان بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، یەکێك بووە لە سەرەکیترین ئامانجەکانی پارتی کە توانیویەتی متمانەی گەنجانی پێ بەدەست بهێنێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: «لە مێژووی خەباتی گەلی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هێزێکی سەرەکی و کاریگەر ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا، ئەم پارتە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا توانیویەتی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، ئەم سەرکەوتنانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە لەسەر بەخشینی هیوا بە گەنجانی کوردستان بۆ داهاتوویەکی گەشتر.

پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای پرەنسیپە دیموکراتییەکان دامەزراوە و بەردەوام کاری کردووە بۆ بەهێزکردنی ئەم بنەمایانە، گرنگیدان بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ، یەکێك بووە لە سەرەکیترین ئامانجەکانی پارتی کە توانیویەتی متمانەی گەنجانی پێ بەدەست بهێنێت، لە سایەی ئەم سیاسەتەدا، گەنجان هەست بە بوونی دەرفەتی زیاتر دەکەن بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردان و دروستکردنی داهاتووی خۆیان.

گەشەپێدانی ئابووری یەکێکیتر بووە لە دەستکەوتە گرنگەکانی پارتی، لە ڕێگەی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆییەوە پارتی توانیویەتی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێز دروست بکات، کە بووەتە هۆی دروستبوونی هەلی کاری زۆر بۆ گەنجان، ئەم گەشەکردنە ئابوورییە وای کردووە گەنجان بتوانن داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆیان دروست بکەن و خەونەکانیان بەدی بهێنن، هەروەها پەروەردە و فێرکردن بەشێکی گرنگی سیاسەتەکانی پارتی پێك دەهێنێت، لە ڕێگەی دامەزراندنی زانکۆ و پەیمانگاکان و هەروەها پشتیوانیکردن لە خوێندنی باڵا، دەرفەتی باش بۆ گەنجان ڕەخساوە تاکو تواناکانیان پەرە پێ بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیدان بە بواری زانست و تەکنەلۆژیا، یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی گەنجان بتوانن خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە بکەن و ببنە بەشێك لە پێشکەوتنەکانی جیهان، سەرەڕای سەرکەوتنەکان، پارتی ددان بە بوونی هەندێك کێشە و ئاستەنگدا دەنێت و هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدات، کێشەی بێکاری و نیشتەجێبوون دوو کێشەی سەرەکین کە ڕووبەڕووی گەنجان دەبنەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، پارتی چەندین بەرنامەی داناوە وەك پشتیوانیکردن لە پرۆژە بچووکەکان، دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون و پێدانی قەرزی درێژخایەن بە گەنجان.

کرانەوە بە ڕووی جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێکیتر بووە لە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی پارتی کە دەرفەتی نوێی بۆ گەنجان ڕەخساندووە، لە ڕێگەی ئەم سیاسەتەوە گەنجان دەتوانن سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرن و بەشداری لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکاندا بکەن، هەروەها دەرفەتی خوێندن لە دەرەوەی وڵات بۆ گەنجان ڕەخساوە، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی، بەرنامەکانی داهاتووی پارتی جەخت لەسەر زیاتر بەهێزکردنی ڕۆڵی گەنجان دەکەنەوە، گرنگیدان بە داهێنان و نوێگەری، پشتیوانیکردن لە پرۆژە داهێنەرانەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و فێرکردن بەشێکن لەو بەرنامانەی کە دەبنە هۆی زیاتر بەهێزکردنی هیوای گەنجان بۆ داهاتوو، سەقامگیریی سیاسی و پێشکەوتنی ئابووری کە لە سایەی سیاسەتەکانی پارتیدا بەدەست هاتوون، بوونەتە هۆی دروستبوونی کەشێکی گونجاو بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی گەنجان، ئەم دۆخە وای کردووە گەنجان بتوانن بە دڵنیاییەوە پلان بۆ داهاتووی خۆیان دابنێن و هەنگاو بەرەو بەدیهێنانی خەونەکانیان بنێن».

ڕاژان عەبدولڕەحمان پیرۆ، چالاکی کۆمەڵی مەدەنی بەمجۆرە دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێت: «سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بێگۆمان نەك هەر هیوا بە گەنجانی هەرێمی کوردستان دەبەخشێت، بەڵکو هیوا بە زوربەی هەرە زۆری چین و توێژەکان دەبەخشێت، هەر بۆیەش لە هەموو پرۆسەکانی دەنگداندا پێشەنگ بووە و بە جیاوازییەکی زۆرەوە، لە پێش گشت لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندایە.

گەنجان بە هۆی ئەوەی گرنگترین توێژی کۆمەڵگە پێك دەهێنن و بە داینەمۆی هەر وڵاتێك دادەنرێن، پارتیمان بایەخێکی زوریان پێ دەدات و لە ڕیزبەندی یەکەمی ستراتیژییەت و بەرنامەی ئەم حزبەدا دێن، چونکە ئەوە گەنجانن کە دەتوانن بۆ بەرەوپێشەوەبردنی وڵات لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەمنی و ...هتد ڕۆڵێکی بەهێز و گەورە ببینن.

بۆیە بە سەرکەوتنی پارتیمان لە هەڵبژاردنی ئەم جارەشدا، دەتوانم بڵێم وەك حزبی پێشەنگ و حوکمڕان ڕۆڵی گەنجان فەرامۆش ناکات و، هەموو چەشنە دەرفەتێکیان بۆ دەرەخسێنێت لەپێناو بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێزدا، هیوایان بۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی بە ئومێدەوە سەیری ئایندەی وڵاتەکەیان بکەن، گەر بێتو لە درووشمی پارتی دیموکراتی کوردستان ورد ببینەوە «ئارامی، ئاوەدانی، پێکەوەیی، خوراگری» بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پراکتیزکردنیان لە ئەرزی واقیعدا دەکەوێتە سەرشانی گەنجانمان بە پلەی یەکەم، وەك چۆن ئەرکی قورسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیش بە درێژایی قۆناغەکان لەسەر شانیان بووە».

هەڵبەست سالح شێروانی ڕاگەیاندنکارە و لەو بارەوە دەڵێت: هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە، پارتی و گەنج هەمیشە دووانەیەکی لێك دانەبڕاو بوون و لە هەموو قۆناغێکی سەختی سیاسی و سەربازیدا پێکەوە بوون، هەتا ئیستا کە دەبینین پارتی بووەتە هیوای گەنجان و هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان، هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین کە پارتی بەردەوام

لە نوێبوونەوە و پێشکەوتندایە و خۆی لەگەڵ هەموو قۆناغێکدا گونجاندووە و دەگونجێنێ، ئەوەش نیشانەی خۆنوێکردنەوە و سەردەمیبوونە.

هەنگاو و دەستکەوتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پارتی، کە دەستکەوتی هەموو کوردستانە، هیوای ئایندەیەکی گەشی گەنجانە، لە هەموو قۆناغێکی سیاسی و سەربازی و حکوومڕانیدا پارتی پشتی بە گەنجان بەستووە و لەسەر ئەو بنەمایە گەنجانی کوردستانیش هیوایەکی زۆریان بە پارتی هەیە کە ببێتە بەدیهێنەری ئاواتەکانیان، هەروەهاش دەبێت، چونکە پارتی تاکە حزبە سەدان هەزار گەنج لە دەوری کۆ بوونەتەوە و هیوایان لەسەر هەڵچنیوە.

پارتی لە سەرەتای دروستبوونییەوە بایەخێکی تایبەتیی بە گەنجان داوە، مێژوو شاهێدە کە دەیان گەنج لە سەرکردایەتیی پارتیدایە، وەك چۆن لە کابینەی نۆیەمدا دەرفەت و متمانەیەکی باش بە گەنجان درا کە خزمەت بکەن، دڵنیام ئەو دەرفەت و متمانەیەش لە کابینەی دەیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا زیاتر دەبێت، کەواتە لیستی ١٩٠ی پارتی هیوابەخشە بۆ گەنجان و بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی گەشتر.

ڕێزان محەمەد ڕاگەیاندنکارە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەم سەرکەوتنە ئەنجامێکی باش بوو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانی خەڵك بە پارتی و متمانەبەخشین بەو حزبەش لەبەر هەڵوێستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی پارتی بووە کە لە هەموو خەبات و تێکۆشانی ڕابردوو و ئێستایدا و لە سایەیدا کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر دروست دەبێت.

ئەو سەرکەوتنە ئومێد و هیوایە بۆ هەموو گەنجێك و متمانەیە بۆ کوردستانێکی بەهێز، ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لە ڕابەری گەلی کورد پیرۆزە، لە ڕیفراندۆمچییەکان پیرۆزە، لە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان پیرۆزە، لە بکەرانی داستانی پردێ و سحێلان پیرۆز بێت، لە تەواوی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی پارتیمان و هەموو خەڵکی کوردستان پیرۆز بێت. ئەم سەرکەوتنە مەزنە بەرهەمی متمانە و ئیرادەی گەلە بەوەی کە هیچ خیانەت و هیچ هێزێك توانای شکاندنی پارتی نییە، چونکە پارتی خۆی بۆ بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی تەرخان کردووە و قوربانی زۆریشی بۆ داوە».

ڕێباز جۆلا چالاکی مەدەنییە و بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: «دوابەدوای سەرکەوتنی پارتیمان لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، گەنجانی کوردستان بە هیوا و ئومێدەوە دەڕواننە داهاتوو، چونکە دڵنیان لە ستراتیژی پارتی، وەك ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان بە ١٩٠ کاندید لە هەر چواربازنەکە بەشدار بوو، کە شایەنی باسە زۆرینەی کاندیدەکانی لە توێژی گەنجان بوون، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە پارتی سەرەڕای ڕێزگرتن لە خەبات و ماندووبونی کادیرە بەئەزموونەکان، ئێستا گرنگییەکی زۆر بە توێژی گەنجان دەدات، ئەوەی پێویستە لێرە باس بکرێت ئەوەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتایی دروستبوون و دەستکردنی بە خەباتی حزبیی خۆی، لەسەر داوای جەنابی بارزانی نەمر ڕێکخراوی «یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستان» دامەزرا، کە ئێستا بە دوو ڕێکخراوی جیا و یەك ستراتیژ خزمەت بە گەنج و لاوانی کوردستان دەکەن، هەر بۆیە گەنجان و لاوانی کوردستان بە دەنگەکانیان پارتییان وەك هێزی یەکەمی کوردستان هێشتەوە، چونکە ئاشکرایە کە کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتی ڕێزدار «مەسرور بارزانی» بە پرۆژەکانی خزمەتێکی زۆری بە گەنجانی کوردستان کرد، کە دیارترینیان پرۆژەی «گەشانەوە» یە کە لە ڕێگەی ئەو پرۆژەیەوە گەنجان دەتوانن بە ئاسانترین شێوە سوودمەندی داراییی و بزنسێکی پێ دابمەزرێنن، جێگەی خۆشحاڵییە کە پارتی لە بەرنامە و ستراتیژی بۆ کابینەی دەیەم، گرینگیی زۆر بە توێژی گەنج دەدات، ئەوەش جارێکیتر هیوای بۆ گەنجانی کوردستان گەڕاندووەتەوە...

سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان هیوا بە گەنجان دەبەخشێت».

دهۆك بەرۆژی، چالاکی مەدەنییەوە لەم ڕووەوە دەڵێت: «وەکو کچێکی گەنج بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕێژە زۆرەی دەنگەکان، پیرۆزبایی لە سەرۆك بارزانی و ئەندام و لایەنگرانی پارتی و هەموو کوردستانیان دەکەم، لیستی پارتی بۆ خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کار بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێك بەرنامەی هەمەلایەن دەکات، مایەی دڵخۆشییە پارتی هەمیشە کاری جددیی بۆ گەنجان کردووە، لە ڕووی سیاسی، ئابووری، پەروەردە و خوێندن و ڕیفۆرمی گشتی، مایەی دڵخۆشییە کار لەسەر خاڵی وردودرشتی خواست و داخوازیی گەلەکەی دەکات، پارتێکی هێندە بەهێز کە زۆرینەی دەنگەکانی خەڵکی بەدەست هێناوە، لە سایەیدا کوردستانێکی بەهێز و سەقامگیر دروست دەبێت، پارتی خاوەنی ڕیفراندۆم و پرۆژەی سەربەخۆییە، سەرەڕای ئەو خیانەتەی لە ڕابردوودا لە کورد و لە پارتی کرا، دەنگی زیاتر بوو، گەل گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە پارتی پارێزەری دەستکەوتەکانە و کار بۆ سەروەریی گەل و سەقامگیریی وڵات دەکات، هەتا کوردستان بەهێز بێت، گەنجان وەك هەمیشە لە هەموو هەلومەرجێکدا سەرکەوتوو دەبن، وەکو بارزانی نەمر فەرموویەتی «گەنجان سەری ڕمن» لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیشدا دڵنیاین پارتی کار بۆ نەهێشتنی بێکاری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان دەکات.

زۆر دڵخۆشم بەوەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە کوردستانێکی بەهێز دا، ئەوەش ئەرکی پارتی قورستر دەکات و، دەبێ لە ئاست ئەو متمانەیەی خەڵکدا بێت، بێگومان من دڵنیام پارتی دەتوانێ داهاتوویەکی گەش و بەهێز بۆ کوردستان دابین بکات.



ڕێزان محەمەد:

**ئەو سەرکەوتنە ئومێد و هیوایە بۆ هەموو گەنجێک و متمانەیە بۆ کوردستانێکی بەهێز**



ڕێباز جۆلا:

**گەنجان و لاوانی کوردستان بە دەنگەکانیان پارتییان وەک هێزی یەکەمی کوردستان هێشتەوە**




دهۆك بەرۆژی:

**زۆر دڵخۆشم بەوەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە کوردستانێکی بەهێز دا، ئەوەش ئەرکی پارتی قورستر دەکات**

هونەرمەند مەحفوز ئاکرەیی بۆ گوڵان :

# بەشێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خەریکە دەبنە یانەی شەوانە

**هونەرمەند مەحفوز ئاکرەیی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ساڵانێکی دوورە لە ناوەوە و دەرەوە خزمەت بە گۆرانی و موزیکی کوردی دەکات، ئێستاش لە وڵاتی غەریب بەردەوامە لە خزمەتکردن، لەم دیمانەیەدا باس لە ڕەوشی ئێستا و ڕابردووی هونەری گۆرانی موزیکی کوردی دەکات.**



*** ڕەوشی هونەری کوردی بە گشتی چۆن دەبینی؟**

-هونەری گۆرانیگوتن خۆی لە خۆیدا جیهانێکی تایبەتە، کە یاسا و پێوەری تایبەت بە خۆی هەیە و نەوە دوای نەوە لە یەکتری وەردەگرن و پەرەی پێ دەدەن، پێویست گۆرانیبێژ خۆی بناسێت بەتایبەتی لە بواری خۆشیی دەنگ، لە ڕووبەری سۆز و دەنگی خۆی دڵنیا بێت، هەروەها ڕۆشنبیری لە بواری بنەڕەتیی موزیك و مەقامات، لە بواری گوتنی گۆرانیدا، پێویستە وشەکانی دیار و ئاشکرا بن و زۆر بە جوانی لە میانەی گۆرانییەکەدا دەرکەون، بۆ ئەوەی بتوانێت بە جوانی بە بیسەر و وەرگری بگەیەنێت، ئەگەر ئێمە بەپێی ئەم پێوەرانە و ژمارە زۆرەیی گۆرانیبێژانمان بەراوردێك بکەین، دەبینین گۆرانیی کوردی لە ڕەوشێکی زۆر خراپدایە و زۆری نەماوە ناسنامەی خۆی لەدەست بدات، ئەمەش بۆ دوورکەوتنەوەی گۆرانیبێژان لە فۆلکلۆر و ئاوازی کوردی و نزیکبوونەوەیان لە ئاوازی عەرەبی، تورکی، فارسی و یۆنانی دەگەڕێتەوە.

*** جاران ئازادی نەبوو، هونەری کوردی پێشکەوتوو بوو، ئێستا ئازادی زۆرە هونەر لە پاشەکشەدایە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- جاران بەرپرسیاریەتی و کۆنترۆڵ لەسەر تێکست و ئاواز و دەنگی هونەرمەند هەبوو، لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت و سەندیکای هونەرمەندانەوە پێویست بوو هونەرمەند تاقیکردنەوەی ئەنجام بدایە لەلایەن لیژنەکە ئەگەر دەرنەچووبوایە، نەیدەتوانی گۆرانی بڵێت، ئەو کات تەنیا ڕادیۆ و شانۆ هەبوو، پێویست بوو هونەرمەند خۆی بسەلماندایە بەرامبەر بە خەڵکی ڕۆشنبیر و لەسەر تەختەی شانۆ، ئەمەش زۆر ئاسان نەبوو، چونکە تەلەفزیۆن لە سەرەتای حەفتاکانەوە پەیدا بوو.

*** ئەگەر سەیری چەند ناوچەیەکی کوردستان بکەین وەك زاخۆ و ئاکرێ، ڕواندز ، هونەرمەندی زۆر پەیدا بوون زیاتر لە پارێزگاکان، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کۆمەڵگەی ڕۆشنبیر پاڵپشتییەکی زۆرە بۆ هونەر و هونەرمەندان، دیارە خەڵکی ئەو ناوچانەی باست کرد، وەکو ئاکرێ، ئامێدی و زاخۆ زیاتر عاشقی هونەر و هونرمەندانن، بەتایبەتی هونەری گۆرانیگوتن، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ئەو بابەتە.

*** لەو ڕەوشەی ئێستا هونەری کوردی تێیکەوتووە، هونەرمەندان بەرپرسن یان جەماوەر وەکو خۆی نەماوە یان حکومەت گرنگیی کەمتر بە هونەر دەدات؟**

- پێشکەوتن و دواکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك یان میللەتێك گرێدراوە بە سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە، دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکە بۆ پێشکەوتنی گەلان، چونکە دەبێتە

هاندانێك بۆ خەبات و داهێنان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی، میللەتی کورد لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە، ئەگەر ئەو سەقامگیرییە هەشبووبێت بۆ ماوەیەك وەك سەردەمی پێش ڕاپەڕین، ئەوا دوژمنانی نارەحەت کردووە، بۆیە دوژمن هەوڵی داوە دەستتێوەردان بکات بۆ نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە نێو خودی میللەتی کورد لەگەڵ میللەت و لایەنانی دیکەدا، بۆ نموونە هێرشی تیرۆریستانی داعش، هەروەها ناردن و بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی دیکەی تێکدانی ناو کۆمەڵگە، بەداخەوە بە هۆی ناتەبایی و ناکۆکییەکانی نێوانمانەوە دوژمن توانیی تارادەیەك لە پلانەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵگە بەرپرسی یەکەمە لە پێشکەوتنی هونەر، چونکە پێشکەوتنی هونەر لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە وەستاوە.

*** هونەری کوردی لە ئەورووپا و کوردستان چ جیاوازییەکیان هەیە و ئاستەنگەکانی بەردەم ئێوە لە ئەورووپا چین؟**

- بێگومان هونەر لە کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و باشتر بەڕێوە دەبرێت، چونکە هەلومەرجەکانی هونەر باشترن و بە ئاسانی دەست دەکەون، هونەرمەندان لە یەکترییەوە نزیکن و دەرفەتی زیاتریان هەیە، لە ئەورووپا هونەرمەندان و موزیکژەنان زۆر لە یەکترییەوە دوورن و ناتوانن زوو زوو بە ئاسانی یەکتری ببینن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاستەنگێکی گەورەیە لە بەردەم کارەکانماندا.

*** بوونی ئافرەت لە نێو هونەری کوردیدا زۆرە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، ئایا ئەمە دیاردەیەکی ئەرێنی یان نەرێنییە لەسەر ڕەوشی هونەری کوردی بە گشتی؟**

- جێگەی خۆشحاڵییە کە ئێستا ئافرەتی کورد بەو شێوەیە بێتە نێو مەیدانی هونەری، لە هەمان کاتدا ئەمە پێویستیشە، بەڵام پێویستە خاوەن توانا و بەهرە بن، هەڵبژاردنی ئێمە بۆ دەستنیشانکردنی ئافرەتی هونەرمەند هەڵەیە، ئێمە وەك ئاوازدانەر یان کۆمەڵگە ئەگەر تەنیا سەیری ڕووخساری ئافرەت بکەین نەك ناوەڕۆك و تواناکانی، ئەوا دەبێتە ئەگەری پێشکەشکردنی بابەتی لاواز و نەشیاو.

*** پێگە سەرەکییەکانی هونەری گۆرانیگوتن چین؟**

- هونەری گۆرانی لەسەر سێ ستوون بونیات دەنرێت کە پێکهاتوون لە تێکست، ئاواز و دەنگ. تێکست یان هۆزان ئەگەر بە جوانی بنوسرێتەوە و وشەی ناسك و پرواتا لە خۆی بگرێت، خزمەتێك بە گۆرانییەکە دەگەیەنێت، ئاواز پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ تێکست و واتاکەی بخاتەڕوو یان ببێتە ئاوێنەی تێکستەکە، سەبارەت بە دەنگ پێویستە دەنگەکە خۆش و ناسك بێت و ڕووبەرێکی باشی هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ ئاوازی هەڵبژێردراودا، بە گشتی ئەمانە پێوەری سەرەکین بۆ بونیادنان و پێشخستنی هونەری کوردی.

*** کەناڵەکانی ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پێشخستنی هونەری کوردیدا؟**

- تەلەفزیۆن یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە، هەروەها کاریگەرترین ئامێری میدیایە لەسەر وەرگر، ئەمە سەرەڕای زۆری شێواز و جۆری ئامازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، چونکە تەلەفزیۆن زیاتر نزیکە لە گشت چینەکان، بەتایبەتی گەنجان، کاریگەرترە لەسەر دەروون و حەز و ئومێد و خەونەکانیان، بەتایبەتی لەسەر سەلیقەی گەنجان لە هەمان کاتدا بەربڵاوترین و دڵڕفێنترین و سەرنجڕاکێشترین ئامرازی پەیوەندیکردنە لە ڕێگەی وشە و وێنە ودەنگ و جووڵە، لەبەر ئەوە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەگێڕێت بو پێشخستنی هونەر بە شێوەیەکی گشتی و هونەری موزیك و ستران بە شێوەیەکی تایبەتی، چونکە ڕاگەیاندن هۆکاری سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند، لام ئەگەر پێچەوانە بوو لە جیاتی پەرەپێدانی هەست وسۆزی بەرز دبیتە ئەگەری هەڵئاوسانی غەریزەکان، گۆرانیی پڕ لە ژاوەژاو و ڕووتی، گەنجان لە واقیعی خۆیان جیا دەکەنەوە و دەیانخەنە دۆخێکی نزمەوە، هەندێك شاشە بوونەتە یانە شەوانەکان، لە بەردەمیاندا منداڵان و گەنجان بە بێ چاودێری و لێپرسینەوە سەیری گۆرانی قێزەوەن دەکەن.



*** کەواتە بەشێك لە کەناڵەکان ڕۆڵێکی نەرێنی دەبینن لە پێشخستنی هونەری کوردیدا؟**

- بەداخەوە بازرگانان لە پشت ئەو کەناڵانەوە دەوەستن و بۆ مەبەستی بازرگانی پارەیان بۆ دابین دەکەن و قوربانییەکان منداڵ و گەنجن، کە کوێرانە لاسایی دەکەنەوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەی دەروونی و جەستەییان دەبێت و دەرەنجام کاریگەریی لەسەر هونەری کوردییش دەبێت.

*** بەرهەمی داهاتووت چییە ؟**

- لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر بەرهەمم ئامادەیە کە نزیکەی بیست گۆرانی دەبێت، لەوانە بە نیازم پێنج گۆرانی کاریان لەسەر بکەم.

# بەمە ناڵ

تاریق کارێزی

لە ماوەی ڕابردوودا، خانمە شێوەکاری ڕۆژاوای کوردستان، ڕۆژین حاجی حوسێن لە لایەن ڕێکخراوی (٧ ڕەنگە)وە پیشانگەیەکی تایبەتی لە مۆزەخانەی ئەمنەسوورەکەی شاری سلێمانی بۆ کرایەوە. تابلۆکانی ئەم نیگارکێشە بەهانەیەکی باشە بۆ ئەوەی وردتر و بوێرانەتر خۆمان لە قەرەی هەڵسەنگاندنی ڕەوتی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا بدەین. دوو ئاراستەی هونەر، کار بۆ نەخشەڕێژکردنی ڕەوتی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا دەکەن، ئاراستەیەك (من لەگەڵیدا نیم) دەخوازێت هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا وابەستەی تازەترین بزاوتەکانی هونەر بێت لەسەر ئاستی جیهاندا، ئاراستەیەکی دیکەش (من بە مکووڕبوونەوە لەگەڵیدام) دەخوازێت بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی وڵات و نەتەوەکەمان هونەر بکەین. ئێستا ئاراستەی یەکەم باڵادەستە، بە پێچەوانەی خواستی من وەك کەسێکی پەرۆش بۆ دنیای داهێنانی شێوەکاری، دەبینین بەشێکی زۆری هونەرمەندانی کوردستان خۆیان تێکەڵ بە ڕەوتی جیهانیی هونەر کردووە، بەمەش دەبینیت بۆشاییەکی گەورەیان لە نێوانی خۆیان و خەڵکی هونەردۆست و بینەردا دروست کردووە، هەڵبەت ئەم بۆشاییە پرسیاری گەورە و هەستیاری لێ دروست دەبێت، ناکرێت هونەرمەندی شێوەکار لە کار و ئەفراندندا ئەو پرسیارانە نادیدە بگرێت.

من لەبەر دوو هۆی بنەڕەتی و بە پشتبەستن بە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی زانستی و بابەتییانە، باوەڕم بەوە نییە هونەرمەندانی کوردستان ببن بە بەشێك لە ڕەوتی هونەر لە جیهاندا، ڕەوتێك ناسنامەیان بسڕێتەوە و لە نێو شەپۆلی خۆیدا ونیان بکات، فەرموون لەگەڵ دوو هۆیەکە:

یەکەم: هونەر بە شێوەیەکی زۆر ئۆرگانی وابەستەی هەلومەرجی نەتەوە و مێژووەکەیەتی، شوێن و کات و ژینگەش سێ فاکتەری کاریگەرن لە دیاریکردنی پەیام و خواستەی





# ...ێم هونەر

هونەردا، ئەو پەیام و خواستەش لە ڕووی کردەنییەوە لە شێوە و شێواز و تەکنیك و ڕەنگ و فیگەر و کارکردنی هونەرمەنددا ڕەنگ دەدەنەوە. هەلومەرج و ژینگە و مێژووی ئێمەی کورد لە هی نەتەوەکانی دیکە جودایە، ئەمەش ئەوە دەخوازێت هونەرێکمان هەبێت گوزارشت لە هەبوون و ناسنامەکەمان بکات، بەدەم خواستی دەروون و جەستە و هەست و نەستی تاکی کوردستانییەوە بچێت، سەلیقەی جوانخوازانە و چێژ و چەشەی بلاوێنێتەوە.

دووەم: مێژووی هونەر لە لای گەلانی پێشکەوتووی ئەوروپا، قۆناغ بە قۆناغ ڕۆیشتووە و گەشەی کردووە، بۆیە ئێستا ئەگەر هونەری بەبستراکت لە لای هونەرمەند و هونەر کڕیاری ئەوروپاییەوە ئاسایی بێت و مایەی پەسند بێت، ئەوا لە لای منی کوردستانی (هونەرمەند بم یان هونەر کڕیار)، کارێکی نامۆیە، لەگەڵ زەوق و سەلیقە و چەشەی مندا ناسازێت.

پاڵپشت بەوەی گوتمان، پیشانگەکەی ڕۆژین حاجی حوسێن، کە نموونەیەکە بۆ هونەری تویژێکی فراوان لە شێوەکارانی کوردستان، بۆ بینەرێکی کوردستانی پتر وەك ڕەنگسازی خۆی دەنوێنێت، ڕەنگسازییەك هەوڵ دەدات واتا و مەبەست بشارێتەوە، جوانی پەرت بکات، ئەم شتانەش بە قازانجی هونەر ناشکێنەوە. هەڵبەت ئەوانەی پشتیوانی لە هونەری لەم جۆرە دەکەن، پاساوی خۆیان هەیە، بەڵام من باوەڕم وایە ئەم ستایلەی کارکردن هێندەی کە لاساییکردنەوەی هونەری بیانییە، هێندە وابەستە بە ئەزموونی هونەرمەندانی کوردستان و خواستی هونەردۆست و هونەر کڕیارانی کوردستان نییە. تابلۆ ئەگەر لە زەینی بینەردا نەچەسپێ و لە خەیاڵدانی ئەودا جێ نەگرێت، گوزارشتە لە هونەرێکی بێ واتا، هونەرێکی ناحەز و نامۆ، کارکردن بۆ ناحەزی و نامۆیی نە هونەرە و نە پیشەی هونەرمەند.







سۆلاڤ یوسف

یاریزانی باڵەی یانەی تەقتەق:

# زۆربەی یانەکان تۆپی باڵەیان پشتگوێ خستووە بەتایبەت بۆ کچان

• • •

قەزای تەقتەقی سەر بە پارێزگای هەولێر یەکێکە لەو دەڤەرانەی کوردستانە کەوا خەڵکەکەی خۆشەویستیی زۆریان بۆ وەرزشە جۆراوجۆرەکان هەیە، تیپی باڵەی کچانی یانەکەش لای کارگێڕیی تیپەکە بەردەوام بەشدارییان پێ کراوە لە خول و پاڵەوانێتییەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، یانەکە لە ئاستی باڵەی کچان تیپێکی بەهێزە و خاون چەندین کچە یاریزانی بە توانایە و لە داهاتوودا دەتواندرێ بۆ هەڵبژاردەی عێراقی پشتیان پێ ببەسترێ، کچانی ئەم دەڤەرە خۆشەویستیی زۆریان بۆ یاری باڵە هەیە و دەڤەرەکە خاوەنی چەندین کچە یاریزانی بەتوانایە، یەکێك لە کچە بەتواناکانی یانەکە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکە «سۆلاڤ یوسف»ـە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ ی قەزای تەقتەق و ئێستاش بەردەوامە لە تیپی باڵەی کچانی تەقتەق، قوتابی زانکۆی کۆیەیە و جگە لە تیپەکەی خۆی، یاریی بۆ یانەی کۆیەش کردووە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

• • •



*** چی وای کرد بچیتە نێو جیهانی وەرزش؟**

- خانەوادەکەم خانەوادەیەکی وەرزشی و وەرزشدۆستن، بۆ هیچ چالاکییەکی وەرزشی ڕێگرییان لێ نەکردووم، ئاوات و ئارەزووی خۆشم یاریی بالە بوو و خێزانەکەشم پاڵپشتییان کردووم، بۆیە توانیم بە بێ گرینگیدان بە ڕەگەز بێمە ناو جیهانی وەرزشی.

*** یاریی بالە وەکو حەز، یان بۆ وەرزش هەڵتبژاردووە؟**

- من لە وەرزشدا خەونم هەیە، ئارەزووم هەیە، بۆیە ئەنجامی دەدەم، بەبێ بەرنامە و ئامانجیش نایکەم.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- هیچ وەرزشێك نییە ئاسان بێت، لەبەر ئەوەی وەرزش تاکە شتێکە بەپێی ماندوو بوونی خۆت ئەنجامەکەی وەردەگریتەوە، هیچ کەسێك ناتوانێت بە پاڵدانەوە لە ماڵ بگات بە کۆمەڵێك ئاست لە وەرزشدا، بۆیە هەموو وەرزشێك قورسە و مرۆڤی بەهێزیش دەبێت کاری قورس و گەورە ئەنجام بدات.

*** یاریی بالە چ ئاستێکی تێپەڕاندووە لە کوردستان؟**

- هەم وەکو یانە هەم وەکو یەکێتی تۆپی بالە، بالە لە ئاستێکی خراپدایە لەبەر ئەوەی بەراورد بە تۆپی پێ ئەو گرینگییە زۆرەی پێ نادرێت، سەرەڕای ئەوەی لە تۆپی پێشدا چەند کەم و کورتییەك هەیە، بەڵام لە بالەدا زیاترە.

***چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- وەکو خولەکانی تۆپی پێی ساڵانە کاتی کردنەوەیان دیار بێت و جێگیر بێت، هەموو ساڵێك دڵنیایی هەبێت تاوەکو یاریزان بتوانێت هەوڵی بۆ بدات و خۆیی بۆ ئامادە بکات.

***زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە یانەکانی کوردستان گرنگی بە تیپی تۆپی باڵەی کچانیان نادەن و پشتگوێیان خستووە؟**

- بەڵێ ڕاستە زۆربەی یانەکان تۆپی بالەیان پشتگوێ خستووە بەتایبەت لە کچان.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- ئارەزوو دەکەم تاکو ئەو کاتەی توانام هەیە وەك یاریزان بەردەوام بم لە بالە و لە داهاتووشدا هەر لە بواری بالەدا بمینێمەوە یان لە بواری وەرزشدا بمێنمەوە جا لەهەر پایەیەکدا بێت.

***سەرکەوتن چ مانایەك دەگەینێ لای تۆ؟**

- سەرکەوتن واتە ئەوەی کە تۆ لە دوێنێی خۆت باشتر بیت، هەر کاتێك کە لە دوێنێی خۆت باشتر بوویت کەواتە سەرکەوتوویت.

***لە سنوورەکەتاندا تا چەند گرنگی بە ئافرەتان دەدرێت بۆ وەرزشکردن، ڕێگرییان لێ ناکرێ ؟**

- ساڵانی پێشوو یاریزانی زۆرمان هەبوو بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ماڵەوە پشتگیری نەکران نەیانتوانی بەردەوام بن، ئەمساڵ لە کۆتا پاڵەوانێتیدا تەنیا سێ یاریزانی کچی ناوچەکەی خۆمان بەشدار بوو .

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە لەم یارییە؟**

- کچان لە چاو کوڕاندا کەمتر هیوایان بە وەرزش هەیە لەبەر ئەوەی کار ئاسانیی زیاتر بۆ ئەوان کراوە، هەرچەندە لە بارودۆخی ژیاندا قورسایی لەسەر ئەوانیش هەیە، بەڵام لە پاڵەوانێتی و یانەکاندا کار ئاسانی زیاتر بۆ کوڕان کراوە.

*** کێ بە پاڵپشت و پشتیوانی خۆت دەزانی؟**

- خانەوادەکەم و هەر ڕاهێنەرێکی بەڕێز کە هاوکارم بوبێت بە پاڵپشت و پشتیوانی خۆمی دەزانم .

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەم هەموو خزمەتە زۆرە، هیوای سەرکەوتن بۆ سەرجەم هاوپیشەکانم دەخوازم، ئینشائەڵڵا ئەگەر هەمووشمان نەبێت، بەشێکمان بە خەونەکانمان بگەین لەم یارییە.





# مەگنسیۆم رۆڵی هەیە لە دابەزاندنی کێشی لەشدا

کانزای مەگنسیۆم Magnesium لە نزیکەی ٣٠٠ کارلێکی کیمیایی لەشدا بەشدارە، کە گرنگترینیان بریتین لە دروستکردنی پرۆتین، میتابۆلیزمی وزە، فرمانی دەمار و ماسوولکەکان، پەستانی خوێن، لەگەڵ رێکخستنی شەکری خوێن. لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە مەگنسیۆم بە چەندین رێگە و میکانیزم رۆڵی هەیە لە دابەزاندنی کێشی لەشدا، کە ئەمانەن: مەگنسیۆم بەشدارە لە کرداری بەرهەمهێنانی وزە و میتابۆلیزمدا، رۆڵی گرنگی هەیە لە خەزنکردن و گواستنەوەی وزە لە خانەکانی لەشدا لەگەڵ تاودانی سەرفکردنی وزە، مەگنسیۆم لە ریخۆڵەدا لەگەڵ ماددە چەورەکان یەك دەگرێت کە لە هەرسکردن و هەڵمژینیان کەم دەکاتەوە، ئەمەش هاندەرە بۆ دابەزاندنی کێشی لەش، رێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، چونکە هەوکردنی درێژخایەن هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش، هەروەها چەند بەڵگەیەك لە بەردەستدان کە مەگنسیۆم رۆڵی لە کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردندا هەیە، ئەمەش هاندەریکی دیکەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.



# هۆکارەکانی لۆچبوونی پێستی دەموچاو

پێست گەورەترین ئەندامی لەشە،پێکهاتەیەکی ڕیزبەندکراوی ئاڵۆزی گلاند و بۆرییە خوێنییەکانە، لەگەڵ شانە بەستەرەکان کە پێکهاتوون لە کۆلاجین و ئیلاستین Elastin و کیراتین Keratin کە پرۆتینی ڕیشاڵیی گرنگن و توندی و توانای لاستیکیی پێست دەپارێزن، بۆنموونە کۆلاجین زیاتر توندی و پتەویی پێست دپارێزێت، ئیلاستین توانای کشان و مروونەی پێست، هەروەها کیراتین وەکو بەربەستی پاراستنی پێست کاردەکات. کۆمەڵێك هۆکاری ئاڵۆز دەبنە هۆی لۆچبوونی Wrinkles پێستی دەموچاو، بۆنموونە هەندێك هۆکار زیاتر دەبنە ئەگەری لۆچبوونی پێستی دەوری چاوەکان، هەندێکی دیکە هاندەرن بۆ لۆچبوونی دەوری دەم یان نێوچەوان..تاد. بە گشتی هۆکاری دەرەکی و هۆکاری ناوەکیی لەش هاندەرن بۆ لۆچبوونی پێست وەکو: تیشکی خۆر، کوالێتی خراپی هەوا، جگەرەکێشان، کەم خواردنەوەی ئاو، بەساڵاچوون، خۆراکی ناهاوسەنگ و بڕی زیادی شەکر لە خۆراکدا، شێوازی خەوتن بەتایبەتی نووستن لەسەر دەموچاو، وشکبوونی پێست لەبەر هەر هۆکارێك، هەروەها سترێس.

# نیشانەکانی شەکەتیی مێشک



شەکەتیی مێشك Mental exhaustion وەکو شەکەتیی جەستەیی وایە، بەڵام لەجیاتی ماسوولکەکان، مێشك تووشی شەکەتی و ماندووبون دەبێت. شەکەتیی مێشك لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە تەرکیزی زیاد و بۆ ماوەیەکی زۆر دەخرێتە سەر کارێکی هزریی قورس. سترێسی بەردەوام، هۆکارێکیترە بۆ شەکەتیی مێشك، بۆنموونە فشاری کار یان بەردەوام چاودێریکردنی منداڵ یان کەسانی بەتەمەن. نیشانەکان: تووڕەبوون و زووهەڵچوون، کەمبوونەوەی تەرکیز و گرفت لە ڕاپەڕاندنی کارەکان بە باشی هەتا ئەگەر سادەش بن، گرفتەکانی خەو بەتایبەتی گرفت لە چوونە خەو و خەوزڕان، کەمبوونەوەی ئاستی وزە و چالاکیی جەستەیی، دڵتوندی یان خەمۆکی، پەستی و نیگەرانیی زۆر لە هەموو کاتەکاندا، نەمانی ئارەزوو بۆ مەشق یان گرفت لە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیدا، گۆڕان لە حەز و ئارەزووەکانی پەیوەست بە خواردن و جۆرەکانی خۆراك، زیاد هەڵەکردن لە هەموو کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەدا، هەروەها هەستکردن بە ئازاری جیاواز لە لەشدا وەکو ئازاری ماسولکە، گەدە، یان سەرئێشە.




# مۆبایلی دۆج پتەوترین و بەهێزترین مۆبایل!

مۆبایل بۆتە بەشێك لە ئامێرێكی گرنگی ڕۆژانە و شوێنی زۆربەی ئامێرەكانی دیكەی گرتۆتەوە، زۆربەی مۆبایلەكان زۆر هەستیار و ناسكن و بە بەربوونەوە و بەركەوتن تووشی شكان و تێكچوون دەبن. بەڵام مۆبایلی جۆری Doogee S200 وەك یەكێك لە مۆبایلە پتەو بە هێزەكان دێتە ژمار بە جۆرێك وەك لە ڕیكلامەكاندا هاتووە ئۆتۆمبیلی بەسەردا دەڕوات كەچی هیچی لێ نایەت.

مۆبایلی ناوبراو ئەوەندە پتەوە لە شەش مەتر بەرزاییەوە بكەوێتە خوار هیچی لێنایەت و بكەوێتە ناو ڕووبار و تەڕیش بێت هەروەك خۆیەتی. لەلایەنی سەختە ئامرازەوەش زۆر بەهێزە. شاشەكەی لە جۆری IPC LCDیە و سایزی شاشەكەی ٦,٧٢ ئینجە. شاشەیەكی بچووكی دیكەی هەیە لە پشتەوە. ڕامەكەی ٣٢ گیگابایتە و هارد واتە میمۆرییەكەی ٢٥٦ گیگابایتە. كامێراكەی ١٠٠ میگاپیكسلە، جگە لەوەش كامێرایەكی ٢٠ میگاپیكسێلی تایبەت بە وێنەگرتنی لەشەودا هەیە. توانای فیلم هەڵگرتنەوەی بە كوالیتی 4K هەیە. باترییەكی بەهێزی لەسەرە كە دەكرێت وەك پاوەربانكیش سوودی لێوەربگیردرێت.


# مۆنیتۆرێكی ناوازە و چەماوە




هەرچەند كاركردن بە لاپتۆپ زۆر ئاسانە و دەكرێت بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆت ببیەی. بەڵام بەهۆی ئەوەی شاشەی لاپتۆپ بچووكە و بۆ كاری گرافیك و دیزاین و ڤیدیۆ... تاد بەكارهێنەر بەو جۆرەی پێویستە دەستی ئاواڵا نییە.

مۆنیتۆری جۆری zenscreen fold oled mq17qh یەكێكە لە باشترین بژاردەكانە. مۆنیتۆرێكی ناوازە و تایبەت. ناوازەكەی ئەوەیە لە ناوەندەوە دەچەمێتەوە و هەڵگرتنی زۆر ئاسانە. مۆنیتۆرەكە خۆی زیاتر لە ١٧ ئینجە و كێشەكەی تەنیا كیلۆیەك و دوو سەد گرامە. بارستاییەكەی تەنكە و ناگاتە سانتیمێك. بەرهەمی كۆمپانیای asusە كە یەكێكە لە كۆمپانیا ناسراوەكانی بواری بەرهەمهێنانی تەكنەلۆژیای نوێ. لاپتۆپەكە دەتوانرێت بە هەردوو بواری ئاسۆیی و ستوونی دابندرێت. شاشەكە OLED یە و دەتوانریت ئاستی نیشاندانەكەی بەرزە و بۆ سەیركردنی فیلمیش زۆر گونجاوە. خۆی شەحن دەبێتەوە و هەمیشە پێوستی بە وزەی كارەبا نییە.

# ئامێرێک بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا



ئەگەر سێ دەیە بۆ دواوە بگەڕێینەوە، ئەوکات ڕیکۆردەر کاسێت هەبوو، ئامێرێك کە کاسێتی دەخوێندەوە کە جیلی نوێ نە مانای دەزانێ و نە دیتوویەتی. لەم سەردەمەدا تەکنەلۆژیای گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا زۆر پێشکەوتووە و هەر مۆبایل نییە کە بەهۆیەوە دەکرێت گوێ لە گۆرانی بگرین. ئامێری Hiby r4 ئامێرێکی بچووکە بە قەد مۆبایلێك دەبێت، ئامێرەکە سیستەمی ئەندرۆیدی ١٢ی لەسەرە و شاشەیەکی ٤,٧ی لەسەرە. پشتیوانی لە فۆرماتی mp3, mp4 دەکات. ڕامەکەی ٤ گیگابایتە و میمۆری ٣٢ گیگابایتە و پشتیوانی لە میمۆری دوو ترابایتیش دەکات. سیستەمی وەرگرتنی وای-فای و بلوتوس ٥ی لەسەرە. ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و لە کەناڵە بەناوبانگە مۆسیقییەکان گۆرانی وەردەگرێت. لەکاتی بڵاوکردنەوەی دەنگدا خشە خش و دەنگی زیادی ناهێڵێت. باترییەکی بەهێزی هەیە و تا ١١ کاتژمێری بەردەوام کاری پێدەکرێت.

# پاوەربانکێک وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە




پاوەربانك وەك پێداویستییەك بۆ بارگاوی کردنی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان سوودی لێدەبینرێ. ئەو پاوەربانکانەی تاکو ئێستا بەرهەم هاتوون بە زۆری لە قەبارەی هەڵگرتنی وزەدا جیاوازییان هەیە و ئەگینا هیچی دیکە.

پاوەربانکی جۆری FOLI پاوەربانێکی جیاوازە، شاشەیەکی ٢,٢ ئینجی لەمسی لەسەرە، لەسەر شاشەکە کۆمەڵێك فەرمان هەن کە دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە واتە دوور لە مۆبایلەکەت ئەنجامی بدەی وەك: وەڵامدانەوە پەیوەندییەکان، وێنەگرتن لە ڕێگای دوورەوە، تۆمارکردنی دەنگ، خوێندنەوەی ئیمێل و پەیامی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چەند ئەرکێکی دیکەش.

قەوارەی هەڵگرتنی وزە لەو پاوەربانکەدا ١٥ هەزار میلی ئامپێرە. بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەبێت. بەڵام نوێیەکان. سێ ئامێر پێکەوە شەحن دەکاتەوە.

# ڕیمۆت کۆنترۆڵێک بۆ گشت ئامێرەکان

ئامێرەکانی تەکنەلۆژی ئەوانەی لە دوورەوە بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ دەکرێن، گەلێك زۆرن. بۆ نموونە لە ماڵێکدا تیڤی، سیستەمەکانی گەرمکردنەوە و ساردکردنەوە، گلۆپە و کلیلەکانی کوژاندنەوەی کارەبا، ئامێرەکانی سیستەمی دەنگ، بەفرگر و فریزە سمارتەکان و کردنەوە و داخستنەوەی دەرگاکان ئەوانەی پشتیوانی لە ڕیمۆت کۆنترۆڵ دەکەن. هەرکام لەوانە پێوستیان بە ڕیمۆت کۆنترۆڵی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕیمۆت کۆنترۆڵی جۆری sofa baton x1s ئەو ئاسانکارییەی کردوەو کە گشت ئەو ڕیمۆتانەی کە باسمان کردن لە یەك ڕیمۆتدا کۆکراوەتەوە. ڕیمۆتی ناوبراو پشتیوانی لە نیو میلیۆن ئامێر دەکات و مارکە دەکات و بەردەوامیش بەرۆژ دەبێتەوە. بۆ کۆنترۆڵ کردن لە سیستەمی وای-فای و بلوتوس و ئەی ئار سوود وەردەگرێت و لەگەڵ سیستەمی کۆنترۆڵی جیهانی واتە گوگڵ ئەکسیسێنت و ئەلیکسا پەیوەند دەدرێت، دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە ئامێرەکان کۆنترۆڵ بکەی. شاشەیەکی بچووکی هەیە و لە شاشەکەوە ئەو ئامێرەی مەبەستتە هەڵیدەبژێری. خودی ڕیمۆتەکە لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت و دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە مۆبایلەکەت بە جێگرەوەی ڕیمۆتەکە بەکار بێنی.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت:**
**زۆربەی وێنەکانی خۆم لەسەر DVD ی هەڵگرتووە، ئێستا DVDەکە تێکچووە و نایخوێنێتەوە چی بکەم بۆ ئەوەی زانیارییەکانم کۆپی بکەمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز CD یا DVD لەسەردەمی خۆیدا زۆر باش بوون بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان، بەڵام ئێستا جێگرەوەی باشتر هەیە. بۆ ئەو کێشەیەت چارەسەر بێت، دەبێت DVDیەکەت بە مەعجونی ددان، بەڵام سپی بێت و ئاوێکی شلەوتین بشۆی، ئەویش چەندین جار، تەنیا بە دەست بیشۆی و دەستیشت زبر نەبێت. یان قەترەی تایبەت بە خۆی هەیە بەدەستی بێنە و پێی بشۆ. هەرکاتێك کە DVD یەکەت خوێندییەوە دەستبەجێ زانیارییەکان کۆپی بکە، ڕەنگە جارێکی دیکە بەم شێوەیە **چارەسەر نەبێت.**

## شاشەیەکی بچووک و هاپێکی تایبەت

ئەو مۆنیتۆرە بچووکەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن بە hagibis IPS USB mini screen ناسراوە. مۆنیتۆرێکی بچووك و کاراییەکی بەرچاو. شاشەکە کەمتر لە چوار ئینجە. وەکو هاپێك هەموو ئەو کەلێن و پۆرتانەی بۆ کۆمپیوتەر پێویستن و ە ك شوێنی دانانی USB بۆ فلاش میمۆری، دانانی میمۆری کارت، هەروەها پۆرتی USB C تێدایە. دەکرێت وەك شاشەی لاوەکی کۆمپیوتەریش سەیر بکرێت. لەسەر شاشەکە گەرمی RAM, CPU کۆمپیوتەر نیشان دەدرێت. دەکرێت ئەلبۆمی وێنەی نیشان بدات و هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کاری هونەری مۆسیقا دەکەن دەکرێت شاشەیەك بۆ نیشاندانی نۆتەکان سەیر بکرێت. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ماك و ویندۆز دەگونجێت. پرۆگرام نووسەکان دەتوانن ئەو شاشەیە وەك شاشەی دانانی کۆدەکانی پرۆگرامێك بەکار بێنن. کێشێکی کەمی هەیە تەنیا ٢٥٠ گرامە.








# ئامێرێک بۆ کاری پیشەیی دیجیتالی

هەرچەندە کۆمپیوتەر و مۆبایل کارئاسانییەکی زۆریان بۆ بواری پیشەیی ئەویش پیشەی گرافیك و ستۆدیۆ و دیزاین کردووە. بەڵام کۆمپیوتەر و مۆبایل بۆ کەسێك کە کاری پیشەیی دەکات وەڵامدەرەوەی هەموو نییە و بۆ کارئاسانی لەو ئەرکانەدا پێویستە ئامێری دیکەش بە کار بێنی.

یەکێك لەو ئامێرانە کە بواری ئاسانکاری لە هەموو ئەرکەکانی کۆمپیوتەردا سوودی لێوەردەگیردرێت ئامێری Mbox n4 کە لە ڕاستیدا دەکرێت وەك شۆڕشێك لە ئاسانکاریدا سەیر بکرێت. لە ئامێرەکەدا دە دوگمەی مایکرۆی تێدایە کە بەکارهێنەر بە ویستی خۆی فەرمانەکانی بۆ دادەنێت. بۆ نموونە یەکێك لە مایکرۆکان بە فۆتۆشۆپ و یەکێك بە ئافتەر ئیفێکت و یەکێك بۆ پرۆگرامێکی دیکە بەکار دێنیێ. هەروەها دەکرێت هەر لەو پرۆگرامانەشدا فەرمانی ئاسانکاریان بۆ دابندرێت وەك بەرز و نزم کردنی ڕەنگ و ڕووناکی و دەنگ. جگە لەو دە مایکرۆیە، چوار دوگمەی سووڕاندنی تێدایە بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆی ئەو دوگمانە بەتەواوی بەسەر پرۆگرامی مەبەستی خۆیدا زاڵ بێت. لە ڕێگای دوو پۆرتی USB و دوو پۆرتی Tab C لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی فیلم

هونەرمەندانی بواری سینەما مافی خۆیانە زۆر لە زیرەکیی دەستکرد بێزار بن، چونکە ڕۆژێك دادێت بەهۆی ژیریی دەستکردەوە فیلمێکی سینەمایی ئاست بەرز بەرهەم بێت کە لە سیناریۆ و دەرهێنان و ڕۆڵی ئەکتەرەکان و...تاد مرۆڤ ڕۆڵ نەبینێت و هەمووی بە ژیریی دەستکرد بکرێت. بۆ نموونە ژیریی دەستکردی run-wayml کە هەموو ئەو توانایانەی لە بواری بەرهەمهێنانی فیلمی سینەماییدا هەن لەو ژیرییەدا هەست پێدەکرێت. هەم فیلمی سینەمایی پێ بەرهەم دێت و هەم ئەنیمەیشن و کارتۆنی. تەنانەت کامێرای مەجازی تێدایە، دەرهێنەری فیلم دەتوانێت لە چ گۆشەیەکەوە فیلمەکە هەڵبگیرێتەوە. دەتوانی کاری ریکلام پێبکەی.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری

لە فایلی ITدا گەلێك جاران پرۆگرامی تایبەت بە دروستکردنی فیلمی فێرکاریمان ناساندووە و توانا و تایبەتمەندییەکانیمان خستۆتەڕوو. پرۆگرامی Mirillis Action یەکێکە پرۆگرامە ناسراوەکانی ئەو بوارە.

پرۆگرامی ناوبراو بە کوالیتی فوول ئیچ دی فیلم هەڵدەگرێتەوە و کوالیتی هەڵگرتنەوە و تۆمارکردنی فیلمەکان زۆر بەرزە. جگە لە فیلم هەڵگرتنەوە بە کوالیتی زۆرباش دەنگیش تۆمار دەکات، فرێمی تایبەت بۆ هەر ساتێکی فیلم هەڵگرتنەوە. لەگەڵ زۆربەی تەکنەلۆژییە گرافیکییەکان دەگونجێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- ئەوپەڕی کوالیتی بەرز لە تۆمارکردنی فیلمدا. توانای فیلم هەڵگرتنەوە لە یارییە گرافییەکان بەبێ پچڕان و تێکچوونی کوالیتی. دیاریکردنی ڕێژەی فرێمەکانی پێویست بۆ فیلم هەڵگرتنەوە. جگە لە فیلم دەتوانێت وێنەش بگرێت. دابەزاندنی فیلمەکان ڕاستەوخۆ لە کەناڵی یۆتیۆبدا و زۆر تایبەتمەندی دیکەشی تێدایە.



# دیكۆری ڕەف و دەلاقە بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەكەت



ئەگەر خواستت وایە دیكۆری ماڵەكەت بەرچاو و ڕازاوە بێت، دەتوانیت بەشێكی زۆری دیكۆرەكەت بە ڕەف و دەلاقە بڕازێنیتەوە، پێویستە ئەو ڕەف و دەلاقانەش لەم شوێنانەدا دابنرێن:

تەنیشت پەنجەرەكان: كاتێك نیازت وایە ڕەف بۆ دیكۆری ماڵەكەت دابنێیت، دەكرێت لە تەنیشت پەنجەرەكانەوە بێت، هەروەها دەكرێت لە دیوار ببەسترێت، یان بە سەقفەوە هەڵبواسرێت، بۆ ئەوەی جوانتر دەربكەوێت.

ژووری نووستن: پێویستە ڕەف لە ژووری نووستندا هەبێت، بۆ دانانی كەرەستە و كتێب یان كەرەستەكانی دیكەی بەردەست، وا چاكە لە تەنیشتێكی سیسەمەكەتدا بن، تا بە ئاسانی دەستت پێیان بگات.

ژووری دانیشتن: هەوڵ بدە ئەو ڕەفانەی بۆ كتێب و گوڵدان بەكاریان دەهێنیت، با لە ژووری دانیشتنتدا بن، چونكە كاتێك هاوڕێ و خزمان میوانت دەبن، لەوێوە ڕاستەوخۆ سەرنجیان دەچێتە سەر بە ڕەف و جوانكارییەكانی ناو ماڵەكەت.

دەلاقەی ژووری نانخواردن: بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی دیزاینی ئێستادا ژووری نانخواردن بچووكن، وا باشترە لە جیاتی ڕەف، دەلاقەی بۆ درووست بكەیت، بەمەش دەتوانی زۆربەی كەلوپەلەكانت بخەیتە نێو دەلاقەی ژوورەكە.

## شێوازەكانی گرنگیدان بە برۆ



وەك ئاشكرایە برۆ تەواوكەری جوان دەركەوتنی چاوە، چونكە پێكەوە دیمەنێكی سەرنجراكێش دەبەخشن، كاتێ كە خاوەنی چاوێكی گەش و جوانیت، بەڵام مۆدی ڕێكخستن و شێوازی برۆكانت جوان و گونجاو نین، ئەوا چاوەكانیشت بەپێی پێویست جوان دەرناكەون، كاتێكیش دەستكاریی برۆت بكەیت بە مەبەستی ڕێكخستن، یان زیاتر بەرزكردنەوەیان، ئەوا دواتر هاتنەوەی مووەكان كێشەت بۆ دروست دەكەن، چونكە كاتێك بەشی سەرەوەی برۆت دەستكاری دەكەیت، ئەوكاتە وردە مووی دەوروبەری ئەو شوێنەش چالاك دەبن، پاشان بە ڕەقی و بە تاڵی ئەستوورتر دێنەوە، بەم چەشنە مووە بەرزەكانی دیكەش كە هەڵكەندراون، دەردێنەوە و جوانیی برۆكانت دەشێوێنن، مووی برۆت تا ئاست و سنووری خۆی دیاری بكە، چونكە كاتێك زیاتر لە ئاستی خۆی بەرزی بكەیتەوە، ئەوكاتە هێڵی برۆت دەگۆڕێت و تێك دەچێت، بۆیە پێویستە لە كاتی چاككردن و ڕێكخستنیدا، سنوورو هێڵی برۆكانت لەبەرچاو بگریت .



# هەندێک ڕێگەی سرووشتی بۆ چارەسەرکردنی کونیلەکانی دەموچاو

کونیلەکانی دەموچاو یەکێکن لەو پرسە جوانکارییە باوانەی کە کاریگەرییان لەسەر ڕوخسار هەیە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی نیگەرانی لە دەرکەوتنی کونیلەکانی پێست بە هۆکاری جیاوازەوە. لێرەدا چەند ڕێگەیەکی سرووشتی کاریگەر دەخەینە ڕوو بۆ چارەسەرکردنی کونیلە گەورەکانی ڕوخسار، وەك:

لیمۆ: لیمۆ لەگەڵ کەمێك ئاودا تێکەڵ بکە و بە بەکارهێنانی پارچەیەك لۆکە دەموچاوتی پێی بسڕەوە، ئەمەش وەکو خاوێنکەرەوەیەکی سرووشتی کار دەکات و چەوریی زیادە کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر پێستت هەستیارە، دوور بکەرەوە لە بەکارهێنانی.

ماست: ماست وەك ماسکێك لەسەر ڕووخسارت بەکار بهێنە بۆ ماوەی ٢٠ خولەك، پاشان بیشۆ، ماست ترشی لاکتیکی تێدایە، کە یارمەتیدەرە لە داماڵینی توێژاڵی مردووی پێست و پاککردنەوەی کونیلەکانی.

شۆفان: شۆفان لەگەڵ ئاو تێکەڵ بکە بۆ ئەوەی هەویرێك دروست بکەیت، بیدە لە دەموچاوت و بۆ ماوەی ١٥ خولەك بەجێی بهێڵە، پاشان بیشۆ، ئەمەش یارمەتیدەرە لە نوێکردنەوەی پێست و دەرکردنی چەوریی زیادە.





# چاوی مێینەی نەهەنگی شین

وێنەیەکی سەر سوڕهێنەرانە لە لایەن فۆتۆگرافەر «ڕاشیل مۆر»ـەوە گیراوە، کە چاوی مێینەی نەهەنگی شین و بەهۆی جوانی و سەرنجڕاکێشیی چاوە سحراوییەکانییەوە بە بەناوبانگترین نەهەنگی جیهان ناسراوە. چاوەکانی بە چینێکی ئەستووری پارێزەری چڕ دەپارێزرێن، کە تایبەتە بە شیردەرە دەریاییەکان، ئەمەش یارمەتیی گەرمبوونی نەهەنگەکە دەدات و لە زیانەکانی دەیپارێزێت، هەروەها دەتوانێت ماددەیەکی هاوشێوەی جێڵ دەربدات بۆ پاراستنی خۆی.

## یاسا



**نەدانی پارەی کەرەستە**

هێنانی کەرەستە بە قیست و نەدانەوەی پارەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر یان لە ماوەی دیاری کراوی خۆیدا، کە کەسەکە پارەی نەبێت یان هەبێت و نەیداتەوە، بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەپێی یاسای جێبەجێبەکردن لە هەرێم و عێراق ئەگەر قەرزار خوار تەمەنی ١٨ ساڵ بوو، ئەگەر شکاتی لێ بکرێت ئەوا ناکرێت لەسەری زیندان بکرێت، و ئەگەر قەرزار تەمەنی ٦٠ساڵ زیاتر بێت یان نەخۆشییەکی بێ چارەسەری هەبوو، یان زۆر هەژار بوو، یان ئەگەر فەرمانبەر بوو، ناکرێت زیندان بکرێت.

## کاریکاتێر



بە مانای هاوکاریی نێوان پیاو و ئافرەت دێت، ئەو کاتەی ئافرەتان پاڵپشتی پیاوەکانیانن، دەبنە گەورەترین هەنگاو بەرەو سەرکەوتن.

## دیمەنە سەیرەکان



**قەبارەی ڕاستەقینەی ددانەکان**

ددان چەندەی بەدەرەوەیە، هێندەی دیکەش لە ناو پووکدا لق و پۆپی هەیە، لەم دیمەنەوە قەبارەی ددانەکان دیار دەکەون.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

دەتوانیت هەموو ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەیت کە پێت دەسپێردرێت، کەسانی چواردەورت متمانەی تەواویان پێتە، هەوڵ بدە متمانەیان نەدۆڕێنیت، لە لایەنی پیشەییەوە ستایش دەکرێیت لە لایەن خاوەن کارەکەتەوە، ئەم چەند ڕۆژە پشوو وەربگرە بۆ ئەوەی ماندووبوونی زۆر کاریگەریی لەسەر تەندروستیت نەبێت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

مەرج نییە تەنیا بۆ ئەوەی تواناکانت بۆ کەسانی چواردەورت بسەلمێنیت ئەو کارانە ئەنجام بدەیت کە لە توانای تۆدانین، نیگەران مەبە دەربارەی خۆشەویستەکەت، هەوڵ بدە کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەیت لە پێناو بەهێزبونی پەیوەندییەکەتان، لەپێناو تەندروستیتدا لە خواردنە خێراکان دوور بکەوەرەوە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەنی تەندروستیی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت، لە کاتی بڕیاردان زۆر وریابە، لە لایەنی سۆزدارییەوە بەڵێنێك مەدە کە توانای جێبەجێکردنیت نەبێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت لاوازن، هەوڵ بدە زیاتر گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی چواردەورت بکەیت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

بوێربە و خۆزگەکانت بە کەسانی چواردەورت بڵێ، دواتر چەندین کاردانەوەی ئەرێنی دەبینیت، هانت دەدەن بۆ ئەوەی بە خەون و خۆزگەکانت بگەیت، پاڵپشتی دەکرێیت لە لایەن کەسانی چواردەورتەوە بەتایبەتی لە لایەن هاوپیشەکانتەوە، بۆ ئەوەی پلانەکانت بەو شێوەیە ئەنجام بدەیت کە خۆت دەتەوێت، پێویستە متمانەت بە خۆت هەبێت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

باشترە ئەو کارانەی لە لایەنی پیشەییەوە دەیکەیت بە تیم بێت و لەگەڵ هاوپیشەکانت هاوکاری یەکتر بن، خۆشەویستیت نیشان بدە بۆ ئەوکەسانەی خۆشت دەوێن، ئەگەر وەرزش بکەیت بە بەشێك لە ڕۆتیناتی ژیانت تەندروستیت لە هەموو ڕوویەکەوە بەرەو باشتر دەڕوات.


**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ڕەنگە گرفت بێتە بەردەمت و شتەکان بەو شێوەیە نەبن کەتۆ دەتەوێت، خۆت لە بەردەم دۆخێکی سەختدا دەبینیتەوە، لەم کاتەدا پاڵپشتیکردنی کەسانی چواردەورت یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئەم دۆخە تێپەڕێنیت، هەوڵ بدە کێشەکانت تێکەڵ بە ژیانی سۆزداریت نەکەیت.



## پەند و وتە

ئەلیخاندرۆ جودۆرسکی پرۆلانسکی، بە ناوی چیلیان ئەڤانت گاردی فەرەنسی ناودارە، لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری تۆکۆپیلا لە وڵاتی چیلی لەدایك بووە و دواتر ڕەگەزناکەی فەرەنسیی وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئازادیی بیرکردنەوە دەڵێ: ئەو باڵندەیەی لە نێو قەفەس و شوێنی داخراودا دێتە دونیاوە، دواتر وادەزانێ کە فڕین تاوانە، ئەمەش پێچەوانەی نەریتی خۆیانە.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە، دەورووبەری بە شێوەیەك دەردەکەوێت کە کۆڵانێك بێت، هەوڵ بدە بزانیت شوێنەکە ڕاستەقینەیە یان وێنەیەی کۆڵانەکە لەسەر دیوار کراوە.

بۆ زانیاریت

## گۆڕانی کەش و هەوا- Climate Change

گۆڕانی کەشوهەوا ئاماژەیە بۆ گۆڕانی درێژخایەن لە پلەی گەرمی و شێوازەکانی کەشوهەوادا، ئەم جۆرە گۆڕانانە دەشێت سرووشتی بن، بەهۆی گۆڕانکاری لە چالاکی خۆر، یان تەقینەوەی گڕکانی گەورە، بەڵام لە ساڵانی ١٨٠٠ەکانەوە چالاکییەکانی مرۆڤ هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی کەشوهەوا بوون، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی سووتاندنی سووتەمەنی و هەڵکەندنی کانەکان بۆ خەڵوز و نەوت و گاز، سووتاندنی سووتەمەنییە بەردینەکان دەبێتە هۆی دەردانی بڕێکی زۆری گازی گرین هاوس green house کە چینێك بە دەوری زەویدا دروست دەکات و گەرمیی خۆر دەگرێت و پلەی گەرمی بەرز دەکاتەوە. زانای ئەمریکی «کارڵ ساگان» لە کۆنگرێیەکی ساڵی ١٩٨٥ لە واشینگتۆن باسی مەترسییەکانی گەرمبوونی کەشوهەوا دەکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤایەتی دەتوانێت ڕووبەڕووی گەرمبوونی کەشوهەوا ببێتەوە، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنەکانمان لە زانست و تەکنەلۆژیا کارێکی قورس نییە.



فیلم

## دیوە شاراوەکانی پاریس - Under Paris




فیلمێکی ترسناك و جەنگە، باس لە پاراستنی شاری پاریس و بوونی بە گۆماوێکی خوێن دەکات، کە لە لایەن قرشێکی زەبلاحەوە هێرشی دەکرێتە سەر، دواتر زانایانی دەریایی بە ڕێگەی زانستیی خۆیان هەوڵی پاراستنی شارەکە دەدەن، فیلمەکە لە وڵاتی فەرەنسا بەرهەم هێنراوە، لە دەرهێنانی: خاڤێر جینس، لە نووسینی نیکۆلاس زافارت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤١ خولەکە، لە نواندنی: ناسم لایس، بریکنسی بیجۆ، لیا لیاڤانت، نیگیسا مۆنیتۆ، ئان مارقیان.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە کاتی تووڕەیی و نیگەرانیدا بڕیار مەدە دەربارەی لایەنی داراییت، چونکە زیانت پێ دەگەیەنێت، لە کاتە بەتاڵەکانتدا ئەو چالاکییانە ئەنجام بدە کە دڵخۆشت دەکات، دوور بکەوەرەوە لە بیرکردنەوەی زۆر دەربارەی چەند بابەتێکی بێسوود.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە لایەن کەسانی چواردەورتەوە ڕەنگە بێویژدانیت بەرامبەر بکرێت، پێویستە زیاتر چاوکراوە بیت، لەگەڵ ئەوەی ئارەزووی گۆڕانکاری دەکەیت لە شێوازی ژیانتدا، بەڵام ترست هەیە لەوەی شێوازی ژیانت بگۆڕیت، باشترە چاونەترسانە بڕیار بدەیت، لە لایەنی پیشەییەوە هیچ بەربەستێك نایەتە پێشت و هەمو شتێك ئاساییە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە هەست بە ئارامی دەکەیت، ئەگەر دەتەوێت کارەکەت بەرەو پێشەوە بەریت، بە متمانەبەخۆبوونەوە کارەکانت ئەنجام بدە، دەتوانیت بە ئاسانی ڕووبەڕووی هەر بەربەستێك ببیتەوە کە دێتەپێشت، تەندروستیت لە ئێستادا زۆرباشە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


توانای ئەنجامدانی کاری زۆرت نییە و پێویستت بە پشووورگرتن هەیە، ئەگەر لەبارەی پەیوەندیی سۆزداریتەوە ژیرانە بیربکەیتەوە، بە ئاسانی بەسەر ناکۆکییەکانتاندا زاڵ دەبیت، سترێس بۆ تەندروستیت مەترسیدارە، هەوڵ بدە خۆتی لێ بەدوور بگرە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ئێستا پەیوەندیی سۆزداریت لە ئاستێکی زۆر باشدا نییە و هەست بە بێهیوایی دەکەیت، بەهۆی زۆریی سترێسەوە سەرنجت لەسەر پیشەکەت کەم بووەتەوە، تەندروستیت بە گشتی باشە، بەڵام لە لایەنی دەروونییەوە نائارامیت، پێویستت بە پاڵپشتی کەسانی چواردەورت هەیە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەموو شتێك لە ئێستادا بە ڕێڕەوێکی باشدا دەڕوات و پێویستە ناکات نیگەران ببیت، دەتوانیت بەسەر هەر بەربەستێکدا زاڵ ببیت کە دێتە پێشت، باشترە لە لایەنی پیشەییەوە ژیرانە تواناکانت بەکار بهێنیت بۆ ئەوەی بەسەر کێشە سۆزدارییەکانی ژیانتدا زاڵ ببیت، پێویستە لەگەڵ خۆشەویستەکەت گفتوگۆ بکەیت و لێبوردەبن بەرامبەر یەکتر.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




**www.gulanmedia.com**

Weekly Gulan
November 11, 2024 Issue,No.1438


Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591
www.time-net.net
khabat stree, Erbil,Iraq

